هزری ڕۆژئاوایی نوێ

# ئاوابونی هزره تۆباوییەکان
# لە ڕۆژئاوادا

ئایزایا بەرلین

کامیل محەمەد قەرەداغی
کردویەتی بە کوردی
٢٠٠٠/٣/٥

## پێشەکی چاپی ئینگلیزی:

*ناونیشانی ئەم کتێبە لە وتەیەکی (کانت)ەوە وەرگیراوە، کە یەکێکە لە گەواهەییە کاریگەرەکانی لای ئایزایا بەرلین (لە ڕێسی مرۆڤی گەندەڵ هەرگیز هیچ شتێکی ڕاست دروست ناکرێت)[1]. ئەم کتێبە چوار وتاری تێدایە، کە لە کۆی هەشت وتاری چاپە ئینگلیزییەکەی ساڵی (١٩٩٠) هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی بکرێن بە عەرەبی و (ئێمەش لەو وەرگێڕانە عەرەبییەوە کردوومانە بە کوردی)[2] (بەڵام ئێمەش دووانیانمان وەرگێڕاوە)[3].

ڕەنگە خوێنەران حەزبکەن ئەوە بزانن کە ئەو کتێبەی بە ئینگلیزی بڵاوکرایەوە، یەکێکە لەو پێنج کتێبەی کە زۆربەی وتارە بڵاوکراوەکانی ئایزایا بەرلینیان تێدابووەو، تا ئەوکاتەش هیچ کۆمەڵە وتارێکی بەو شێوەیە بە یەکەوە دەست نەکەوتون. زۆربەی ئەو کتێبانەی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٨ و ١٩٨٠)دا چاپکراون. ئەوانیش ئەمانەن (بیریارانێکی ڕوسی/ چەمك و وتەزاکان/ چەند وتارێکی فەلسەفی/ دژە ڕەوت/ چەند وتارێك لە مێژوی هزر/ چەند ئینتباعێکی تایبەتی).

کتێبی "دژە ڕەوت"ە کە بیبلۆگرافیایەکی کارە بڵاوکراوەکانی ئایزایا بەرلینی تێدایەو لەم دواییانەدا لە ساڵی (١٩٩١)دا و لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد داو لە بەرگێکی کاغەزیندا بڵاوکرایەوە. جاران

نوسینەکانی بەرلین پەرش و بڵاوبوون، زۆریان لەسەر بابەتی فەرامۆشـکراوبوون، زۆربـەیان بڵاونەکرابونـەوە، تەنـها نیـو دەستەیەکی ئەو وتارانە کۆکرابونەوەو لە (چوار وتار لەسەر ئازادی ١٩٦٩/ ڤیکتۆرو هێردەر: دوو لێکۆڵینەوە لە مێژوی هزرەکان- ١٩٧٦)دا سەرلەنوێ چاپکرانەوە.

وردەکاریی چاپە ڕەسەنەکەی ئەم وتارانەی ئێرە بەم شێوەیەن:

وتاری یەکەم (شـوێنکەوتنی، نمونـەیی) دەقێکـی کورتکراوەی موحازەرەیەکە، لە ئاهەنگێکدا لە (١٥/ فەبرایەر/ ١٩٨٨) لە تۆریـن پێشکەشـکراوە، کە تێیدا نوسـەر لەسـەر (ڕەهەندی ئاکاری لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان)دا خەڵاتی یەکەمی سەناتۆر جیۆڤاتی ئەگنیلەلی نێودەوڵەتیی وەرگرت، پاشتر دەزگای ئەگنیلەلی بە شێوەیەکی تایبەتی وتارەکەی بە هەردوو زمانی (ئینگلیزی و ئیتالیایی) چاپکردو لە (١٧/ ئادار/ ١٩٨٨)دا لە گۆڤاری ڕەخنەگرانەی نیویۆرکیشدا بڵاوکرایەوە. دەزگایەکی ژاپۆنیش لە تۆکیۆ لە ساڵی ١٩٧٨دا وتاری دووەم (ئاوابونی هەتاوی هزرە تۆباوییەکانی ڕۆژئاوا)ی بڵاوکردەوە. پاشان جارێکی تر لە بڵاوکراوەکانی (ج.م. پۆرتەرو ڕیچارد ڤێرنون)داو لە پەرتوکی (یەکێتی و فرە لایەنیی و سیاسەت) چەند وتارێك بۆ ڕێزنان لە "ف. م. بەرنارد" لەندەن و سیدنی ١٩٨٦: (کرۆم هێلم)دا بڵاوکرایەوە.

وتاری سێیەم (یەکێتیی ئەوروپاو هەڵگەڕانەوەکانی) لە (٢١/ نۆڤمبەر/ ١٩٥٩)دا لە کۆنگرەی سێیەمی دامەزراوی ڕۆشنبیریی ئەوروپایی لە ڤییەنا خوێنراوەتەوە، و هەر لە هەمان ساڵدا هەمان دەزگا لە ئەمستردام (بە ئینگلیزی و فەرەنسی) بڵاوی کردۆتەوە. وتاری چوارەمیش (کێرڤی چەماوە: دەربارەی سەرهەڵدانی نەتەوەیی) لە ساڵی ١٩٧٢دا لە ژمارە (٥١)ی گۆڤاری (کاروباری بێگانە)دا بڵاوکراوەتەوە.

***هێنری هاردی/ دیسەمبەری ١٩٩٢***

**پەراوێز:**

١-کانت- سەرجەمی کارەکانی بەرلین- ١٩٠- بەرگی هەشت- ل ٢٣.

٢-نوسراوی ناو کەوانەکە هی وەرگێڕی کوردییە.

٣-هەردوو وتارەکە لەو کتێبەدا وەرگێڕدراون کە (سمیە فلّو عبود) کردویەتی بە عەرەبی.

## شوێنکەوتنی، نمونەیی (ئایدیالی)

بە بۆچونی من، لە سەروی هەموو فاکتەرەکانی ترەوە دوو فاکتـەر هـەن، لـەم سـەدەیەدا ڕەوتـی مێـژوی مرۆییـان دەستنیشانکردوە، یەکێکیان پەرەسەندنە لە بواری زانستە سروشـتیەکان و تەکنـەلۆژیادا، کـە بـە دڵنیاییـەوە ئـەوە سەربردەی مەزنترین سەرکەوتنە کە لەم چاخـەماندا هاتۆتـە دی و، لە هەمو کونجێکی جیهانەوە بە شێوەیەکی فراوان و بە زۆری گرنگیی پێدراوە.

دووەمیشیان بێگومان لەو باهۆزە ئایدیۆلۆژییە گەورانەدا حەشاردراوە کە بە کردەوە ژیانی هـەموو ڕەگـەزی مرۆییـان گـۆڕیً: وەك شۆڕشـی ڕوسـی و ئەنجامـەکانی، حکومەتـە سەرکوتکارەکان –ڕاستڕەو چەپڕەو وەکـو یـەك، تەقینـەوەی کێشە نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستییەکان، لە چەند شوێنێکیش دەمارگیریی ئـاینی بـاوە، ئەمەشـیان مایـەی سـەرنج لێدانـە، چونکە یەکێك لە دیارترین بیریارە سۆسیۆلۆژییەکانی سەدەی نۆزدە کە لە هەمویان وردبینترە پێشبینی ئەوەی نەکردبو.

ئەگەر دوو سێ سەدە پاش ئێستا (ئەگەر مرۆڤ توانی تا ئەوکاتە بمێنێتـەوە) وەچـەکانمان بکەونـە چاوخشـاندن بـەم سـەردەمەی ئێمـەدا لـەو بڕوایـەدام کـە ئـەم دوو دیاردەیـە بـەدیارترین خەسـڵەتەکانی ئـەم سـەردەمەمان دادەنرێـت و شیکردنەوەو پەرژێنکردنی پتریشیان دەوێ. بەڵام ئەوەش بە سودە هەستبکەین کـە ئـەم بزاڤـە گەورانـە بـە چـەند بـیرێك

دەستیان پێکـردوە کـە لـە زەینـی خـەڵکدا گەڵاڵـە بـون: وەك بیرکردنەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان خەڵك، چۆن بون؟ چییان لێهاتووە دەبێ لـە داهـاتودا چۆنـبن؟ یـان پێویسـتە چۆنـبن؟ هەستبکەین کە چۆن بە بەهانـەی بونـی تـێڕوانینێکی وا لـە زەینی سەرکردەکاندا کە ئامانجێکی نمونەیی لە پشتەوە بێ، یان لەوەش گرنگتر، وەرچەرخان لەو بیرانەدا ڕویانداوە.

چـەند بیرۆکەیـەکی لەمشـێوەیە مـادەی زانسـتی ئاکـار (ئاکارناسـی) دروسـت دەکـەن و پێـك دەهێـنن. بیرکردنـەوەی ئاکاری لە پشکنینی ڕێکخراوەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و ئەو چەمك و بەرژەوەندی و نمونە باڵایانەی کە ئامرازەکانی بەیەکـەوە مامەڵـەکردنی خـەڵکیان لێـوە هـەڵدەقوڵێ، لـەو پۆلاندنی بەهایانەی کە چەند ئامانجێکی هاوشێوەی ژیانیان لەسـەر ڕادەوەسـتێ، پێکدێـت. ئـەم قەناعەتانـە بابەتـەکانی توێژینەوەی ئاکارین کە لەو ڕێگایانە دەدوێن کە دەبێ مرۆڤ ژیـانی خۆیـی پێبگوزەرێنـێو ئایـا پیـاوان و ژنـان پێویسـتە چۆنـبن و دەبـێ چیبکـەن؟ کـاتێکیش ئـەم بۆچونانــە بەسـەر کۆمـەڵ و بەسـەر وڵاتـان و هـەموو مرۆڤـدا بـە کـردەوە پیـادە دەکرێن، ئەوکاتـە نـاوی (فەلسـەفەی سیاسـی)یـان لێدەنـرێ. واتــە فەلســەفەی سیاســی لــە ئاکــارێکی بەســەر کۆمــەڵدا پیــادەکراو بــەولاوە چیدیکــە نیــە. ئەگــەر بۆمــان هــەبێ تێگەیشـتنی ئـەم جیهانـە بخوازیـن کـە تێیـدا دەژیـن و بـە (تونوتیژی– عنف) ناسراوە، ناتوانین تەنها گرنگی بدەین بە هێزە بابەتییە گرنگە سروشتییەکان و ئەوانەی لە دەستکردی مرۆڤـن و کارمـان تێدەکـەن (ئەگـەر هـەوڵی تێگەیشتنیشـی

نەدەین، پێمان وانیە بتوانین کاری ئاوەزکاریی تێدابکەین و سازی بدەینەوە).

پێویستە لە ڕۆشنایی هەمو ئەو شتانەدا کە دەزانین و تێدەگەین، سەیری ئەو ئامانج و هاندەرانە بکەین کە ئاراستە بە کردەی مرۆیی دەدەن. دەبێ بە هەموو ئەو ئامرازە هزرییانەی کە هەمانن ڕەگ و گەشەسەندن و چێتییو، پێش هەموو ئەمانەش گونجاوییەکەیان ڕەخنەگرانە بپشکنین. ئەم پێویستیە جەختکارە، بە چاوپۆشینیش لە گرنگیی ئاشکراکردنی ڕاستیی پەیوەندییە مرۆییەکان، وا لە ئاکارناسی دەکات بوارێك بێت گرنگییەکی سەرەکیی هەبێ.

ئەوانە هەر تەنها هەمەجیەکان نین کە دەپرسن لە کوێوە هاتون، بۆچی لەو شوێنەدا پەیدابون کە ئێستە خۆیانی لێن؟ و دەکرێ بەرەو کوێ بچن و ئایا حەزدەکەن بەرەو ئەوێ بچن؟ ئایا ئەوە ڕاستە گەر وا بکەن؟ بۆچی؟ ئەگەر وا نەبو، بۆچی وانیە؟ لێکۆڵینەوە کردن لەسەر چەند بیرۆکەیەکی جۆراوجۆر لەسەر ئەو زانیارانەی ژیان کە ئەم نەریت و ئامانجانە بڕیار لێدەدەن، مەسەلەیەکە چل ساڵی ناو تەمەنی درێژی خۆمم تێدا خەرج کردوە، هەوڵمداوە بۆ خۆمی ڕونبکەمەوە. حەزدەکەم قسە لەوە بکەم کە چۆن نوقمی ناو ئەم بابەتە بوم، بە تایبەتیش لەسەر خاڵی وەرچەرخانێك کە بیرکردنەوەمی دەربارەی کرۆکەکەی گۆڕی. ئەوەی گومان هەڵناگرێ ئەوەیە ئەم گێڕانەوەیە تا ئاستێك لە ژیاننامە دەچێ، بۆیە لەمروەوە داوای لێبوردن دەکەم، چونکە شێوازێکی لەوە باشتری نوسینم نەدۆزییەوە.

## II

هێشتا هەر لاو بوم کە ڕۆمانی شەڕو ئاشتیی تۆڵستۆیم خوێندەوە. ئەو خوێندنەوەیە خوێندنەوەیەکی زۆر زو بو، پاشتر کاریگەریی ئەو ڕۆمانە مەزنەو چەند نوسەرێکی تری ڕوسیی ڕۆماننوس و بیریاری کۆمەڵایەتیی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لەسەر دەرکەوت. ئەو نوسەرانە تا ئاستێکی زۆر بەشدارییان لە دەستنیشانکردنی گۆشەنیگای مندا کرد. ئەو کاتەو ئێستاش وامدێتە پێشچاو کە ئامانجی ئەو نوسەرانە (بە پلەی یەکەم) ئەوە نەبوە کە ڕانانێکی واقعی دەربارەی کەسەکان و گوزەرانییان و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوانیان، یان دەربارەی توێژو چینە کۆمەڵایەتییەکانیان پێشکەش بکەن واتە نیازیان بە شیکردنەوەی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی نەبوە. ئەگەرچی کە باشەکانیان بە شێوەیەکی بێوێنە ئەو کارەیان ئەنجامداوە. وا دەهاتە پێشچاوم کە ڕێبازەکەی ئەوان بە پلەی یەکەم ئاکاری بوە. ئەوان بە قوڵیی گرنگییان بەو پاڵنەرانە دەدا کە ستەم و چەوساندنەوەو ڕیاییکاریی ناو پەیوەندییەکانی خەڵك و گرفتارییان لێدەکەوتەوە. ئیتر ئەوە لە پشتی دیوارە بەردینەکانەوە ڕوبدات، یان لە میانەی ڕاهێنان و گونجان و ملکەچکردنی بێ ناڕەزایی دەربڕین لەو پەیوەستانەی لە داهێنانی مرۆڤن، یان ناڕەزایی دەربڕین لە دژی لە دەستدانی ئاکار، خۆپەرستی و سەرسەختی، سەرکوتکردن و

ملکەچکردن، هەژاری و سستی، نەهامەتی تاڵ و نائومێدیی ژمارەیەکی زۆری خەڵك. بە کورتی ئەوان گرنگییان بە سروشت و بە ڕەگەکانی ئەم ئەزمونانە دەدا لە باری مرۆڤداو بە پلەی یەکەمیش لە باری ڕوسیادا، بەڵام بەبێ ئەوەی وەزعی مرۆڤایەتی فەرامۆش بکەن. بە ئاراستەیەکی پێچەوانەشدا دەیانویست بزانن چ شتێك پێچەوانەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە، واتە سەروەریی ڕاستگۆیی و ئەویندارى و دڵسۆزی و دادپەروەری و دڵنیایی و پەیوەندیی بەستن لەسەر ئەگەری بونی کەرامەتی مرۆیی و گوزەرانی شیاوو سەربەخۆیی و ئازادی و دڵنەوایی لێدەکەوێتەوە.

هەندێك، وەك تۆڵستۆی ئەو شتە لە ڕەوشتی ئەو خەڵکە ساکارانەدا دەبینێ کە شارستانی گەندەڵی نەکردون، ئەویش وەك ڕۆسۆ دەیویست بەوە قایلبێ کە جیهانی ئاکاریی جوتیاران لە (جیهانی منالان) جیاواز نەبوە، واتە بە ئەو نەریت و دامەزراوە مەدەنیانەش نەشێوێنراوە کە لە شورەییە مرۆییەکانی وەك (تەماع و خۆپەرستی و گیاننابینایی)ەوە سەریانهەڵداوە.

ئەگەر خەڵك ئەو ڕاستییە ببینن کە لەلای قاچیانەوە دانیشتوە ئەوا دەکرێ جیهان دەرباز بکرێ، ئەگەر هەر تەنها سەیربکەن ئەو ڕاستییە لە ئینجیلە فەڵەییەکان و لە ئامۆژگارییەکەی چیادا دەبینن.

هەندێکی ئەو نوسەرە ڕوسانە متمانەی خۆیانیان داوە بە ڕەوتی ئاوەزکاریی زانستی یان بەو شۆڕشە کۆمەڵایەتی و

سیاسییەی کە لەسەر تیۆرێکی دروستی گۆڕانکاریی مێژوویی ڕاوەستاوە. هەندێکی تریشیان لەناو ڕێو ڕەسمە لاهوتییە ئەرسەزۆکسیەکاندا، یان لە دیموکراسیی ڕۆژئاوایی لیبراڵدا، یان لە گەڕانەوەدا بۆ ئەو بەها سلاڤییە دێرینانەدا بە دوای وەلامدا گەڕاون کە ڕیفۆرمەکانی پەترۆسی گەورەو پاشکەوتەکانی ئەو پەردەپۆشیان کردن.

خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم گۆشەنیگایانە ئەو قەناعەتە بو کە گرفتە سەرەکیەکانیش چارەسەریان هەیەو دەکرێ مرۆڤ بەو چارەسەرانە بگات، ئەگەر هەوڵێکی پێویست و لێبوراوانەی بۆ بخاتەگەڕ دەتوانێ لەسەر زەویش بیانهێنێتە دی. هەموویان بەوە قایل بون کە کرۆکی بونەوەری مرۆیی، تواناکەی دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی شێوەی ژیانی خۆیەتی، دەکرێ بە پشت بەستن بە نمونەی باڵای ڕاستەقینە کۆمەڵگاکان بگۆڕدرێن، ئەمەش لەو ڕێگەیەوە دەبێ کە بە ورەو دڵسۆزیەوە بڕوات بە نمونەکان هەبێ، ئەوان ئەگەر هەندێ جار وەك تۆڵستۆی وا بیریان کردبێتەوە کە مرۆڤ بە کردەوە ئازاد نیە، بەڵکو کۆمەڵە فاکتەرێکی دەرەوەی دەستەڵاتی خۆی ڕەوتەکەی بۆ دیاری دەکەن، ئەوا خۆیان، وەك تۆڵستۆی باش دەزانن کە ئەگەر ئازادی وەهمێك بێت، ئەوا ئەو وەهمەیە کە مرۆڤ بەبێ ئەو ناتوانێ بژی، یان بیربکاتەوە، ئەم بۆچونە لە پەیڕەوی قوتابخانەکەی مندا نیە، کە چەند نوسەرێکی یۆنانیو لاتینیشی تێدایە، بەلام ئامبالای بیرکردنەوەم بوە.

کـه لـه زانکـۆی ئۆکسـفۆرد بـوم بـه قوتـابی کەوتمـه خوێندنەوەی کاری فەیلەسوفە گەورەکان، بینیم کە کەسێتییە دیارەکانیش بە تایبـەتیش لـه بواری ئاکارو هـزری سیاسیدا بڕوایان بەوە هەبوە.

سـوکرات لـەو بڕوایـەدا بـو کـه ئەگـەر بکـرێ بـه چـەند ئامرازێکی عەقڵانی لە تێگەیشتنمان لە جیهانی دەرەوە یەقین (دڵنیـایی) بسـەلمێنین (ئـەی ئینکسـاگۆرس نەگەشـت بـەو ڕاستیەی کە هانگ هەر چەندە قەبارەکەی لە ئاسماندا بچوك دەربکەوێت، هێشتا چەند جارێك لە نیمچە دورگەی بیلۆپۆنیز گەورەترە؟) ئەوا شێوازەکان خۆیان بە دڵنیاییەوە لە بـواری ڕەوشـتی مرۆیـی و ژیـان و کـەیانی مرۆڤـدا یـەقینێکی هاوشـێوەمان پێـدەدەن. ئەمـەش دەکـرێ بـه دیالـەکتیکی ئاوەزکاری (عەقڵانی) بهێنرێتە دی. ئەفلاتۆن لەو بڕوایـەدا بـو کە دەستەیەك لەو خەڵکە سەلارە کە بە یەقینێکی هاوشێوە گەشـتون پێویسـته دەسـتەلاتی فـەرمانڕەواییکردنی خەڵکانێکی تریـان بدرێتە دەست کـە بـەهرەی ئاوەزکارییـان لەوان کەمترە. ئەمەش بە پێی پێویسـتی و خواسـتی چـەند شێوازێك دەبێ کە چارەسەرە ڕاسـت و دروسـتەکانی گرفتـه تایبـەتی و کۆمەڵایەتیـەکان سـەپاندویانە، ڕەواقیـەکان لـەو بڕوایـەدا بـون کـه گەشـتن بـەم چارەسـەرانە لـە توانـای هـەر مرۆڤێکدایە کە سور بێ لەسەر ئەوەی بە حوکمی لۆژیك بژی.
جولەکـەو فەڵـەو موسـوڵمانەکان (بوزیـەکان زانیـاریم کەمـه لەسەریان) لەو بڕوایـەدا بون کـه خـودا وەڵامـه ڕاستەکانی بـه

پەیامبـەرە هـەڵبژێردراو و خەڵکـە پیرۆزەکـەی خـۆی داوە، و ئەوانیش پەرژێنکردنی ئەو ڕاستیانەیان لە فێرکارانی لێهاتوو لە داب و نەریتەکانی خۆیان وەرگرت و پەسەندکرد.

ئاوەزکارەکـانی سـەدەی حـەڤدە لـەو بڕوایـەدا بـون کـە دەکـرێ بـە هـۆی شـێوەیەك لـە بینـایی میتافیزیاییـەوە، بـە پیادەکردنێکی تایبـەتیی ڕوناکیی ئەو ئاوەزەی کە بە هـەمو خەڵك بەخشراوە بگەین بە وەڵامەکان.

ئەزمونکارەکانی سەدەی هەژدە کەوتبونە ژێر کاریگـەریی ئـەو بـوارە ئەبسـتمۆلۆژیە نـوێ و فراوانانـەی کـە زانسـتە سروشتیەکان، ئەو زانستانەی لەسەر بنەمای ڕێگە تەکنیکی و بیرکاریەکان دروست بوبون، ئاوەڵایان کردن، و زۆری هەڵەو پڕوپوچیی ناو بیروبڕواکانیان لادا.

ئەزمونگـەرەکانیش وەك سـوکراتی پێـش خۆیـان، لـە خۆیانیـان پرسـی، بۆچـی هـەر ئـەم ئامرازانـە لـە داڕشـتنی کۆمەڵـە یاسـایەکدا سـەرکەوتو نـابن کـە لـە بـواری کاروبـارە مرۆییـەکاندا گفتوگۆ هەڵنـەگرێ. دەکرێ بەو ڕێگا نوێیانـەی کە زانستی سروشتی ئاشکرای کردون، ڕێکخستن بریێتە ناو بواری کۆمەڵایەتیشـەوە. دەشـکرێ بـە هـۆی تاقیکردنـەوەوە چـاودێریی ڕواڵەتـە هاوشـێوەکانیش بکـرێ و چـەند گریمـانێکیش دابڕێژرێـن و تـاقیش بکرێنـەوە. لەوانەیـە بـە پشتبەستن بەم گریمانانە یاساکانیش دابڕێژرێن، پاشانیش دەکـرێ لـەوە دڵنیـابین کـە یاسـاکان لـەو ناوچانـەدا کـە ئەزمونەکەیان تیادا ئەنجامدراوە کۆمەڵە یاسایەکی کۆگیرتر

بە دوای خۆیاندا دەهێنن، ئەمانیش لەلای خۆیانەوە چەند یاسایەکی کۆگیرتر بە دوای خۆیاندا دەهێنن و بەمشێوەیە بە پلە پلە. تا دەگات بە دامەزراندنی سیستمێکی گونجاوی مەزنی وا کە بە چەند پەیوەستێکی لۆژیکیی پتەو بە یەکەوە گرێدرابێ و دەشکرێ بە دارشتن و دەربرینی ورد، واتە بیرکاریانە دارێژرابێ.

سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئاوەزکاریانەی کۆمەڵگە، لە داهاتودا سنورێك دادەنێت بۆ ئاژاوەی هزری و ئاینی و بۆ سەروەریی هەڵاواردن و پروپوچی و بۆ ملدانی کوێرانە بەو بیروباوەڕانەی کە نەخراونەتە بەر تاقیکردنەوەو بۆ گەمژەکاری و درندایەتیی ئەو سیستمە سەرکوتکارانەی کە نەزانین هزری دروست و پتەوی کردن. کاری پێویست ئەوە بوە کە پێویستیە سەرەکیەکانیمرۆڤایەتی دەستنیشان بکرێو ئامرازی دابینکردن و پاراوکردنیان بدۆزرێتەوە. ئەمەش ئەو جیهانە ئاسودەو ئازادو دادپەروەرو چاکەکارو سازێنراوەی لێدەکەوێتەوە کە کۆندۆرسێ لە زینداندا ساڵی ١٧٩٤ بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش ڕەملی بۆ لێداوە. ئەم بۆچونە لە بنەمای هەمو بیرکردنەوەیەکی پێشەوتنخوازانەی سەدەی نۆزدەدا هەیە. هەروەها لە توێی زۆربەی ئەو هزرە ڕەخنەنگرییە ئەزمونگەریەشدا حەشاردرابو کە لە کاتی قوتابیێتیما لە ئۆکسفۆرد خۆمم لێدەدا.

## III

له قۆناغێکدا هەستمکرد لە نێوان هەمو ئەم بۆچونانەدا خاڵێکی هاوبەش هەیە، ئەویش نمونەی ئەفلاتۆنییە: لە پلەی یەکەمدا پێویستە بۆ هەمو پرسیارە ڕەسەنەکان تەنها یەك وەڵامی ڕاستەقینە هەبێ، تەنها یەك وەڵام و ئیتر وەڵامەکانی تری هەڵەن. لە پلەی دووەمیشدا ڕێگەیەکی متمانەپێکراو هەبێت و بگات بە ئاشکراکردن ئەم ڕاستیانە. لە پلەی سێیەمیشدا دەبێ وەڵامە ڕاستەکان کە پێیان دەگەین لەگەڵ یەکدا گونجاوبن و بە یەکەوە یەکپارچەییەك پێك بهێنن. چونکە ڕاستی هەر دەبێ لەگەڵ ڕاستییەکی تردا گونجاوبێ ئەمە بەڵگە نەویستێکە خۆمان دەمانزانی. ئەم جۆرە (هەمو شت زانییە) چارەسەری تەلیسمە ئاڵۆزەکەی گەردون بوە. کەوابێ سەبارەت بە زانستی ئاکارناسیش دەتوانین بزانین چۆن ژیانی نمونەیی، بە پێی پێویست بەسەر بنەمای تێگەشتنێکی دروستی ئەو یاسانە بێ کە حوکمی گەردون دەکەن.

ڕاستە ئێمە لەوانەیە هەرگیز نەگەین بەو باری تەواوە ئەبستمۆلۆژیاو ڕەنگە پتر لە پێویست ئاوەزمان کەم پرشت بێ، یان خۆمان گەمژەو گەندەڵ و گوناهکاربین و نەتوانین پێی بگەین. ڕەنگە پەمپەرە هزریەکان و ئەوانەش کە لەمپەری دەرەکین، زۆربن. سەرباری ئەوەش، وەك وتم، سەبارەت بەوەی کە کام ڕێگەیە ڕاستە بیگرینەبەر؟ بۆچونەکان زۆر

جیاوازن. هەندێك ئەو شتە لە كڵێسەدا دەبینێ و هەندێكیش لە تاقیگەكان. هەندێكیان بڕوایان بە زەینكاری هێناوەو هەندێك بە ئەزمون، یان بە تێڕوانینی سۆفیگەرانە، و هەندێك بە حساباتی بیركاریانە. بەڵام خۆ ئەگەر خۆشمان نەتوانین بەو وەڵامە ڕاستانە، یان بەو دوا سیستمە بگەین كە هەموو وەڵامە ڕاستەكانی تێدایە، ئەوا پێویستە وەڵامە ڕاستەكان هەر هەبن، دەنا پرسیارەكان نارەسەنن. پێویستە كەسێك هەبێ كە وەڵامەكان بزانێ. ڕەنگە ئادەم لە بەهەشتدا زانیبێتی. ڕەنگە خۆمان تا نەگەین بە كۆتایی جیهان پێی نەگەین. ئەگەر فریشتەكانیش نەیزانن، كەوابێ خودا ئەیزانێ. ئەم ڕاستییە سەرمەدییانە پێویستە لە ڕوی پرنسیپەوە ئەگەری ئەوەیان هەبێ بزانرێن. هەندێكی بیریارانی سەدەی نۆزدە، وەك هیگڵ و ماركس لەو بڕوایەدا بون كە مەسەلەكە بەو ساكارییە نیە. ڕاستیی نەمر نیە. بەڵكو پەرەسەندنێكی مێژویی و گۆڕانكارییەكی بەردەوام هەیە، ئاسۆكانی خەڵك لەگەڵ هەر پلەیەكی نوێی پەیژەی پێشكەوتندا دەگۆڕێن. مێژو بریتییە لە درامایەكی چەند بەشی و بەكاری ململانەی نێوان هێزەكانی هەردوو بواری هزرەكان و واقع لە یەك كاتداو بە یەكەوە بەرەو پێشەوە بچێ، هەندێ جاریش پێی دەوترێ دیالەكتیك و لە شێوەی جەنگ و شۆڕش و هەڵچونی توندوتیژی وڵاتان و چینەكان و كەلتور و بزوتنەوەكاندا دەركەوتوە، بەڵام لە پاش چەند لەمپەرێكی حەتمی و نوشوست و شكست خواردنێك و گەڕانەوە بۆ

هەمەجیەت ڕەنگە خەونەکەی کۆندۆرسێ دێتەدی و ئەوکاتە دراماکەش کۆتاییەکی ئاسودەی دەبێ، چونکە ئاوەزی مرۆڤ لە ڕابردودا چەند سەرکەوتنێکی بەدەست هێناوەو ناکرێ بۆ هەتاهەتایی بە خەفەکراوی بمێنێتەوە. پاش ئەوەش ئیتر خەڵك نابنە قوربانیی سروش و کۆمەڵگاو نائاوەزییەکانیان: ئەوکاتە ئیتر ئاوەز سەردەکەوێ‌و لە کۆتاییدا هاریکارییەکی سەراپاگیرو گونجاو دەست پێدەکات، لەوێدا مێژویەکی ڕاستەقینە دەست پێدەکات.

باشە ئەگەر ئەوە ڕونەدات ئایا هەردوو بیرۆکەی پەرەسەندن و مێژو هیچ مانایەکی دەبێ؟ ئایا پێشکەوتنێك لەوەدا لە ئارادا نیە، ئەگەرچی پێشکەوتنێکی لول خواردو بێ لە نەزانیەوە بۆ ئەبستمۆلۆژیاو لە خەیاڵی منداڵانە و بیرکردنەوەی پڕپوچەوە بۆ هەستپێکردنی ڕاستەوخۆی واقع؟ ئایا دەکرێ مێژو تەنها بە دوای یەکداهاتنێکی بێ ئامانجی ڕوداوەکان و سەربردەیەکی پڕ لە ئاپۆرەیی و توندوتیژیی بێمانابێ؟ ئەمە ناچێتە ئاوەزەوە. ئەوکاتە ڕۆژ دەبێتەوە کە پیاووژن جڵەوی ژیانی خۆیان بە دەستی خۆیان دەگرن و واز لە خۆپەرستیەکەیان دەهێنن و قایل نابن بەوەی تەنها لەیستۆکێکی دەستی چەند هێزێکی کوێرانە بن کە خۆیان نایاننناسن. لە کەمترین خەمڵاندنیشدا تەسەورکردنی ئەو بەهەشتەی سەرزەوی پەرسڤە نەبوە، ئەگەر بەهەر شێوەیەکیش لەبیری خۆماندا دایبنێین، دەتوانین هەوڵ بدەین بەرەو ڕوی بچین. ئەم شتە لە کرۆکی بیرکردنەوەی ئاکاریانەدا

هـەبوە، هـــەر لـــە یۆنانیەکانـــەوە بـــۆ فەڵـــە ئایدیالیســـتەکانی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت و لـــە ڕێنیسانســـەوە بـــۆ هـــزری پێشکەوتنخوازانەی دواین سەدەو هێشتاو تا ئـەمڕۆش زۆر کەس ماون بڕوایان پێیماوە.

IV

شـتێکی سروشـتی بـو کـە لـە قۆنـاغێکی دیـاریکراوی خوێندنەوەمدا ڕێم لە کارە سەرەکیەکانی مـەکیاڤیلی بکـەوێ. ئەو کارانە کاریگەرییەکی قوڵ و هەمیشەییان لەسەر من داناو بـڕوا بەرایيەکـەمیان لـەرزاند. ئـەو زانیاریـە ڕونترانـەم لێ هەڵنەهێنجا کە دەربارەی ئەوانە بون، گەشتن بە دەسـتەڵاتی سیاســـی و پارێزگـــاری لێکردنـــی چۆنـــە؟ یـــان دەبـــێ فەرمانڕەواکان لە ڕێگەی کام هێزو فێڵەوە هەڵسوکەوت بکەن، ئەگەر بیانەوێ کۆمەڵگاکانیان نوێ بکەنـەوە، یـان خۆیـان و وڵاتەکانیان لە دوژمنانی ناوەوەو دەرەوە بپارێزن؟ یان ئەوە دەستنیشان بکرێ کە لە لایەك دەبێ خەسڵەتە سەرەکیەکانی فـەرمانڕەوایان و لـە لایـەکی تـر خەسـڵەتە سـەرەکیەکانی هاوڵاتیان چۆن بن، ئەگەر وڵاتەکەیان ئەگەری پەرەسـەندنی هەبو، بەڵام شتێکی ترم هەڵێنجا. مەکیاڤیلی مێژونوس نەبو، ئەو لەو بڕوایەدا بو کە دەکرێ حکومەتی ڕۆمانی، یان ڕۆما سەردەمی یەکەمین میرنشینی بگەڕێنرێتەوە، لەو بڕوایەدا بو کە بۆ گەشتن بەم شتە پێویستمان بـە چینێکی فـەرمانڕەوا دەبێ کە لە پیاوانی ئازاو سەلارو ئازاو بە بەهرەبن، پیـاوانێك

بــن بزانــن چــۆن هەڵــەکان دەقۆزنــەوە و بــەکاری دەبــەن، پێویستمان بە هاووڵاتیانێك دەبێ کە پاراستنی تەواویان بۆ دابینکرابێ، وڵاتەکەی خۆیانیان خۆش بوێت و شانازی بـە دەوڵەتەکەیانەوە بکەن و چاکەکاریی ئەتنیی شیاو بە خۆیـان بنوێنن. ڕۆما بەمشێوەیە بەهێز بوەو بەسەر جیهاندا زاڵبـوە. پاشان ونبون و نـەمانی ئـەم جـۆرە سـەلاری و زیندەگـانی و ئازاییـە لـە مەینـەتیداو، لەدەسـتدانی خەسـڵەتەکانی شـێرو ڕێوی لە یەککاتداو بە یەکەوە شکستی بە ڕۆما هێنا، دەوڵەتە هەڵوەشــاوەکان لــە لایــەن داگیرکــەرانێکی بــەهێزەوە فەرمانڕەوایی کران کە پارێزگاریان لە نمونەی ئەم بەهایانە کردبو. بەڵام مەکیاڤیلیش بیرۆکەی چاکەکارییە فەڵەییەکان و لێبوردەیـی، قـایلبون بـە موعانـات، نادنیـایی، ئومێـدی دەربازبون لەو دنیادا بە تەنیشت یەکـەوە دادەنێـت و دەڵـی ئەگەر وەك ئەوەی کە بە ڕاست و ڕەوانی خۆی پێی پەسەندە دەوڵــەتێك لەســەر شــێوازی ڕۆمــانی دامــەزرابێ، ئــەوا ئــەو خەسڵەتانە (بیرۆکەی چاکەکاری.. و.. هتد –و–) ئەو دەوڵەتە پتەوو جێگر ناکەن. واتە ئەو کەسانەی کە بە هەستکارییە ئاکاریـە فەڵەییـەکان دەژین، حەتمەن بە ڕاوەدونانی سـەختی دەوڵەت و بە دەستی پیاوانێك پێشێل دەکرێن کە هەر خۆیـان دەتوانـن ئـەو کۆمــارە زیندوبکەنــەوەو کۆنــترۆڵی بکــەن کــە مــەکیاڤیلی ئــارەزوی دەکــا. ئــەو ئیدانــەی چاکەکاریــەکانی فەڵەیی ناکات، بەڵکو پەنجە دەخاتە سەر ئەوەی کە هـەردوو سیسـتمە ئاکاریەکـە بـە یـەك نـاکۆکن، و بڕواشـی بـەوە نیـە

پێوەرێکی شیاو هەبێ بتوانین بە هۆیەوە ژیانی شیاو بۆ خەڵك بڕیاتر لێبدەین. واتە لای ئەو گونجان لە نێوان چاکەکاری (الفضیلة– Virtu) و بەها فەڵەییەکاندا مەسەلەیەکی مەحاڵە. بە ساکاری، واتە ئەو هەلەت پێدەدات کە خۆت بڕیار بدەیت، بەلام خۆی دەزانێت کە خۆی چیی پێباشە.

ئەو هەستپێکردنە کە شتێکی هێناوە هەر لە (ڕێکەوت) دەچێ ئەو بیرۆکەیەی لە زەینمدا چەسپاند کە مەرج نیە ئەو بەهایانەی خەڵك لە ڕابردودا دوایکەوتون و پەیڕەوییان لێکردوەو ئەوانەی ئەمڕۆش دوای دەکەون لەگەڵ یەکدا گونجاوبن. ئەمەش ئەو گریمانە پێشوەم کورت پێدەهێنێ کە پشت بە فەلسەفەیەکی هەمیشەیی Philosphia Prennis دەبەستێت و ئەوە دەگەیەنێ کە ڕێگایەك بۆ بونی ناکۆکی لە نێوان ئامانجە سەرەکیەکاندا نیە، ئەوان وەلامە ڕاستەکانی گرفتە سەرەکیەکانی ژیانن.

ئەمجا بە ڕێکەوت چاوم بە کتێبی (زانستی نوێ)ی گیامباتێستاڤیکۆ کەوت. لەوکاتە دانسقە بو لە ئۆکسفۆرددا کەسێکت چنگ بکەوێ ناوی ڤیکۆی بیستبێ، بەلام یەکێك لە فەیلەسوفەکان کە ناوی ڕۆبن کۆلینگوود بو کتێبی (کرۆس)ی ڤیکۆی وەرگێڕابوو هانیدام بیخوێنمەوە. ئەم خوێندنەوەیەش چاوی منی بە ڕوی ڕەوشێکی نوێدا کردەوە. ڤیگۆ بە گرنگیدان بە بەدوای یەکداهاتنی شارستانیە مرۆییەکان دەستی پێکردوە. لەلای ئەو هەر کۆمەڵگەیەك تێڕوانینێکی

خۆیی هەیە بۆ واقع و بۆ ئەو جیهانەی تێیدایە دەژی و بۆ خۆی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕابردوی و لەگەڵ سروشت و لەگەڵ ئەو شتەدا کە لە پێناویدا تێدەکۆشێت. ئەم تێڕوانینە بۆ کۆمەڵگە لە میانەی کردەو بیرکردنەوەو هەستکردن ئەندامانی کۆمەڵگەوە دەردەکەوێ و لە ڕیتمی وشەو شێوەی زمانی بەکارهێنراودا گوزارەی لێدەکرێ و بەرجەستە دەبێ، لەگەڵ ئەو وێنەو خوازەو سروتی پەرستن و دامەزراوانەدا دەبێ کە بەڕێوەی دەبەن و تێگەشتن و پایەی خۆیان لە واقعداو، ئەو تێڕوانینەی لە میانەیەوە دەژین بەرجەستە دەکات و دەردەخات. ئەم تێڕوانینانەش لەگەڵ هەر بە دواداهاتنێکی کۆمەڵایەتیی تێرو تەواودا دەگۆڕێ، هەر کۆمەڵگەیەك بەهرەو بەهاو شێوازی داهێنەرانەی تایبەت بە خۆیی هەیەو ئەو ڕەوشانەی کۆمەڵگەکان بە یەکەوە گونجاو نین. دەبێ هەر کۆمەڵگەیەك بە زمانە تایبەتیەکەی خۆی بناسرێتەوە، بناسرێتەوە، نەك بۆ هەڵسەنگاندن پێمل بکرێ.

ڤیکۆ پێماندەڵی کە فەرمانڕەواکانی گریکی هۆمیرۆس درندەو هەمەجی و خراپەکاربون و ستەمیان لە لاوازەکان کردوە، کەچی ئیلیادەو ئۆدیسەشیان داهێناوە، ئەو ئیلیادەو ئۆدیسەیەی کە ئێمە لەم چاخە ڕوناکترەماندا پێمان نانوسرێ. ئەو دووکارە داهێنەرانە جوانە موڵکی ئەوانە. کاتێکیش کە تێڕوانینی جیهان دەگۆڕێ، ئەگەری داهێنانی ئەو شێوە کارانەش نامێنێ. ئێمەش سەبارەت بە خۆمان، زانست و بیریارو شاعیری خۆمانمان هەیە. بەڵام پەیژەیەکی

بالا بون و سەرکەوتن نیە، لە نێوانی پێشینەکان و خەڵکە نوێکاندا بێ، ئەگەر ئەمە بە ڕاست دابنێین ئەوا بێمانا دەبێ بڵێین ڕاسین شاعیرێکە لە سۆفۆکلیس باشترە، و باخ سەرەتایەکی دواکەوتوی بتهۆڤنە، یان وێنەکێشە ئینتیباعیەکان ئەو لوتکەیەن کە جارانی زوو وێنەکێشەکانی فلۆرەنسە خەونیان پێوە دەبینی بەلام پێی نەگەیشتن. بە هاونەریتی ئەم شارستانیانە جیاوازن، مەرج نیە بە یەکەوە گونجاوبن. ڤۆڵتێر[1] لەوەدا هەڵە بو کە پێی وابو بەهاو نمونە بالاکان لە چەند بارێکی ناوازەدا (لەوانەیە لە یەك بچن) ڕوناکیی ناو دەریایەکی تاریکی بون و لە ئەسینای کلاسیکی و لە فلۆرەنسەی چاخی ڕێنیسانس و لە فەرەنسەی کاتی سەدە گەورەکە Grand Siecle و لە سەردەمەکەی ڤۆڵتێرەوە وەرگیراون. ڕۆمای مەکیاڤیلی لە ڕاستیدا ئامادە نەبو. ڤیکۆش فرە ژمارەییەك لە شارستانیەکاندا دەبینێ (واتە سوڕی چەند بارەبونەوەی تێدا دەبینێ، بەلام ئەمە گرنگ نیە) هەر شارستانیەکیش مۆرکی دانسقەی خۆیی هەیە.

مەکیاڤیلیش بیرۆکەی بونی دوو گۆشەنیگای دژ بەیەکمان پێدەڵێ، لەمەشدا چەند کۆمەڵگایەك هەن کە شارستانیەکانیان بە چەند بەهایەك گەلالە دەبن کە ئامرازی گەشتن بە ئامانج نین، بەڵکو خۆیان بە تەنها خۆیان ئامانجن، ئەمانەش ڕەنگە جیاوازبن بەلام لە هەمو ڕوەکانەوە نا، چونکە هەمویان مرۆیین، بەڵکو لە هەندێك لە ڕوە قوڵ و ناکۆکەکانەوە، ناکرێ لە هیچ (دوا ئاوێتە)یەکدا یەکبخرێن.

پاش ئەوە شتێکی سروشتی بو کە ڕو لە یۆهان گۆتفرێد هێردەری بیریاری ئەڵمانی بکەم کە یەکێکە لە بیریارانی سەدەی هەژدەهەم. چونکە تەوەرەی هزری ڤیکۆ لەسەر بە دواییەکداهاتنی شارستانیەکان بو، بەڵام هێردەر لەوە دورتر بۆی چوەو بەراوردی لە نێوان شارستانێتی نەتەوەیی زۆر وڵات و سەردەمدا کردوە، و گەشتوە بەوەی کە هەمو کۆمەڵگەیەك ئەو شتەی تایبەت بە خۆیی هەیە کە هێردەر ناوی لێناوە چەقی قورسایی و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت.

ئەگەر بمانەوێت بەو شێوەیەی کە هێردەر حەزدەکات لە سەعاتی ئیسکندناڤی[٢] و لە شیعری ناو ئینجیل تێبگەین، ئەوا پێویستە پێوەری ڕەخنەگرەکانی سەدەی هەژدەی پاریسیان بەسەردا پیادە نەکەین. واتە شێوازی خەڵك لە گوزەران کردن و بیرکردنەوەو هەست کردن و ئاخاوتنی نێوانیاندا و لە جل لەبەرکردن و وتەو کردەوەو نەریتیاندا (کە بە لای خۆیانەوە ئەم شتانە جەوهەرین) ئەو شتانەن کە کۆمەڵەکان دروست دەکەن و هەر کۆمەڵەش شێوەژیانی تایبەت بە خۆیی هەیە. لەوانەشە کۆمەڵەکان لەناو خۆیاندا لە زۆر ڕوەوە لە یەك بچن، بەڵام گریکەکان لە ئەڵمانە لۆتەرییەکان و چینیەکانیش لە هەردووکیان بە یەکەوە، جیاوازن. کەم جار ڕێدەکەوێ ئەو شتەی خەباتی لە پێناودا دەکەن، یان لێیدەترسن، یان دەیپەرستن هی دوانیان لە یەك بچێت. ئەرنۆڵدۆ مومیگلیانۆی گەورە ڕۆشنبیری هاوڕێم ناوی

(ڕێژەیی کەلتوری، یان ئاکاری) لەم گۆشەنیگایە دەنێ، من بە بۆچونەکانی ئەو لە سەر ڤیگۆ و هێردەر زۆر سەرسامم، بەڵام لەم بۆچونەیاندا هەڵەیە، ئەو شتە ڕێژەیی نیە، چونکە تاکەکانی شارستانیەکی دیاریکراو دەتوانن بە هۆی توانای بینینی خەیاڵییەوە بەهاو نمونەی باڵاو شێوە ژیانی ناکەلتورێکی تر، یان کۆمەڵگەیەکی تر تێبگەن (ڤیکۆ ئەم شتە ناودەنێ ئامبازبون Entrare) ئەگەرچی ئەو کەلتورو کۆمەڵگەیە لە ڕوی کات و شوێنیشەوە لێیان دوربن. ڕەنگە ئەو بەهایانەش بە ناپەسەند ببینن بەڵام ئەگەر دەرگای زەینیان بە ڕوی پەرەسەندنێکی تەواودا کردەوە ئەوا ئەوکاتە هەست دەکەن کە چۆن هەر تاکە کەسێك دەتوانێ ببێت بە مرۆڤێکی تەواوی وا کە ئەوی تریش بتوانێت لەگەڵی بژی و خۆشی پەیڕەوی لە نەریتگەلێك بکات کە زۆر لە بەهاو نەریتەکانی خۆی جیاوازن، بەڵام دەتوانێت وەك بەهاگەلێك، وەك کۆمەڵە مەبەستێکی ژیان سەیریان بکات، کە مرۆڤ لە بەدیهێنان و پیادەکردنیاندا هەست بە دڵنیایی بکات.

من حەزم لە قاوەیە، تۆش لە شەمپانیا، واتە هەردوکمان دوو چێژی جیاوازمان هەیە، بواری ئەوە شتی زۆرتر بڵێم، ئەمە ڕێژەییە، بەڵام بۆچونی ڤیکۆو هێردەر وا نیە.

من حەزدەکەم ناویشی لێ بنێم فرە ژمارەیی، واتە داننان بەوەدا کە لەیەك کاتدا چەندان مەبەستی جیاواز هەبن خەڵك بیانخوازێ کەچی لە هەمانکاتدا هەموشیان پڕ بە پێستی مانای عەقڵانی، عەقڵانی بن. واتە خەڵکانێك هەبن لە یەکتر

تێبگـەن و هاوسـۆزییەك بـن و بـە هەسـتی یـەكتری ڕێگـری خۆیـان ڕۆشـن بكەنـەوە، وەك چـۆن خۆمـان بـە خوێندنـەوەی ئـەفلاتۆن و ڕۆمانـە ژاپۆنیـەكانی چاخـە ناوینـەكان كـە دوو جیهان و دوو گۆشەنیگای زۆر دورن لێمانەوە، ڕۆشنگەری بۆ خۆمـان دەكـەین. بێگومـان ئەگـەر هیچ بەهایـەكی هاوبـەشمان لەگەڵ ئەو خەڵكە دورانەدا نەبوایە، ئەوا هەموو شارستانییەك لەناو سەدەفە بە بەردبوەكەی خۆیدا دادەخراو ئەوكاتە ئیتر نـەماندەتوانی بـە تـەواوی لـەوانی تـر تێبگـەین. ئـەوە ئـەو ئەنجامەیە كە زانستی نمونەی كەسێنی ناسیی لای شبنگلەر پێیدەگات واتە ئاڵوگۆڕكردنی پەیوەندیی كاتی و شوێنی لـە نێوان شارستانیەكاندا گونجاوە، چونكە ئەوە تەنها شـتێكە كە خاڵی هاوبەشی نێوان مرۆڤەكان دەدۆزێتەوەو ڕۆڵی پرد دەبینێ لـە نێوانیاندا. بـەڵام بـەهاكانی خۆمـان بـۆ خۆمـان و ئەوانیش بەهاكانی خۆیان بۆ خۆیان. ئێمە ئازادین لەوەی كە ڕەخنـە بـەهاكانی شارسـتانیەكانی تـر بگریـن و ئیدانەشـیان بكەین، بەڵام ناتوانین بڵێین هەرگیز لەو بەهایانە ناگەین، یان بـە سـانایی بڵێـین ئەوانـە شـتی تایبـەتین، و بەرهـەمی خەڵكانێكن كە لە بارودۆخگەلێكی جیاوازدا دەژین و زەوقی جیاوازی خۆیانیان هەیەو شتەكانیان هـەرگیز لای ئێمـە هیچ ناگەیەنن.

یەك جیهان لە بەهای بابەتی هەیـە. مەبەستم لەمـەش ئـەو ئامانجانەیـە كـە خـەڵك هـەوڵی بـۆ دەدەن و مەبەسـتیانە، و ڕەوشـەكانی تریـش دەبن بە ئامرازی گەشتن بـەو ئامانجانـە.

ئەو شتانەی کە گریکەکان پیرۆزیان دەکردن بەلای منەوە تەمومژاوی نین، خۆ مەرج نیە بەهاکانی ئەوان هەر هەمان بەهاکانی من بن بەڵام دەتوانم ئەوە بخەملێنم کە چۆن ئەوان بە ڕێنوێنیی ئەو بەهایانەوە ژیاون، دەشتوانم پێیان سەرسام بم و ڕێزیان لێبگرم، یان بچمە ئەو خەیاڵەی کە منیش هەوڵی هێنانەدییان بدەم، بەڵام ئەوە ناکەم و حەزیشم لێی نیە، ڕەنگە ئەگەر حەزیش بکەم، نەتوانم. شێوە ژیانەکان جیاوازن، ئامانج و پرەنسیپە ئاکارییەکان زۆرن، بەڵام فرەژمارەییەکی بێشوماریان نیە، چونکە پێویستە هەمیشە لە چێوەی ئاسۆ ئاوەزییەکانی مرۆڤدا بن. چونکە ئەگەر وا نەبن ئەوا لە چێوەی جیهانی مرۆیی دەردەچن. ئەگەر کەسانێکت بینی دارو درەختیان دەپەرست و لەبەرئەوە نەبو کە دارو درەخت هێمای بە پیتییە، یان پیرۆزەو ژیانێکی تەمومژاوی و چەند هێزێکی تایبەت بە خۆیی هەیە، یان لەبەرئەوە نەبو کە ئەوە هێمایەکە لای خەڵکی ئەسینا پیرۆزە، بەڵکو تەنها لەبەرئەوە بو کە دار لە تەختە دروستکراوەو هیچی تر، یان کە لە هۆی پەرستنی تەختە پرسیارم لێکردن و ئەوانیش وەڵامیان دامەوە (لەبەرئەوەی تەختەیە) و هیچی تریان نەوت. من بەم وەڵامەیان لە نیازەکەیان تێناگەم، ئەگەرچی مرۆڤی ئادەمیش بن من ناتوانم لەگەڵیان بەردەوام بم چونکە لەمپەرێکی ڕاستەقینە لە نێوانماندا هەیە. کەوابێ ئەوان لەلای من ئادەمی نین، منێك کە لەوە تێنەگەم ئەوان چۆن بەمشێوەیە دەژین، ناشتوانم بەهاکانیان وا پێناسە بکەم کە تایبەتین.

شتێکی ڕونە کە دەکرێ بەهاکان هاودژبن، ئەمەش وا دەکات کە شارستانیەکان ناکۆك بن. ڕەنگە ناکۆکیەکە لە نێوانی کەلتورەکاندا بێ، یان لە نێوان چەند توێژێکی سەر بە کەلتورێکدا بێ، یان لە نێوان من و تۆدا. تۆ بڕوات بەوە هەیە کە پێویستە هەمیشە ڕاستی بوترێت و گوێ بە ئەنجامەکەشی نەدرێ، بەڵام من وا نیم، لەبەرئەوەی من لەو بڕوایەدام کە ئەوە زیان و وێرانکاریی لێبکەوێتەوە. دەتوانین هەردووکمان گفتوگۆ لەسەر گۆشەنیگاکانمان بکەین و دەشتوانین هەوڵ بدەین بە زەمینەیەکی هاوبەش، بەڵام ڕەنگە لەو سەرەوە ئەو شتانەی تۆ ئاواتتە لەگەڵ ئەو شتانەدا کۆك نەبێ کە من ژیانی خۆمم لە پێناویدا داناوە. ڕەنگە بە ساکاری، بەهاکان لەناو ناخی هەر تاکە کەسێکدا دژ بەیەك بوەستن، ئەمەش ئەگەر ڕوبدا مانای ئەوە نیە کە پێویستە هەندێکی بەهاکان ڕاست و دروست بن و هەندێکی تریان هەڵە. بۆ نمونە دادوەری، دادوەریی جەسور لەلای هەندێ خەڵك نرخێکی ڕەهای هەیە. بەڵام وەك لە چەند بارێکی واقعیدا دەردەکەوێ ڕەنگە لەگەڵ چەند بەهایەکی بنەڕەتیی تردا نەگونجێ وەك -سۆزو بەزەیی- کە ئەمانەش بەلای ئەوانەوە لە دادوەری کەمتر نین.

ئازادی و یەکسانی بە یەکەوە لەو ئامانجە پێشەنگانەن کە مرۆڤ لە زۆر سەدەدا هەوڵیداوە بیانهێنێتەدی، بەڵام دابین بونی ئازادیی ڕەهای گورگەکان دەکاتە مەرگی بەرخەکان. ئازادیی ڕەهای خەڵکانی بەهێزو بەهرەدار لەگەڵ مافی ژیانی

شـياوی خەڵکـە لاوازو کـەم بـەهرەکاندا ناگونجـێ. ڕەنگـە هونەرمـەندێك بـە نیـازی ئـەنجامدانی کـارێکی ئەنتیکـەی هونەری ژیانێك بژی کە خێزانەکەی بەرەو نەهامەتی و نەداری ببات و گوێی پێنەدات. ڕەنگە ئێمە ئیدانـەی ئـەو هونەرمـەندە بکەین و بڵێین کە پێویستە کاری ئەنتیکەی هونـەری بخرێتـە پێنـاوی دابینکردنـی پێویسـتیە مرۆییەکانـەوە. یـان ڕەنگـە لایـەنی هونەرمەندەکـە بگریـن –هـەردوو هەڵوێسـتەکە چـەند بەهایـەکیان تێدایـە کـە هـەندێکی پیـاوان و ژنـان بـە بنـەڕەتیی دادەنێن، بۆیە ئەم مەسەلەیە لەلای هـەمومان بـە ڕونـی دیـارە، ئەگـەر ئاگـاداری خـەڵك بین، یـان لـە ژیانیـان تێبگـەین. ڕەنگـە یەکسـانی سنورێك بۆ ئازادیی ئەو کەسانە دابنێت کە حەز بە زاڵبـون دەکـەن. ڕەنگـە لـە پێنـاوی بـوار ڕەخسـاندندا بـۆ خۆشنودیی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خۆراك بۆ برسیەکان و بەرگ بۆ بێبەرگەکان و هەوار بۆ ئاوارەکان و لـە پێنـاوی بـوار ڕەخسـاندن بـۆ ئـازادیی ئـەوانی تـرو لـە پێنـاوی پیـادەکردنی دادپـەروەری و یەکسـانی لـە مافەکاندا ناچـارین هـەندێك لـەو ئازادییە بەرەو کرچ کردنەوە بەرین، کە بەبێ بونی پـەراوێزێك لـە ئـەو، هـەڵی هـەڵبژاردنمان نابـێ و ڕەنگـە نـەتوانین پـڕ بـە پێستی مانای مرۆڤ بە مرۆڤی بمێنینەوە.

(ئەنتیگوانا) توشی تەڵەزگەیەك هاتوە، سۆفۆکلیس تاکـە چارەسـەرێکی بـۆ پێشـکەش کـردوە. ئـەمجا سـارتەر چارەسـەرێکی پێچەوانـەی بـۆ پێشـنیار دەکـات، هیگڵێـش پێشنیاری (بالابون)ی بۆ دەکات بـۆ ئاسـتێکی بـالاتر. ئەمـە

دڵدانەوەیـــەکی کـــەمی ئـــەو کەســـانەیە کـــە تەڵەزگەیـــەکی لەمشێوەیە ئازاریـان دەدات. هەڕەمـەکی خەسـڵەتێکی مرۆیـی جوانە، و لەگەڵ توانای پلاندانانێکی ڕێکخراودا ناگونجێ کە بزانێ چی و چەندو لـە کـوێ بـە ئاسـتێکی زۆر خۆشـنودیی کۆمەڵایەتی دابین دەبێ و کاری بۆ بکەی.

ئێمە هەمومان هەست بە تاڵیی ئەو هەڵانە دەکەین کە لـە چاخـە دێرینـەکاندا لـە ئـارادا بـون کاریـان پـێ بکـرێ، ئایـا پێویسـتە لەسـەر پیـاو لـە ژیـانی دایـك و بـاوکی و منـاڵـەکانی هـەرچی بـاجی قـورس هەیـە بیـدات، بـۆ ئـەوەی بـەرەنگاریی ڕژێمێکی سەرکوتکاری ترسناك بکات؟ ئایا پێویستە منـاڵان بخرێتـە ژێـر ئەشـکەنجەدان بـۆ ئـــەوەی دەربـاری ناپاکـان و تاوانکاران ترسناك زانیارییان لێ دابماڵرێت؟

نـاکۆکیی نێـوان بـەهاکان لـە کرۆکـی بـەهاکان و کرۆکـی (جەوهەری) خۆمانەوە هاتوە. ئەگەر پێمان بڵێن لە جیاهنێکی تێروتـەواودا ئـەم ناکۆکیانـە چارەســەر دەبـن و هــەمو کــارە چاکەکانیش لـە ڕوی پرەنسیپەوە بـە یەکەوە دەسازێن. ئـەوا پێویستە وا وەڵامی ئەو کەسانە بدەینەوە کەوا دەڵێن، پێیـان بڵێین ئەو مانایانەی ئـەوان دەیـانلکێنن بـە ناوەکانـەوە، لای ئێمە مانای بەها دژبەیەکەکان دەگەیەنێ، ماناکانی ئێمـە نین، پێویستە پێیـان بڵێـین کـە ئـەو جیهانـەی بـەها دژبەیەکـەکان تێیـــدا گونجـــاو دەردەکـــەون جیـــهانێکی زۆر لـــە ئاســـتی هەسـتکردنی ئێمـەوە دورە. ئەو پرەنسـیپانەی کـە بتوانرێـت نێوانیان بگونجێنرێت لەم جیهانەی ئەم دواییەدا ئـەوا ئەوانە

ئەو پرەنسیپانە نین کە خۆمان لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێیان ئاشنـاین، ئەگەر ئەمانیش بن ئەوا وایان لێدێت لەمسەرزەوییەی خۆمان نەناسرێنەوە، ئێ خۆشمان لەسەر زەوی دەژین بۆیە لێرەدا پێویستە بە بڕواوە کاربکەین.

من نەك هەر پێموانیە کە بیرۆکەی ئەو ئەنجامە کۆگیرە تێروتەواوەی کە لە چێوەیدا هەمو ڕەوشە چاکەکان بتوانن بە یەکەوە بژین، شتێکە نایەتە دی (نەهاتنەدییەکەی ڕاستیەکی گومان هەڵنەگرە) بەڵکو پێموایە ئەوە چەند چەمکێکی هەڵوەشاوەشە، نازانم مەبەست لە گونجاندن و سازدانێکی لەو شێوەیە چیە؟ هەندێکی چاکەکارییە گەورەکان ناتوانن لەگەڵ یەکتردا گوزەران بکەن. ئەمە ڕاستیەکی ڕونە. بۆیە چارەنوسی ئێمە ئەوەیە هەڵبژاردن لە نێوانیاندا بکەین. ڕەنگە هەر هەڵبژاردنێکیش زیانێکی وای بە دوادا بێت کە قەرەبو نەکرێتەوە پیرۆزبایی بۆ ئەو کەسانەی کە لە سایەی سیستمێکدا دەژین، بێئەوەی هیچ پرسیارێك دەربارەی بکەن پەسەندیان کردوە، بۆ ئەوانەش کە بە خواستی خۆیان مل بە فەرمانی ئەو سەرکردە ڕوحانی و دنیاییانە دەدەن کە وشەکانیان وەك یاسا وان و نابێ دەستیان بۆ ببرێت، یان بۆ ئەوانەی کە بە شێوازی تایبەتیی خۆیان، دەربارەی ئەوەی چی بکەن و چی بن گەشتون بە قەناعەتی ڕون و تەواوو گومان پەییان پێ نابات.

ئەوەندە دەڵێم کە ئەوانەی لەسەر ئەم نوێنە نەرمانەی بیروباوەڕ دادەنیشن کەسانێکن قوربانیی دەستی چەندان

شـــێوەی کورتبینـــی و بۆچونـــی شـــیرینکراون، بـــە سـەرچاوەکانیانەوە پەردەگـەلێك هــەن لەوانەیـە یارمــەتییان بدەن بۆ گەشتن بە قەناعەت، بەڵام یارمەتیی ئەوەیان نادەن کە تێبگەن مەبەست لە (مرۆڤبون)یان چیە؟

پێموایــە ســەبارەت بــەو بیرۆکەیــەی کــە دەوڵــەتێکی موتەکامیل ببێت بە ئامانجی ڕاستەقینەی هەوڵەکانمان، ئەو ناڕەزاییــە تیۆرییــە یەکلاکەرەوەیــە بەســە، بــەڵام ســەرباری ئـەوەش لـە ڕوی پراکتیکییـەوە کۆسـپێکی گـەورەتر هەیـە، ئـەویش کۆسپێکی کۆمەڵایـەتی و دەرونیـە. کۆسـپێکە ڕێگـە بەو بڕواداره ساکارانە دەگرێ کە سـەردەمێکی دورو درێـژە مرۆڤایـەتییان پـێ موتوربـە بـوەو بەرامبـەر بـە هـەر جـۆرە بەهانەیەکی فەلسەفی دەگرن.

ڕاستە لەوانە هەندێ گرفت و پەتا لەسەر ئاستی کەسێتی و کۆمەڵایەتیش چارەسەریان هەبێ. بۆ نمونە دەتوانین خەڵك لە برسێتی یان کوێرەوەری و ستەم ڕزگار بکەین و دەتوانین خـەڵك لـە کۆیلەیـەتی و زینـدان ڕزگاربکـەین و کـاری چاکـە بکەین، لەلای هەمو خەڵك هەستکردنێکی بنەڕەتی بە چاکەو خراپە هەیە، سەر بە هەر شارستانییەك بن هەیانە. بەڵام هەر لێکۆڵینەوەیــەك بـۆ کۆمەڵگــە بکـرێ پیشــانی دەدات هــەر چارەسەرێك هەڵوێستێکی نوێ بەرپا دەکاو، پێویستیە نوێیە تایبەتیـەکانی و گرفـت و خواسـت نوێیـەکانی بەرهـەمدێنێ. ئێسـتا فـەرزەندان ئـەو شـتانەیان بەدەسـتهێناوە کـە بـاب و باپیریان خەباتیان لە پێناویدا دەکرد، وەك ئازادییەکی زیاتر،

بوژانەوەیەکی مادیی گەورەتر، کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر، ئێستا پەتا دێرینەکان فەرامۆش کراون، وەچەکان ڕووبەڕووی گرفتگەلێکی نوێ دەبنەوە. گرفتگەلێك کە لە چارەسەرکردنی گرفتە کۆنەکانەوە کەوتونەتەوە، ئەگەر ئەمانەش چارەسەر بکرێن، هەڵوێستی نوێ سەرهەڵدەدەن، لەگەڵ ئەو هەڵوێستەشدا چەند خواستێکی نوێ سەرهەڵدەدەن کە ئێستا پێشبینی ناکرێن و ئیتر بەمشێوەیە. ناتوانین شەرعی خۆمان بدەینە دەست چەند بەرەنجامێکی نادیار کە بەرەنجامی بەرەنجامەکان بن. مارکسیستەکان پێمانده‌ڵێن کەی سەرکەوتین ئەوکاتە مێژوی ڕاستەقینە دەست پێدەکات و ئەوکاتە ئەو گرفتە نوێیانەی کە لەوانەیە دەربکەون، ئەو چارەسەرانەی خۆیان دەدۆزنەوە کە ئاشتیانەو بە هۆی هێزە یەکگرتوو سازەکانی ناو کۆمەڵگەی بێچینەوە دێنەدی. ئەم قسەیەم وەك گەشبینییەکی میتافیزیایی دێتە پێشچاو کە لە ئەزمونی مێژوییدا سەلماندنی نیە.

لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەر هەمویان بێ ناوازە هەمان ئامانج پەسەند بکەن، گرفت لە داهاتەکاندا نەبێ ئیتر نیە. هەموو گرفتەکان چارەسەری خۆیان بە ئامرازە تەکنۆلۆژییەکان بدۆزنەوە، ئەوە کۆمەڵگەیەکە هیچ بوارێکی بۆ ژیانی ئاوەزکاریانەی مرۆڤ و بۆ خەیاڵی ئاکاری و ڕوحی و جوانکاریانەی نیە کە گوزارە لە خۆیان بکەن. ئایا پێویست دەکات لە پێناوی ئەمەدا پیاوان و ژنان بفەوتێنین و کۆمەڵگاکانیش کۆیلە بکەین؟ خۆ یۆتۆپیاش بەهای خۆیی

هەیەو هیچ شتێك نیە وەك یۆتۆپیا بەو جوانییە ئەو ئاسۆی بیرکردنەوەیە فراوان بکاتەوە کە لەلای مرۆڤ هەیە. بەڵام ئەگەر بیکەین بە ئاراستە بەخشی ڕەوشتمان ئەوا پڕ بە مانای (بە هەدەردان) بە هەدەری دەدات. هێرقلیتس ڕاستی وتوە، ئاو نازانێ لە هەڵقوڵان بوەستێ.

بۆیە دەگەمە ئەو بەرەنجامەی کە بیرکردنەوە لە دوا چارەسەر بۆ بەهاکان، نەك تەنها هەر ناکرێ. بەڵکو ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم هەندێکی بەهاکان ئەگەر دژ بە یەك و هەڵوەشێنەرەوەی یەکتر نەبن نایانکرێ. چونکە سەلمێنرا کە ئەگەری دوا چارەسەر (بە لە بیربردنەوەی ئەو مانا ترسناکەش کە ئەم وشانە لە سەردەمی هیتلەردا هەیانبو تەنها وەهمەو، وەهمێکی زۆر ترسناکیشە. ئەگەر مرۆڤ بڕوای بە ئەرێی چارەسەرێکی وا هەبو ئەوا لە دڵنیاییەوە هیچ باجێکی لەلا گران نابێ لە پێناویدا بیدات. ئایا چ باجێك قورس و گرانە بۆ ئەوەی خەڵك بیدەن لە پێناوی ژیان لە چێوەی دادپەروەری و ئاسودەیی و داهێنان و بە یەکەوە گونجانێکی هەمیشەییدا؟

ئەگەر ژیانێکی لەو شێوەیە کێکێك بێت ئەوا هێندەی من بزانم قەناعەتی لینین و ترۆتسکی و ماو و پۆڵ پۆت وابوە کە گرنگ نیە چەند هێلکە لە پێناوی ئەو کێکەدا دەشکێنین. ئەگەر من تاکە ڕێگەی ڕاستەقینەی بەرەو دوا چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە هەست پێبکەم ئەوە دەزانم بە چ ئاراستەیەکیشدا ڕەوڕەوەی مرۆڤایەتی بئاژوم. ئەمجا

لەبەرئەوەی ئێوە ئەو شتە نازانن کە من دەیزانم، بوارتان نادرێ لە بەرتەسکترین سنوردا هەڵی هەڵبژاردنتان هەبێ، چونکە ئێمە نیازمانە بگەین بە ئامانج. ئێوە دەڵێن کە سیاسەتێکی دیاریکراو ئاسودەترو ئازادترتان دەکات، یان بوارێکتان بۆ گوزەران کردن بۆ دەرەخسێنێ، بەڵام من دەزانم ئێوە هەڵەن. منم کە دەزانم ئێوە چیتان دەوێ و هەمو خەڵك چییان دەوێ. ئەگەر بەرەنگاریکردنێك هەبێ و لەسەر نەزانی و ئیرەیی بردن دامەزرابێ، دەبێ لەناو بدرێ، رەنگە لە پێناوی ئاسودەکردنی بۆ هەمیشەی ملیۆنان خەڵکدا سەدان هەزار کەس لەناو بچن، ئێمە کە خاوەنی ئەبستمۆلۆژیاین چ چارێکی ترمان هەیە جگە لەوەی کە حەزبکەین قوربانی بە هەمو ئەوانە بدەین؟

هەندێك لە پێشبینیکارانی چەك بە دەست کار بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی دەکات و هەندێکی تریان کار بۆ رزگارکردنی تەنها رەگەزەکەی خۆیان دەکەن لەبەرئەوەی تایبەتمەندیی بەرزترو بالاتر لە رەگەزەکەیاندا هەیە، ئەم دوو ئامانجە هەرچەندە لە یەکتر جیاوازبن، ملیۆنان خەڵك هەن لە پێناویاندا لە شەرو شۆرش و لە ژوری پڕ لە گازو لە قەسابخانەو لە کۆمەڵکوژی و ئەو شێوە لەناودانە درندانەدا دەکوژرێن کە ئەم سەدەیەمان بیری وەچەکانی داهاتوی دەخاتەوە.

ئەمانە ئەو باجانەن کە پێویستە خەڵك لە پێناوی وەچەکانی ئایندەدا بیدەن، ئەگەر تۆش نیازت بە ئازادکردنی

ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی هەیە ئەوا دەبێ دڵی خۆت بکەیت بە بەردو لەوە لانەکەیتەوە کە دەبێ چەند قوربانیی بۆ بدەیت.

لە پتر لە سەدەیەکی پێش ئێستاوە ئەلیکسەندەر هێرزنی، ڕادیکاڵی ڕوسی وەڵامێکی بەم ڕەوشە داوەتەوە، لە وتاری (لە کەنارەکەی ترەوە)یدا کە لە ڕاستیدا پرسەنامەیەکی شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ وتویەتی لەو سەردەمەی خۆیدا شێوەیەکی نوێ لە بەقوربانیدانی مرۆڤ دەرکەوتوە، ئەویش پێشکەشکردنی مرۆڤی زیندوە بە قەسابخانەو سەربڕینگەی هزرە ئەبستراکتەکانی (نەتەوەیی، کڵێسا، حزب، چین، پێشکەوتن، هێزەکانی مێژو) هەمو ئەو شتانە لە سەردەمەکەی ئەوو لە سەردەمی ئێمەشدا وروژێنراون. ئەگەر ئەم شتانەش سەربڕینی مرۆڤە زیندوەکان بخوازن ئەوا دەبێ مەرجەکانیان جێبەجێ بکەین، هێرزن وا دەڵێ:

(ئەگەر ئامانجی ئێمە پێشکەوتن بێت کار بۆ کێ دەکەین؟ ئەو مۆلۆخە[٣] کێیە کە زەحمەتکێشان لێی نزیک دەبنەوە، کەچی ئەویش لە بری ئەوەی خەڵاتیان بکات، بەرەو دواوە دەکشێتەوە، و وەك دڵدانەوەی ئەو هەمو خەڵکە خوێن ڕژاوو چارەنوس ڕەشەی کە هاوار دەکەن "لە پێناوتدا دەمرین" بە وەڵامێکی گاڵتەجاڕانە وەڵامیان دەداتەوە دەڵی بە مردنی ئێوە هەمو شتێکی ئەم سەرزەوییە جوان دەبێ.

مۆلۆخەکان ئایا ئێوە دەتانەوێ هەر بە ڕاستی ئەو حوکمە بدەن بەسەر ئەو مرۆڤانەدا کە ئەمڕۆ دەژین، ڕۆڵێکی

خەمۆکانە ببینن؟. کۆیلەی نائومێدبن و قاچیان نوقمی ناو لیتە بکەن و ئەو پاپۆڕو کتێبانە ڕابکێشن کە لەسەر ئالآکەیان نوسراوە (پێشکەوتن لە ئایندەدا)؟ ئەم ئامانجە دورو بێ سنورەو ئامانج نیە.. ئەوە بشێوییە. ئامانج پێویستە ئاسانتر بە دەست بێت، لە کەمترین خەملآندنیدا بریتی بێ لە کرێی کار و یان دابینکردنی هەلی کارکردن".

مەسەلەیەك کە بتوانین لە ڕاستیی ڕودانەکەی دڵنیا بین قوربانیدانەکەیە، قوربانیدان بەو کەسانەی کە مردن و بەوانەش کە دەمرن. بەڵام ئەو نمونەیەی کە لە پێناویدا دەمردن هەردورە دەستەو نایەتەدی. هێلکەکان دەشکێنرێن. خۆی شکاندنەکەی چەندبارە دەبێتەوەو کەڵەکە دەکات. کەچی کێکەکە هەر بە نەبینراوی دەمێنێتەوە. قوربانیدان لە پێناوی ئامانجگەلێکدا کە زو بێنەدی ناچارییە، ئەگەر خەڵك لە بارێکی نائومێدیدا بن و بە ڕاستی پێویستیان بە کارێکی لەو شێوەیە هەبێ، دەکرێ بەهانە بۆ قوربانی دان بهێنینەوە بەڵام کۆکوژی لە پێناوی ئامانجگەلێکی دورە دەستدا، ئێستاو لە هەمو سەردەمێکیشدا تەنها سوکایەتی کردنێکی بەربەرییانەیە بە هەمو ئەو شتانەوە کە مرۆڤ شانازییان پێوە دەکات و لەوە بەولاوە هیچی تر نیە.

V

ئەگەر ئەو بۆچونە کۆنەی کە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، دەربارەی ئەوە گوایە دەکرێت بەهاکان بە یەکەوە بسازێنرێن،

هەڵـەبێ و هەڵوێسـتی ئـەو بیریارانـەی کـە باسـم کـردن – مەکیاڤیلی و ڤیکۆو هێردەرو هێرزن ڕاستبن، کەوابێ، ئەگەر وا دابنێین (چاکەکارییە گەورەکان) دژ بە یەکن و هەندێکیان ناتوانن لەگەڵ هەندێکی تریاندا هەڵبکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکی تریان بتوانن، ئەوا بە کورتی لە ڕوی پرەنسیپەوەو بە پراکتیکیش مرۆڤ ناتوانێت هەموو شتێك بە دەست بهێنێت. ئەگەر داهێنانی لای مرۆڤیش پشت بە کۆمەڵە ئەگەرێکی ئاڵوگۆڕکراو ببەستێ کە هەر لە لای مرۆڤ هەبن. ئەوکاتە مرۆڤ وەك پرسیارەکەی چێرنیشڤسکی و لینین دەپرسێ "چی بکەین؟" چۆن هەڵبژاردن لە نێوان ئەگەرەکاندا بکەین؟ دەبێ قوربانی بەچی بدەین، ئەو قوربانیە چەندە کە پێویستە پێشکەشی بکەین و بۆچی؟ لەلای منەوە وەڵامێکی ڕوون نیە، بەڵام دەکرێ هەندێك لە بەیەکداکێشانەکان سوك بکرێتەوە، ئەگەرچی نەشتوانین خۆمانی لێ بپارێزین. دەکرێ هاوسەنگی لە نێوان خواستەکاندا بکرێ و ڕێکەوتنیان لەسەر بکرێ. لە چەند هەڵوێستێکدا هەمو خواستەکان هێزی وەك یەکیان نیە –دەبێ جیاوازیی بڕێك لە ئازادی و بڕێك لە یەکسانی و بڕێك لە ئیدانەکردنی توندی ئاکاریو بڕێك لە سەلماندنی هەڵوێستێکی مرۆیی دیاریکراوو بڕێك پیادەکردنی تەواوی یاساو بڕێك لە بەزەیی بۆ تێرکردنی برسیەکان و پۆشتەکردنی ڕوتەکان و چارکردنی نەخۆشەکان و جێنشین کردنی سەرگەردانەکانیان تێدابێ. پێویستە ئەو ئەولەویاتانە دەست نیشان بکەین، ئەگەرچی هەرگیز ئەوانەش دوا ئەولەویەت و ڕەهاترینیان نین.

یەکەم ئەرکی هەموان پارێزکردنە لە توندڕەوی لە موعانات و شۆڕش و چەنگ و تیرۆر کردندا. ڕەنگە لە چەند بارێکی نائومێدیدا کارو کردەوەی توندڕەوی پێویست بن، بەڵام مێژو فێرمان دەکات کە کەم جار چارەنوسی توندڕەوی ئەو چارەنوسە دەبێ کە لێی چاوەڕوان دەکرێ. شتێکی مسۆگەر نیەو لە هەندێجاریشدا تەنانەت گریمانی ئەوەش نیە کە کاری لەو شێوەیە شتی باشی لێبکەوێتەوە. لەوانە سەرکێشی بکەین و لە ژیانی خۆماندا، یان لە ژیانی سیاسی گشتیدا سەرکێشی بکەین و کارێکی توندڕەوانە ئەنجام بدەین، بەڵام دەبێ هەمیشە هەست بەوە بکەین و هەرگیز لە یادی خۆمانی نەبەینەوە کە لەوانەیە هەڵە بین، یەقینی جێگیر ئەوەیە ئەم کاروکردەوەیە هەمیشە بە ئەشکەنجەدان دەگات، بۆیە دەکرێ خەڵکانی بێتاوان لەو ئەشکەنجەدانە بپارێزین. کەواتە پێویستە کار بەو شتانە بکەین کە (ئاڵوگۆڕکراوەکان) یان پێ دەوترێ –چونکە یاساو بەهاو پرەنسیپەکانیش دەبێ لە چەند هەڵوێستێکی دیاریکراودا بە پلەی جیاواز مل بۆ یەکتری کەچ بکەن. هەندێجار لەوانەیە چارەسەرە بەرژەوەندیخوازیەکانیش هەڵە بن، بەڵام من پێموایە لە زۆر باردا سودبەخشن.

باشترین شت کە وەك ڕێسایەکی گشتی کاری پێ بکرێت پارێزگاریکردنە لە هاوسەنگییەکی ناجێگیری وا کە نەهێڵێت هەڵوێستی نائومێدیخوازو ئەو ئەگەرانەی لێبکەوێتەوە کە بەرگەیان ناگیرێ. ئەمە خواستی یەکەمی

کۆمەڵگــەی شــیاوەو بــە ڕونــاکیی چێـــوە ســـنورداره‌کەی شارەزایی خۆمان (کە تەنانەت تێگەیشتنمان لە تاکەکەس و کۆمەڵگەکانیش کورت دەهێنێ). هەمیشە دەتوانین خەبات لە پێناویدا بکەین.

بونی هەندێك لە لێبوردەیی لەم مەسەلانەدا زۆر پێویستە.

ڕەنگە ئەم وەڵامە زۆر ڕوکەشانە چاوبدات و کە باس هاتە ســـەر باســـی جـــەنگ و مەینـــەتی چەشـــتن لـــە پێنـــاوی کۆمەڵگایــەکی نوێــی بــاڵاو پایەبــەرزتردا، ئــەم وەڵامــە لاوە نمونەییــەکان قــایل نــەکات. بێگومــان پێویســـتە ئێمـــەش بـــە چاوێکی دراماتیکیانــەوە نەڕوانینــە ناکۆکیی نێوان بەهاکان. چونکە لە زۆرجارداو لە کۆمەڵگەی جۆراوجۆرداو بە درێژایی مێژو، سەبارەت بە پێوەرەکانی ڕاستی و هەڵەو چاکەو خراپە ڕێکــەوتنێکی فــراوان لــە نێــوان خــەڵکدا هــەبوە. بێگومــان لەوانەیــە داب و نــەریت و بۆچــون و هەڵوێســـتەکان لـــە ڕوی لۆژیکەوە لە یەك جیاوازبن و لەوانەشە پرنسیپە گشتیەکان زۆر لە پێویستیەکانی مرۆڤ کرچ بکەنەوە، بەڵام هەڵوێستی واقعی گرنگترە. بواری وەلانان نیە. تەنـها شـت کـە بتوانـین داوای بکەین، فەرامۆشنەکردنی فاکتەرە بنەڕەتیەکانە، چونکە پێویستە ئەو ئامانجانـەی کـە هـەوڵی هێنانـە دییـان دەدەیـن وەك ڕەگەزگەلێکی ناو چێوەیەکی زیندەگانیی تەواو دابنێین، کە لەوانەیە پتـەوو جێگیر ببێ، یـان بـە بڕیـار لێـدان زیـانی پێبگـات. بــەڵام مەســەلەکە لــەو ســەرەوەو بەمشــێوەیە لــە دەرکردنـی حوکمێکـی خۆ بەخۆی موجەڕەددا نیە، ئەو شتە

شێوە ژیانی ئەو شتە شێوە ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە بڕیاری لێدەدات کە تاکە کەسەکەی تێدا دەژی. کۆمەڵگەیەك لەناو کۆمەڵگاکاندا چەند بەهایەکی هەیە. کە زۆربەی مرۆڤ لەناو مێژوی نوسراودا بەشداریی هەڵگرتنی ئەو بەهایانەیان کردوە، ئەگەرچی کۆمەڵگاکان هاودژیش بوبن.

خۆ ئەگەر بەهاگەلێکی سەراپاگیریش نەبن، بەلای کەمەوە شتێکی وای هەیە کە بەبێ ئەو کۆمەڵگاکان نەتوانن هەڵ بکەن. کەم کەس هەن ئەمڕۆ حەز بکەن پشتیوانی لە بە کۆیلەکردن، یان تاوانی مەزهەبی، یان ژورە پڕ لە گازەکانی نازیزم بکەن یان حەز لەوە بکەن بۆ چێژوەرگرتن یان لەبەر سودێك یان تەنانەت لەبەر بەرژەوەندیی سیاسیش ئەشکەنجەی مرۆڤ بدەن. یان پشتیوانی لەوە بکەن کە وەك ئەوەی لە هەردوو شۆڕشی فەرەنسی و ڕوسیدا باوبو، منداڵان گەواهی لە دژی باوکیان بدەن. یان لە کوشتن بە تۆمەتی دواکەوتویی عەقڵی. لەمڕووەوە هیچ بوارێك بۆ چاوپۆشی لێکردن نیە. بەڵام لە لایەکی تریشەوە لای من وا دەردەکەوێ کە گەڕان بە دوای تەواوی و بێکەموکووڕیدا شێوازێکی خوێن ڕژی بێ، با ئەو کەسەی داوای تەواوی و بێکەموکووڕیش دەکا کەسێکی ئەوپەڕی دڵسۆزو پوخت بێ، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، جیهان ئاکارخوازێکی تری لە ئیمانۆیل کانت جەسورتری بەخۆوە نەدیوە، کەچی خودی ئەو کانتە لە ساتەوەختێکی پرشنگ بەخشییدا دەڵێ (لە تەونی مرۆڤی گەندەڵ هەرگیز شتێکی ڕاست دروست نەکراوە). ڕەنگە

ئەوەی کە سیستمە بڕواییەکان (الانظمة العقيدية) لە خەڵك دەخوازن بەرگ و قاتی کەشخە بپۆشن بۆ ئەوەی جێگەی متمانەیان بن، ڕێگایەك بێت بە نامرۆڤایەتی بگات. ئێمە ئەوەی لە تواناماندا نەبێ ناتوانین بیکەن کەچی لە بەرمبەر ئاستەنگەکاندا ناچار دەبین پێی هەستین.

بێگومان بە یەکداکێشانی کۆمەڵایەتی، یان سیاسیش دەردەکەون، چونکە بونی ململانە لە نێوان بەها ئیجابیەکاندا ڕودانی ئەم بە یەکدا کێشنانە مسۆگەر دەکات. بەڵام بە بۆچونی من دەکرێ بە پتەوکردنی هاوسەنگییەك و پارێزگاری لێکردنی، داوە گرژەکانی ململانەکە خاوبکرێنەوە. دیارە ئەو هاوسەنگییەش هەمیشە لەبەر هەڕەشەدایەو پێویستی بە ڕیفۆرم کردنەوە هەیە. لێرەدا دووبارە ئەوە دەڵێمەوە کە تەنها ئەم هاوسەنگیە مەرجی پێشوەختە بۆ کۆمەڵگە شیاوەکان و بۆ ڕەوشتی ئاکاریی پەسەند. دەنا، بە دڵنیاییەوە ڕێگاکە ون دەکەین. گەر ئێوەش دەڵێن ئەم چارەسەرە هەندێك بێزارکەرە؟ لەو چارەسەرانە نیە کە کاری پاڵەوانانە دەخوازێ و سەرکردە پێشەنگەکان گرتویانەتەبەر؟ ئەوا سەرباری ئەوەش ئەگەر بۆچونەکە هەندێکی لە ڕاستی تێدابێت، ئەوا لەوانەیە ئەو هەندەی بەس بێ. فەیلەسوفێکی ئەمریکیی هاوچەرخ وتی (بەهانەیەکی پێشوەخت بۆ ئەوە نیە کە ڕاستی لەگەڵ ئاشکرابونیدا هەردەبێ سەرنجڕاکێش بێ) ڕەنگە بۆ ئەو قسەیەی منیش ئەوەندە بەس بێ کە ڕاستە، یان لە ڕاستیەوە نزیکە. لەبەرئەوە ئارەزوم نیە لەسەر ئەو

شتانەی لەم باسەدا پێشکەشم کردن داوای لێبوردن بکەم.
تۆلستۆی لەو ڕۆمانەیدا، کە من بەو دەستم پێکرد، وتی:
ڕاستی جوانترین شتی ناو هەر هەمو جیهانە. من ئەوە نازانم کە ئەو شتە لە بواری ئاکاردا ڕاستە، یان نا، بەڵام وایدەبینم کە هێندەی پێویست بکات لێوەی نزیکە، بۆیە ئومێدمانە بچنە ئەو بڕوایەی کە بە هۆی گوێ پێنەدانەوە فەرامۆش نەکرێ.

## "ئاوابونی هزره تۆباویەکان لە ڕۆژئاوا"

بیرۆکەی ڕاساندنی کۆمەڵگایەکی نمونەیی خەونێکی زۆر کۆنە، ئەم خەونەش یان بە هۆی ئەو ناڕەحەتیانەی ئێستاوەیە کە وایان لە خەڵك کردوە بیر لەوە بکەنەوە کە ئایا ئەم جیهانەیان بەبێ خۆیان چۆن دەبێ، ئەمەش وای لێکردون بیر لە دەوڵەتێکی نمونەیی بکەنەوە کە بێنەوایی و چڵێسی تێدا نەبێ، یان مەترسی و هەژاری و ترس و کاری بە ئازارو نائارامی تێدا نەبێ. یان بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەم یۆتۆپیایانە کۆمەڵە چیرۆکێکن بە نیازەوە بە شێوازێکی گاڵتەجاڕانە دانراون، نیازیان بە ڕەخنەلێگرتنی ئەم جیهانەو سوکایەتیکردن بەو کەسانە هەیە کە سیستمە ئامادەکانیان کۆنترۆڵ کردوە، یان بەو کەسانەی کە زۆر بە کەساسی بە دەستیانەوە دەناڵێنن، یان لەوانەشە خودی یۆتۆپیاکان چەند فەنتازیایەکی کۆمەلایەتی- چەند مەشقێکی ساکاری خەیاڵی شیعری بن.

بە قسەیەکی فراوانتر بڵێین: یۆتۆپیا ڕۆژئاواییەکان نیازیان بەوەیە کە ئەو فیگەرانە بگرنەوە: کۆمەڵگەیەك لە بارێکی گونجانی تەواودا بژی. تاکە کەسەکانیشی لە ئاشتیداو بە خۆشەویستیەوە بەدور لە هەر مەترسییەکی جەستەیی و لە هەر جۆرە نەدارایی و نائارامییەك و هەر کارێکی سوك و ئێرەیی بردن و بشێوی بژین. بە دەست هیچ تاریکی و توندوتیژییەکەوە نەناڵن. لە درەوشانەوەیەکی

هەمیشـــەیی و ئـــارام، لـــە كەشـــێكی لـــەبار، لـــە نـــاوەندی سروشتێكی پاراوو بـە پیتـی بـێ سـنوری بـە پیتیـدا بژیـن. تایبەتمـەندی جیاكـەرەوەی بنـەڕەتیی زۆربـەی یۆتۆپیاكـان، ڕەنگە هەموشیان ئەوە بێ كە هـەمویان جێگیرن. هیچ شتێك تیایاندا ناگۆڕێ، چونكە بە بـارێكی تێروتـەواوی گەشـتون: پێویســـتیان بـــە هیـــچ نوێكردنـــەوەو گۆڕانێـــك نیـــە، هیـــچ كەسێكیش چاوی لە گۆڕانی بارێك نیە كە هـەمو خەونـەكانی مرۆڤی تێدا بێتەدی.

ئـەو گریمانـەی كـە ئـەم بۆچونـە پشـتی پـێ دەبەسـتێت ئەوەیە كە خەڵك مۆركێكی جێگیرو چەسپاویان هەیە. چەند ئامانجێكی دیاریكراوی گشتی و لـە گـۆڕان نـەهاتویان هەیـە. كـــاتێك ئـــەو ئامانجانـــە دەهێنرێنـــە دی ئەوكاتـــە مۆركـــی مرۆڤایـەتی بە تـەواوی هاتۆتـەدی. هـەر تەنها بیركردنـەوە لـە هاتنەدیی ئامانجی شمولی، لە سـەرەتاوە وا دەخوازێ كە لـەم بارەدا خەڵك هەمو بۆ هـەمان ئامانجی بنـەڕەتی هـەوڵ بـدەن و ئامانجەكە لـە هـەمو كات و شـوێنێكدا بـۆ هـەموان وەكـو یـەك بـێ. چونكـە ئەگـەر ئـەم مەسـەلەیە نادروسـت بـێ، ئـەوا یۆتۆپیاكان یۆتۆپیا نـابن، چونكـە كۆمەڵگـەی نمونـەیی، بـە تەواوی ئارەزوەكانی هەموو تاكەكەسەكان جێبەجێ ناكات.

زۆربـەی یۆتۆپیاكـان بـۆ سـەردەمانی دور دەگەڕێنرێنـەوە. ڕۆژێك لە ڕۆژان چاخی زێڕین بوو، هۆمیرۆس باس لە فیشییە ئاسودەكان دەكات. یان باس لـەو حەبەشـەییە پاكانـە دەكات كە (زیۆس) حەزدەكات لە نێوانیاندا دابنیشێت، یان سرودی

چاکەکارییەکانی دورگەکانی بەرەکەت دەڵێتەوە. هەزیۆدیش باسی ئەو چاخی زێڕینەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پاش ئەو چاخ بە چاخ بەرەو خراپتر چاخەکان دەڕۆشتن تا گەشتن بەو سەردەمە خراپەی کە هەزیۆد خۆیی تێدا دەژیا. ئەفلاتۆنیش لە (خوان–Symposium)ەکەیدا باس لەو ڕاستیە دەکات کە خەڵك لە ڕۆژگارێکدا –لە ڕابوردویەکی دورو ئاسودەدا– لە شێوەی تۆپ و بازنەییدا ژیاون، ئەمجا شێوە تۆپیەکە بوە بە دوو نیوەییەوەو لەوکاتەوە ئیتر هەر نیوەو هەوڵ دەدات نیوەکەی تری خۆی بدۆزێتەوە کە لەگەڵیدا دەگونجێ بۆ ئەوەی شێوەی بە تۆپ بون و تەواویەکەی بدۆزێتەوە، هەروەها باس لە ژیانە خۆشەکەی ئەتڵەنتیسیش دەکات، ئەو ئەتڵەنتیسەی کە لە ئەنجامی کارەساتێکی سروشتیەوە بۆ هەتاهەتایە لەناو نەما. هەر بەمشێوەیە ڤێرجیل باس لە شانشینی (ساتورنیا) دەکات کە تێیدا چاکە بڵاوو باوە. کتێبی تەورات (قورئانیش بە هەمان شێوە –و– ك)یش باس لە بەهەشتێکی زەمینی دەکات کە خوا ئادەم و حەوای تێدا دروست کردون، و هەدوکیان تیایدا بە پاکی و ئاسودەییو بێگەردی دەژیان– ئەوە بارێك بو کە دەکرا بۆ هەتا هەتایە بەردەوام بوایە، بەڵام بە هۆی هەڵگەڕانەوەی مرۆڤ لە خواوەندەکەی مەسەلەکە بە کۆتاییەکی ناهەموار گەشت. کاتێك کە ئەلفرێد تنیسۆن ی شاعیر لە سەدەی ڕابردودا (نۆزدە) باس لە شانشینییەك دەکات کە سەرمای تێدا نیەو باران و بەفری لێنابارێت و ڕەشەباشی لێهەڵناکات. ئەوا

لاساییەکی کۆن و بەردەوام لە قسەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوە بەو تیشکە ئەزەلیەی کە دەگیرێتە جیهانێکی بێ ڕەشەبا دەڕوانێتە خەونەکەی هۆمیرۆس. ئەو شاعیرانە بەوە قایل بون کە چاخی زێڕین لە ڕابوردودا گوزەرێنراوەو هەرگیز بۆ جارێکی تر ناگەڕێتەوە. هەندێ لە بیریارانیش بەوە قایلن کە ڕۆژێك لە ڕۆژان چاخی زێڕین بە مسۆگەری دێت. ئەشعیای پەیامبەری جولەکەش پێمان دەڵێ (ئەوە لە دوایین ڕۆژەکاندا دەبێ) کە خەڵك (شمشێرەکانیان دەکەن بە بزمارو ڕمەکانیشیان بە داس) گەلێك شمشێر بە ڕوی گەلێکی تردا بەرزناکاتەوەو لەوەو پاشتر فێری شەڕ نابنەوە.. گورگ لەگەڵ بەرخدا نیشتەجێ دەبێ و پڵنگیش لەگەڵ گیسکدا ڕادەکشێ.. بە یارە خاك گوڵی وەك نێرگز دەکات.. و خەم و هەناسەی ساردیش هەڵدێن". هەر بەمشێوەیە قەشە پۆڵیش باس لە جیهانێك دەکات کە جیاکردنەوەی جولەکەو یۆنانی، نێرومێ، کۆیلەو ئازادی تێدا نەبێ و هەمو خەڵك لای خوا یەکسان و تەواوبن.

خاڵی هاوبەشی نێوان هەمو ئەم جیهانانە، چ بەهەشتێکی زەمینی بن، یان بۆ پاش مردن بن ئەوەیە کامڵ بونێکی جێگیر دەردەخەن کە لە کۆتاییداو لە کەشێکی ئارام و جێگیرو ئەزەلیدا مۆرکی مرۆییان تێدا دێتە دی.

ڕەنگە ئەم نمونەیە بە زنجیرە بەندیی هەرەمی و دیموکراسی چەند شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەربگرێ. لە کۆماری ئەفلاتۆندا زنجیرەبەندییەکی سەخت بۆ

سێ چین هەیە. لەسەر گریمانی بونی سێ شێوە مۆرکی مرۆیی ڕاوەستاوە، کە هەریەکەیان ئەگەری ئەوەی هەیە کە بە شێوەی هەمووی (کلي) بێنەدی و هەموشیان بە یەکەوە هەمویەکی سازو تێکچڕژاو پێکدەهێنن. زەینونی ڕەواقییش کۆمەڵگەیەکی فەورزەوی دەخەملێنێ کە تێیدا کەسە بە ئاوەزەکان بەبێ یارمەتیی دامەزراوەکان لە ئاشتیەکی تەواو و یەکسانی و ئاسودەییدا بژین. ئەگەر خەڵك بە ئاوەزبن پێویستیان بە زەبت کردن نابێ. کەسانی بە ئاوەز پێویستیان بە دەوڵەت، یان پارە، یان دادگای یاسایی، یان ژیانی دامەزراوەو ڕێکخراو نیە. پیاووژن لە کۆمەڵگەی نمونەییدا بەرگێکی هاوشێوە لەبەردەکەن (و لە بەرهەمی خاکێکی هاوژیان دەخۆن) لەبەرئەوەی ئاوەزکارن کەوابێ پێویستە هەمو خەونەکانیشیان ئاوەزیانە بێ. کەوابێ ئەو خەونانەش لە گونجانێکی گشتیدا ئەگەری هاتنە دییان دەبێ، زەینون یەکەم فەورزەویی یۆتۆپیایی بوە، چەند ڕێو ڕەسمێك هەن کە لە سەردەمانێکی دورەوە دانراون، بەڵام لەم سەردەمەماندا لە پڕداو هەندێجاریش بە توندی گەڕێنراونەتەوە. پاش ئەوەی کە هێما بەراییەکانی بشێوی لەسەر دەوڵەت دەرکەوتن، جیهانی گریکی ژمارەیەك یۆتۆپیایان بەرهەمهێنا. لە یۆتۆپیا گاڵتەجاڕییەکانی ئەریستۆڤانەوەو لە پلانەکانی دەوڵەتی نمونەیی لای سۆپۆمپۆسەوەو، یۆتۆپیای هۆمیرۆسیش هەیە کە تێیدا کەسانێکی ئاسودە لەسەر چەند دورگەیەکی ناو دەریای عەرەب دەژین، کە نە ئاژەڵی دڕندەو نە زستان و نە

بەهار هیچی لێنیە، بەڵکو هاوینێکی ئەزەلیی ئارام و گەرمی هەیەو میوەکان لە دارەکان بەردەبنەوەو دەکەونە دەمی خەڵکەوە ئیتر پێویست بە ئەنجامدانی هیچ کارێك ناکات. ئەو خەڵکانە لە بارێکی خۆشنودیی بەردەوامدا لەسەر چەند دورگەیەك دەژین کە دەریا لە زەویی خراپەکارو شێواوی پڕ لە خەڵکی گەمژەو ستەمکارو نائومێدیان جیادەکاتەوە.

لەوانەیە چەند هەواڵێکی وەگەڕ خستنی ئەو بۆچونە درابێت. بلۆسیۆس کۆمایی قوتابی زەینون کە ڕەواقییەکی ڕۆمانییە مژدەی یەکسانبونێکی کۆمەڵایەتیداوە کە لەوانەیە لە ئایامبۆلۆسی یەکەم کۆمەنیستەوە وەرگیرابێ. کۆمای بەوە تاوانبار بوو کە لە دژی ڕۆمان هانی ڕاپەڕینی خەڵك دەدات و مۆرکێکی کۆمەنیستانەی هەیە، لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەی زۆریشی لەگەڵ کراوە، لە لایەن لیژنەیەکی سەر بە ئەنجومەنی پیرانیشەوە ئەشکەنجە دراوە بەو تاوانەی کە بیروبۆچونی ڕوخێنەرانەی بڵاوکردۆتەوە -ئەو شتانەی ئەو بڵاوی دەکردنەوە دور نەبو لەو کارەی کە ماکارتی لە وڵاتە یەکگرتوەکان دەیکرد. بلۆسیۆس و ئەریستۆ نیڤۆس و سۆمایۆس گراشۆسیش هەرسێکیان ئیدانەکران و پاشانیش چیرۆکەکە بەوە کۆتایی هات کە لە سێدارە دران. بەڵام باسکردنی بەرەنجامە سیاسیەکان ئێستا لەم توێژینەوەی ئێمەدا بە شتێکی ناوەندی دادەنرێن. لە ماوەی چاخە ناوینەکاندا هزرە یۆتۆپیاییەکان دابەزینێکی دیاریان بە خۆوە بینی، ڕەنگە هۆی ئەمەش ئەوە بێت کە بە پێی

بۆچوونـی فەڵـەیی مـرۆڤ نـاتوانێت بـە هـەوڵی خـۆی و بـێ یارمـەتی دان، مـرۆڤ نـاتوانێت بگـات بـە بـاری تـەواوی بـێ کەموکووڕی، دەربازبونیش تەنهاو تەنها نیعمەتێکی خواییەو مرۆڤیش کە بونەوەرێکە لەناو هەڵەدا لە دایك بووە تا لەسەر ئەم زەوییە فانیە بێت دەربازی نابێت. کەسێك نیە بتوانێت تـەلارێك دروسـت بکـات و تەلارەکـەی لـەم چـەمی پـڕ لـە فرمێسکەدا بمێنێتەوە.

چونکـە ئێمـە هـەموومان لـێرە لـە خـوارەوە ڕەوتـە نـین و هەوڵدەدەین بچینە ناو شانشینییەکەوە کە لەم زەوییەدا نییە.

ئەو بیرۆکە سەرەکیە جێگیرەی کە لە میانەی هەمو هزری یۆتۆپیای فەڵەیی و وەسەنیەوە وەك یەك دەردەکەوێ ئەوەیە کـە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان دەوڵـەتێکی نمونـەیی هـەبوەو ئـەمجا کارەسـاتێکی بەسـەردا هـاتوە. ئـەو کارەسـاتەش بـە پێـی ئینجیل هەڵەی سەرکێشی کردنی -خواردنی میـوە یاسـاغە شوومەکەیە؛ یان تۆفانێکە؛ یان خەڵکانێکی قەبەی خراپەکار هاتون و تۆوی گەندەڵییان لە زەویدا چاندوە. یان پیاوانێك هەر لە کاری چەقاوەسویی خۆیان بورجی بابلیـان دروسـت کـردو پاشـان بـە سـزای خۆیـان گەشـتن لـە میتۆلۆژیـای گریکیشـدا؛ وەك ئـەوەی لـە چـیرۆکی برۆمیسیۆسـدا دیـارە دەوڵەتە نمونەییەکە بە هۆی کارەساتێکەوە دەڕوخێ. یان لە چیرۆکی دیۆکالیۆن و بەیدەها، یان ئەوەی قوتوی پاندۆرا کە تیایاندا یەکە ڕەسەنەکە هەرەس دێنـێ و پـاش ئـەوە هـەمو مێـژوی مرۆڤایـەتی دەبـێ بـە هـەوڵێکی بـەردەوام بـۆ

گەڕاندنــەوەی ئــەو بــاری بێگەردییـــە بــۆ ئــەوەی بتوانــرێ ســەرلەنوێ دەوڵەتــە نمونەییەکــە دروســت بکرێتــەوە. بــەڵام لەوانەیــە گــەمژەیی مــرۆڤ، یــان خراپــەکاری و لاوازیەکــەی نەهێڵێت ئەو کــاملْ بونــە بێتــەدی یــان ڕەنگــە خواوەندەکــان ڕێگەی ئەوە نەدەن. بەڵام لە هزری داو بە تایبەتیش لە لای سۆفیەکان ژیانی خۆمان هەوڵدانێکی سەخت و بە ئازارە بۆ کۆکردنــەوەی پارچــەکانی ئــەو یەکــە بــێ کەموکووڕیــەی کــە جیهانی ســەرەتابوەو ئــەم جیهانــەی ئەمڕۆش ڕۆژێك هــەروای لێدێتەوە. ئەم بیرۆکەیە بە بەردەوامی لە هزری ئەوروپیدا و لە ســەرەتاکانی ئــەو هــزرەوە تــا ئێســتا هــەر دەرکــەوتوە، و بنچینــــەی هــــەمو یۆتۆپیـــا دێرینــــەکان پێکدەهێنــــێ و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هزری میتافیزیایی ڕۆژئاوایی ئاکارو سیاسەت داناوە. بەم مانایە (تۆپیایی بیرۆکەی شکانی یەکێتییەکەو چاك بونەوەیەتی) و ڕەوتێکی ناوەندی لە هەمو هزری ڕۆژئاواییدا پێکدەهێنێ. لەبەر ئەوە شتێکی بە سود دەبێ ئەگەر هەندێ لەو گریمانە بنەڕەتیانە بخەینە پێشچاو کە لەوە دەچێ بنچینەکانی یۆتۆپیایی پێك بهێنن:

لــە چێــوەی ســێ گریمــاندا خــۆم لــە باســەکە دەدەم، وەك ئــەوەی کــە کورســییەکی ســێ قــاچ بــێ و تــەوەری هــزری ڕۆژئــاوایی پــاڵی پێوەدابێتــەوە: لــەوە دەترســم کــە مــن ئــەم مەســەلانە زۆر ســاکار دەکەمــەوە، بــە ئــەم هەوڵــە تەنــها لــە ڕەشنوســێکدایەو کتێبێــك نیــە، بۆیــە هیــوادارم کــە زۆر ساکارکردنەوەکە وەك ناتۆرە لێدانی لێنەیــەت و بەشــداریش

بکات لە گەلاڵە کردنی خاڵە جیاکەرەوەکاندا. گریمانی یەکەم ئەوەیە: کە هەرپرسیارێکی ڕەسەن تەنها یەك وەلامی ڕاستی هەیەو هەموو وەلامەکانی تر ناڕاستن. ئەگەر پرسیارێك وەلامێکی ڕاستی نەبێت، ئەوا لەم بارەدا پرسیارەکە ڕەسەن نابێت. پرسیارێك کە ڕەسەن بێت، هەر هیچ نەبێ لە ڕوی پرەنسیپەوە دەبێ ئەگەری وەلام پێدانەوەی هەبێ. کەواشبێت. تەنها یەك وەلامدانەوە ڕاستی دەبێ. پرسیارێك ئەگەر لە یەك شێوازدا داڕژرابێت، ناکرێت دوو وەلامی جیاوازی هەبێت و هەردووکیشیان ڕاست بن. دەبێ بنچینەی وەلامە ڕاستەکان ڕاستەقینە بن. بەلام گریمانی هەموو وەلامەکانی تر بە دڵنیاییەوە بەرجەستەکردنی درۆیە، یان پشت بە درۆ دەبەستێ. ئەمە گریمانی بنچینەییەیەکەمە.

گریمانی دووەم دەڵێ بۆ دۆزینەوەی وەلامە ڕاستەکان ڕێگەیەك هەیە. بەلام ئەگەر کەسێك هەبێ وەلامە ڕاستەکە بزانێت، یان بتوانێ بیزانێت، ئەوە پرسیارێکی ترە، بەلام هیچ نەبێ لە ڕوی پرەنسیپەوە پێویستە ئەگەری زانینی هەبێ، بەو مەرجەی بۆ سەلماندنەکەی ڕێبازێکی گونجاو بەکاربهێنرێت.

گریمانی سێیەم، کە لەوانەیە لەم میانەدا ئەمەیان گرنگترینیان بێ دەڵێ پێویستە هەموو وەلامە ڕاستەکان، بە کەمترین خەملاندن، لەگەڵ یەکدا گونجاوبن. لەمەشەوە ڕاستیەکی لۆژیکی ساکار دەکەوێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕاستییەك ناتوانێت لەگەڵ ڕاستیەکی تردا نەگونجاو بێ.

هەموو وەڵامە ڕاستەکان ڕاستی بەرجەستە دەکەن، یان ئەوەتا پشت بە ڕاستی دەبەستن. لەسەر ئەم بنەمایەش هیچ کام لە وەڵامە دروستەکان ناتوانن لە باری ململانەدا بن، با وەڵامی ئەو پرسیارانەش بن کە دەپرسن ئایا چی لەسەر ڕوی زەوی هەیە.؟ یان چی پێویستە لەسەر خەڵك کە بیکەن؟ یان پێویستە خەڵك چۆن بن؟ یان بە دەربڕینێکی تر بڵێین ئایا پرسیارگەلێکی دیاریکراو بە پێی ڕوداوەکان وەڵام دەدرێنەوە، یان بە پێی بەهاکان؟ (لای ئەو بیریارانەی کە بەم گریمانەی سێیەم قایلن ئەو پرسیارانەی کە لە دەوری بەهاکان دەخولێنەوە لە ڕویەکی دیاریکراوەوە پرسیاری ڕوداوەکانن). ئەم ڕاستیانە لە باشترین باردا بە پێی لۆژیك یەك بە دوای یەکدا دەچن بۆ ئەوەی یەکەیەکی سیستەماتیکی و بە یەکەوە گرێدراو پێکبهێنن و هیچ نەبێ لەناو خۆیاندا سازاون. واتە بە هەموویان یەکەیەکی گونجاو پێکدەهێنن، واتە کاتێك کە تۆ دەگەیت بە وەڵامی دروستی هەمو پرسیارە بنەڕەتیەکانی دەربارەی ژیانی مرۆڤ و بە یەکەوە کۆیان دەکەیتەوە، ئەوا ئەنجامەکەی جۆرە پلانێك بۆ هەمو ئەو مەعریفە خوازراوانە پێك دێنێ کە پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ ژیانێکی نمونەیی بژی. یان بڵێین ژیانە نمونەییەکە بژی. ڕەنگە ئەم مرۆڤە تەمەن کورتانە نەتوانن بەو مەعریفەیە بگەن، ڕەنگە ئەمەش چەند هۆیەکی هەبێ. هەندێ لە بیریارە فەڵەکان جەخت لەوە دەکەن کە هەڵە ڕەسەنەکە (ئەوەی یەکەم هەڵە –و– ك) وا لە خەڵك بکات لەو

مەعریفەیەدا نەتوانابن. یان ڕەنگە ئێمە جارێك، پێش قۆناغی هەڵەکە، لە بەهەشتی عەدەندا بە تیشکی ئەو ڕاستیانە ژیابین، ئەمجا لەبەرئەوەی ئێمە تامی بەری داری مەعریفە (ئەبستمۆلۆژیا)مان کرد، مەعریفەیەکی زۆرەملەیی، تیشك و ڕوناکیەکەش کەم بونەوە ئەمەش لەبەرئەوەی کە سزایەکە بۆ ئێمە دەبێ تا مرۆڤ لە سەرزەوی دەژی ئەویش بە ناتەواوی بمێنێتەوە، یان لەوانەشە هەمومان لە ڕۆژێکی پێش یان پاش مردنی جەستەدا بیزانین. گریمانی ئەوەش هەیە کە خەڵك هەرگیز نەیزانن، ڕەنگە خەڵکەکە ئاوەزیان زۆر لاوازبێ، یان ئەو کۆسپانەی کە سروشتی سەرسەخت لە پێشی ئەوەی دادەنێ زۆر گەورەبن و ئەو زانیاریەش ئیتر ببێ بە شتێکی نەشیاو، ڕەنگە لە فریشتەکان بەولاوە کەس نەیزانێ، یان هەر خودا خۆی دەیزانێ، خۆ ئەگەر خواش نەبو، ئەوا پێویستە ئەم قەناعەتە وا دەرببڕێت کە بڵێین دەکرێ لە ڕوی پرنسیپەوە ئەگەری بونی ئەبستمۆلۆژیایەکی لەم شێوەیە دابنرێ. ئەگەرچی کە سێکس نەبێ تا ئێستا هەیبێ، لەوە ناچێ هەرگیز ئەوەش بکرێ.

لە ڕوی پرنسیپەوە پێویستە وەڵام بە شێوەیەك بێت کە بزانرێت، دەنا ئەگەر وا نەبێ، کەواتە پرسیارەکان ڕەسەن نین. ئەگەر سەبارەت بە پرسیارێك وترا، ئەم پرسە لە ڕوی پرنسیپەوە وەڵامی نیە، ئەوا ئەو بۆچونە نامانهێڵێ لەو پرسیارە تێبگەین کە ئایا چ جۆرێکە؟ چونکە تێگەیشتنی سروشتی پرسیار ئەوەیە بزانیت کام وەڵام، دەکرێ وەڵامێکی

ڕاستبێ بۆ ئەو، کەواتە پێویستە خەملاّنی چێوەی وەلاّمە گونجاوەکان، ئەگەر بزانین ڕاستن، یان نەشزانین، لەبار بن، چونکە دەبێ یەکێك لە وەلاّمەکانی ناو ئەو چێوەیە وەلاّمە ڕاستەکە بن. دەنا بیرکردنەوەی ئاوەزکاریانەی بیریارە عەقلاّنیەکان بەمشێوەیە بە تەلیسمکارییەك دەگات کە شیکردنەوەی نەبێ. ئەگەر دەریشکەوت کە بە هۆی سروشتی خودی ئاوەزەوە ئەمە گونجاو نیەو ناکرێ، کەواتە دەبێ بە دوای ئەمەدا ئەوە بێت کە چێوەی کۆی وەلاّمە ڕاستەکان (کە ڕەنگە بێشوماربن) بۆ هەمو پرسیارەکان، بونیادی ئەبستمۆلۆژیای تەواو پێکدەهێنن.

ڕێگەك بدەن لەسەر ئەم گفتوگۆیە بڕۆم، بەردەوام بم. بە دڵنیاییەوە ئەگەر نەتوانین تەسەوری شتێکی تێرو تەواو بکەین، ناتوانین لە مانای کەموکوورِی تێبگەین، ئەگەر وامان دانا ئێمە لێرە لەسەر زەوی لەم بارەی خۆمان بێزارین، لەبەربونی ململانەو نائومێدی و ستەم و ناهەمواری (واتە مەینەتی و گەمژەیی و تاوانەکانی مرۆڤ)، واتە بە کورتی ئەگەر پیشانمان دا کە ئێمە لە خواری کەماڵەوەین، ئەوا بونی ئەو کەموکوورِییە تەنها لەوێدا هەست پێدەکرێ کە بەراوردی سەرزەوی لەگەڵ جیهانێکی پڕ کەماڵتردا بکەیت، واتە ئێمە بە پێوەری نۆکەندی جیاکەرەوەی نێوان دوو جیهانەکە دەتوانین ئاستی کەموکوورِیی جیهانەکەی خۆمان بپێوین. بەلاّم کەموکوورِی لە چیدا؟ بیرۆکەی ئەوەی کە لە چیی کەمە، ئەوە بیرۆکەی دەوڵەتی نمونەییە. ئەمەش بە بۆچونی من، ئەو

بنچینەیەیـە کـە هـزری تۆبـاوی جـەختی لەسـەر کـردوەو، بەشێکی گـەورەی هـزری ڕۆژئاواییش بـە شـێوەیەکی گشـتی جـەختیان لەسـەر کـردوە، واتـە لـە سـەردەمی فیسـاگۆرس و ئەفلاتۆنـەوە تـا ئـەمرۆ ئـەوە وەك تـەوەری مەسـەلەکەیە لای ئەوان.

ڕەنگە لـەم خاڵـەدا ئـەم پرسـیارە بکـرێ: ئەگـەر ئەوانـەی پێشـو بەهانەگـەلێکی قایلکـارین، کەواتـە دەبـێ لـە کوێـدا چارەسـەرەکان بدۆزینـەوە؟ ئـەو بنەمایانـە چـین کـە دەتوانـن ڕێگـای ڕاسـتی تیـۆرو پراکتیـك بـۆ تـەواوی خـەڵك دەربخـەن؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەوە، هـەروەك ئەوەی کە ڕەنگـە خۆمـان پێشبینی بکـەین، بواری هـاودەنگی لە ڕۆژئـاوادا زۆر کەمـە. هـەندێك پێـی وتـین وەڵامـە ڕاسـتەکان لـە دەقـە پیرۆزەکـاندا دەدۆزرێتـەوە، یـان ئـەو پەیامبەرانـە دەڵێـن کـە سروشـتی ئەوەیان بۆ هاتوە، یان ئەو کاهینانەی کە بواری پەرژێنکردنی (تـأویل)ی ئـەو دەقانـەیان پێـدراوە. هـەندێکیش ڕاسـتبونی سـروش و عـورف و فـێربون ڕەتدەکەنـەوەو دەڵێـن تەنـها ئاشـنابون و وردی سروشـت وەڵامـە ڕاسـتەکانی لایـە، ئەمەشـیان بـە چـاودێریکردنی ڕێـك و تاقیکردنـەوەو پیادەکردنی تەکنیکە لۆژیکی و بیرکاریەکان بە دەست دێت، سروشـتیش پەرسـتگا نیـە، بـەڵکو تاقیگەیـە. دەبـێ گریمانەکانیش ئەگـەری ئـەوەیان هـەبێ کـە بەهـەر ڕێگەیـەك تاقی بکرێنەوە کە هەر مرۆڤێکی ئاوەزدار بتوانێت فێری ببێ، یـان پیادەی بکات و ڕایەڵـەکانی بـە یەکـەوە ببەسـتێ و لێـی

بکۆڵێتەوە. ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ڕەنگە زانست وەڵام بە هەمو ئەو پرسیارانە نەداتەوە کە ئێمە حەزدەکەین بیانوروژێنین. بەڵام شتێك کە زانست نەتوانێت وەڵامی بداتەوە هیچ ئامرازێکی تر ناتوانێ بماننداتێ. لەبەرئەوەی ئەو (واتە زانست -و-) تاکە ئامرازە کە ئەمڕۆو بۆ هەمیشەش بتوانین پشتی پێ ببەستین. لە لایەکی تریشەوە هەندێك پێمان دەڵێن تەنها پسپۆڕان دەیزانن: یان کەسانێك کە توانای ئاشکراکردنی سۆفیگەرانەیان پێبەخشراوە، یان توانای بینایی کردنی میتافیزیاییان هەیە، توانای تێڕامان، یان کارامەیی زانستییان هەیە. یان کەسانێك دەیزانن کە مەعریفەی خۆڕسکیان هەیە، حەکیم و زۆر سەلارن. بەڵام کەسانێکی تر هەمو ئەمانە پشتگوێ دەخەن و جاڕی ئەوە دەدەن کە گرنگترینی ڕاستیەکان بە ئاسانی لەبەردەستی خەڵکدان. واتە هەر مرۆڤێك ناخی دڵ و ڕوحی خۆی بگەڕێت، لە خۆی و سروشتەکەی دەوروبەری تێدەگات. دەزانێ چۆن دەژی و چی دەکات. بەو مەرجەی کاریگەری زیانبەخشی خەڵکانی تر لە سەری کوێری نەکردبێ. واتە زیانی ئەو کەسانەی کە بە هۆی دامەزراوە خراپەکانەوە مۆرکیان لایداوە. ڕۆسۆ دەیویست وا بڵێ (ڕاستی لە هزرو ڕەوشتی خەڵکی گەندەڵی شارە پیشکەوتوەکاندا چنگ ناکەوێ، بەڵکو بە زۆری لە دڵی بێگەردی جوتیارێکی ساکار، یان منداڵێکی بێتاواندا هەیە). لە ڕاستیدا تۆڵستۆی ئەم قسەیەی وتوەو، سەرباری کاری فرۆیدو شوێنکەوتوەکانی، ئەمڕۆش

سەلمێنەری ئەو گۆشەنیگایەی تۆلستۆی هەن. بیرۆکەیەك سەبارەت بە سەرچاوەکانی مەعریفەی دروست لە ئارادا نین. دەنا بە توندی وەردەگیراو لە میانەی بیرکردنەوەی هۆشیارانەوە لەم مەسەلەیە، لە ڕێورەسمە گریکیو جولەکەیی و فەلەییەکاندا وەك بیروباوەڕ (عەقیدە) دەسەپێنران.

بە هۆی ئەم ناکۆکیانەی نێوانیشیانەوە، ململانەی گەورەو شەڕی خوێناوی دروست بون. ئەمەش سەیر نیە، چونکە ڕزگاربونی مرۆڤ وەستاوەتە سەر وەڵامدانەوەی دروستی ئەم پرسیارانە (وا دانراوە). ئەمانە سەختترین و قورسترین خاڵە جیاکەرەوەکانی ژیانی مرۆڤن، دەمەوێ لێرەدا ئەوە دەستنیشان بکەم کە هەمو لایەنەکان وایان داناوە کە دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە. بۆچونی باویش کە هەر تەریبە بەم بۆچونە دەڵی ئەم وەڵامانە وەك گەنجینەیەکی شارراوە وان، گرفت لە دۆزینەوەی ئەو ڕێگایەدا کە پێیان دەگات. یان بە بەکارهێنانی خوازەیەکی تر دەڵێین: چەند پارچەیەکی وردی وێنەیەکی پارچەپارچەکراو بدە بە خەڵك، ئەگەر مرۆڤ توانی بە یەکەوە کۆیان بکاتەوە، ئەوا وێنەیەکی تەواوی لێ پێکدێت، ئەمە ئامانجی هەوڵدانی پێناوی گەشتنە بە ڕاستی و چاکەو ئاسودەیی، وا دەزانم ئەمەش گریمانێکی هاوبەشی ناو پانتاییەکی گەورەی هزری ڕۆژئاواییە.

ئەم قەناعەتە بە دڵنیاییەوە زەمینەیەکی بە پیت بو بۆ ئەو یۆتۆپیایانەی کە لە سەردەمی ڕێنیسانسی سەدەی پازدەی ئەوروپادا بە بەرفراوانی زۆر بون. لەوکاتەدا کە سەرلەنوێ

شوێنەوارە کلاسیکییە گریکی و لاتینیەکان دۆزرانەوە، وەك ئەوەی کە چەندان ڕاستییان تێدایەو لە تاریکستانی چاخە درێژەکانی ناوەڕاستدا فەرامۆشکرابون، یان بۆچونە پوچگەراکانی ڕاهیبەکانی چاخەکانی بڕواداریی فەلەیی بە شاردراوەیی هێشتبویانەوە، یان شێواندبویان ئەبستمۆلۆژیای نوێ پشتی بەو قەناعەتە دەبەست، کە مەعریفە، تەنها مەعریفە -ئاوەزی مرۆڤی ئازاد بو- دەتوانێت دەربازمان بکات. ئەمەش بۆ خۆی لە نێوان هەمو گریمانە عەقلانیەکاندا پشتی بە جەوهەریترینیان بەستوە، واتە بەوەیان کە دەڵێ (چاکەکاری مەعریفەیە) واتە ئەوەی کە سوقرات وتی، و ئەفلاتون و ئەرەستۆ فراوانتریان کردوە، لەگەڵ خوێندنگە سوکراتیە بنەڕەتیەکانی یۆنانی کۆن. نمونەی مەعریفەش لای ئەفلاتۆن خەسڵەتی ئەندازەیی هەبو، لای ئەرستۆ بایۆلۆژی بو، ڕەنگە لای بیریارە جۆراوجۆرەکانی چاخی ڕێنیسانسیش مەعریفە، ئەفلاتۆنیی نوێکەرەوەو سۆفیگەرانە، یا زەینکاری، یان بیریکاریانە، یان ئەندامیانە، یان میکانیکی بوبێ، بەڵام کەسێك گومانی لەوە نەبوە کە تەنها مەعریفە، ئامرازی ڕزگاربونی ڕەوانی و ئاکاری و سیاسیانەیە. هێندەی من بزانم ئەگەر خەڵك مۆرکێکی هاوبەشیان هەبێ، ئەوا پێویستە ئەو مۆرکە مەبەستێکی هەبێ، ئەگەر هەر هێندەی مرۆڤ بزانێت دەیەوێ چی بکات ئەوا دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی مۆرکەکەشی بەرکەماڵ ببێ. واتە ئەگەر مرۆڤ توانی ئەوە ئاشکرا بکات کە، چی لەم

جیهانەدا هەیە، پەیوەندیی ئەو بەو شتانەی چیە، یان خۆی چیە، ئەوا بەهەر شێوەیەك ئەوەی ئاشكرا كردبێ، یان بەهەر ڕێگەیەك بێ یان بەهەر شێوەیەك ئامۆژگاریی مەعریفیانەی كرابێ، بە نوێگەری، یان تەقلیدی، ئەوە چ شتێك بەركەماڵی دەكات، یان بە دەربڕینێكی تر، چ شتێك دڵشادو دادوەرو چاكەكارو حەكیمی دەكات. زانینی ئەوەی كە چ شتێك تاكەكەس لە هەڵەو وەهم دەرباز دەكات، و هەستكردنی وردی ئەو تاكە وەك بونەوەرێكی ڕوحی و فیزیۆلۆجی بە هەمو ئەو شتانە وای لێدەكات كە دڵسۆزانە داوای مەعریفەی خودناسین بكات. لادان لەمشێوە ڕەوشتە مانای وایە ئەو مرۆڤە لادەرە لە بارێكی ئاوەزیی دروست دا نیە، واتە نائاوازییەو مەرجیش نیە تەواو شێت بێ. تۆ كە بزانیت چۆن ئامانجەكانت دێنیتە دی و هەوڵی بۆ نەدەیت، ئەوە مانای وایە تۆ لەو سەرەوە بە باشی لە ئامانجەكانت تێناگەی. تێگەیشتن مانای كردەوە. مانایەكی دیاریكراو هەیە كە بیریارە پێشینەكان پێش كارڵ ماركس پێیگەشتون، ئەو مانایەش قایلبونە بە یەكێتیی تیۆرو پراكتیك.

مەعریفە بەلای بۆچون و هێڵە سەرەكیەكانی هزری ڕۆژئاواییەوە مانای ئەوە نیە ئاشنایەكی وەسفكارانەت لەسەر هەمو ئەو شتانە هەبێ كە لە جیهاندا هەن، بەڵكو مەعریفەش بەشێكی نا جیاوازە لەو شتانە، مەعریفەی بەهاكانە، هی چۆنێتی ژیان و چی كردنە، یان هی ئەوەی كە كام شێوە ژیانە چاك و شیاوترەو بۆچی؟ بە پێی ئەم

پرنسیپە (چاکەکاری مەعریفەیە) کە خەڵك تاوانیان کرد، بۆیە دەیکەن کە هەڵەن، واتە شتێکیان بە هەڵە ئەنجام داوە کە سودی خۆیانی تێدابوە. ئەگەر بە باشی بیانزانیبا چ شتێك سود بەوان دەگەیەنێت ئەو کارە تێکدەرانەیان نەدەکرد –واتە ئەو کارانەی کە مسۆگەرە ئەنجامدەرەکەیان دەدەن بە دەستەوە، بەوەی کە وەك مرۆڤێك لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی خۆی بێبەریی دەکەن، پەرەسەندنی دروستی توانا و هێزەکانی پەك دەخەن. هەمو تاوان و خراپەکاری و شورەیی و بێنەواییەك لە نەزانیەوە سەرهەڵدەدەن لە تەمەڵی و شێوانی زەینەوە. ڕەنگە کەسانێکی چەقاوەسو هەبن و حەزبکەن بۆ ئەوەی بەسەر خەڵکانی تردا زاڵ بن و خۆڵ بکەنە چاویانەوە پەنا بۆ وروژاندنی ئەم نەزانییە ببەن. بەڵام لەوانەیە لەو سەرەوە وەك زۆربەی جارەکان خۆیان بەو شتە بخەڵەتێنن کە بانگەشەی بۆ خۆیان پێدەکەن.

(چاکەکاری مەعریفەیە) ئەمە مانای وایە ئەگەر تۆ چاکەی مرۆڤت دەزانی، ئەگەر تۆ بونەوەرێکی ئاوەزدار بوی، ناتوانی هیچ ژیانێك بژیت، تەنها ئەو ژیانە نەبێ کە کامڵ بون دەبێ بە ئامانجت و هەمو ئارەزوو هیوا و پاڕانەوەو خواستەکانت بۆ ئەو دەبێ. واتە کامڵ بون ئەو شتەیە کە دەبێت بە ئومێدت. مەعریفە، جیاکردنەوەی ڕاستیە لە ڕواڵەت، واتە جیاکردنەوەی ئەو شتەیە کە بە ڕاستی دەگات بە کامڵ بونی مرۆڤ و دیاربێ کە ئەوەی پێ دەکرێ. واتە تەنها ئەو (مەعریفە) توانای ڕزگارکردنی مرۆڤی هەیە. ئا لەم گریمانە

ئەفلاتۆنییە فراوانەدا و هەندێجار لە شێوە فەڵەییە کارپێکراوەکەیدا، گرنگترین یۆتۆپیاکانی چاخی ڕێنیسانسی چالاکییان پەیداکرد: وەك فانتازیا جوانەکەی مۆر، نیو ئەتلانتسی بایکۆن، شاری هەتاوی کامبانیللا، یەك دەستەی تەواو، یان زۆرتری یۆتۆپیا فەڵەییەکانی سەدەی حەڤدە (تاکە یۆتۆپیاکەی فینیلۆن)یشیان لە نێودایە کە هەر تەنها ئەو ناسراویان تێدایە. بڕوای ڕەها بە چارەسەرە ئاوەزییەکان، و زۆربونی ئەدەبیاتی دەربارەی یۆتۆپیا، دوو ڕوی چەند قۆناغێکی هاوشێوەن لە پەرەسەندنی کەلتوریی ئەسینای کلاسیکی و ئیتالیای چاخی ڕێنیسانس و، سەدەی هەژدەی فەرەنسەو لە دوو سەد ساڵی پاشتریشدا، بەڵام هەر ئەو دوو ڕوە ئێستا کاریگەرییەکەیان لەوە کەمترە کە لە ڕابوردووی نزیك و دوردا هەیانبوە.

تەنانەت سەربردەکانی گەشتیارە بەراییەکانیش، ئەوانەی کە وا دادەنرێن چاوی مرۆڤیان کردۆتەوە بە ڕوی جۆراوجۆری سروشتی مرۆڤایەتیداو، بە ڕوی گومان کردن لە بۆچونی (لە یەکچونی پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی) و پاشتریش بە ڕوی ئەوەدا کە یەك دوا چارەسەر بۆ هەمو نەخۆشیەکانی هەبێ. دیارە ئەمە زۆربەی جارەکان هەر کاریگەریی پێچەوانە بەجێدەهێڵێ. بۆ نمونە دۆزینەوەی بونی مرۆڤ لە بونێکی بەراییدا -لە جەنگەڵەکانی ئەمریکا- وەك هێمایەك لەسەر سروشتە بەراییەکەی مرۆڤ بەکارهێنراوە، هێمای بونی ئەو شتەی کە ناوی (مرۆڤی

سروشتی)ی لێدەنرێ، و کۆمەڵ پێداویستیەکی سروشتی وایان هەبو، کە ئەگەر خەڵك لە لایەن شارستانییەوە گەندەڵ نەکرانایە، لە هەموو شوێنێك ئەو پێداویستیانە دەبو. یان لە لایەن ئەو دامەزراوە دەستکردانەوە گەندەڵ نەکرانایە، کە مرۆڤ لە ئەنجامی هەڵەیەکەوە، یان لە مەیلی حەز بە زیاندان کردنی پیاوانی ئاین پاشاکان و خەڵکانی تری دەستەڵاتخوازەوە دروستی کردون. واتە ئەو کەسانەی کە لە پێناوی کۆنترۆڵکردنێکی زیاترو پاوانکردنی کارەکانیاندا جەماوەریان زۆرترو زۆرتر چەواشە کردوە.

جاران چەمکی (کەسی بەرایی خانەدان) بەشێك بوە لە ئەو ئەفسانەی بێگەردییەی کە تێکەڵ بە سروشتی مرۆیی کراوە، ئەو کەسە پاك و بێتاوانە، بە ئاشتییانە لەگەڵ خۆی و دەوروبەرەکەیدا دەژی. هەر تەنها بەوە شێوێنراوە کە خراپ تێکەڵی کەلتوری گەندەڵی شارە ڕۆژئاواییەکان بوە. ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێ مرۆڤ لە جێگەیەکدا، لە کۆمەڵگەیەکی سروشتیدا بێ، یان خەیاڵی، لە بارێکی سروشتیدا دەژی. ئەوە ئەو بیرۆکەیەیە کە وا باشە مرۆڤ بگەڕێتەوە سەری. لە ناوەڕۆکی تیۆرە بەراییەکاندا هەیە، بە ڕونی و لە زۆر شێوەو مۆدێلدا دەردەکەوێ، لە هەمو پرۆگرامە فەوزەوی و تۆتالیتێرییەکانی ئەم سەد ساڵەی دوواییندا هەیە، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر مارکسیزم و ژمارەیەکی زۆری ئەو بزوتنەوە گەنجانەدا هەیە کە ئامانجگەلێکی ڕادیکاڵی، یان شۆڕشگێڕانەیان هەیە.

پرەنسـیپی هاوبەشـی نێـوان هـەمو ئـەم بۆچـون و بزوتنەوانـە، وەك پێشـتر وتم ئـەو تیۆرەیـە كـە دەڵـێ چـەند ڕاستیەكی گشتی هەن بۆ هەمو خەڵك ڕاستن لە هەمو جێگەو هەمو كاتێدا. ئەو ڕاستیانە پێیان دەگوترێ یاسا گشتیەكان: لای ڕەواقییەكان (یاسای سروشتیە) لـە چاخی ناوەڕاسـتدا (كڵێسایە)، و لە سەردەمی ڕێنیسانسیشدا (یاساییەكانە) و هـەر دژایـەتیكردنێكیان ڕەزیلـی و نـائومێدی و ئـاژاوەی لێدەكەوێتـەوە. ڕاسـتە كۆمەڵـە گومـانێكیش لـەو بیرۆكەیـە كراون: بۆ نمونە سەفسەتایی و گومانكارەكانی یۆنانی كۆن لەو گومانكارانە بون، لە سەردەمێكی پاشتریشدا بۆساگۆراس و هیبیاس و كارنیدس و پیرۆو سكستۆس و ئـەمبیریكۆس، پاشتریش مۆنتاین و، لە سەدەی حەڤدەشـدا پیرۆییـەكان و، لەوانەش گرنگتر مۆنتسكیۆ هەبو كە وایدادەنا شێوە ژیانی جۆراوجـۆر هەیـەو لـە كـەش و شـوێنی جۆراوجـۆردا بـۆ خەڵكانێك گونجاون كە دابونەریتی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام ئەمـەش پێویسـتی بـە وەسـفكردن هەیـە . ڕاسـتە ئەرسـتۆ وتەیـەكی یـەكێك لـە سەفسـەتاییەكانی هێناوەتـەوەو لـەو بڕوایەشدا بوە كە (ئاگر لێرەو لە وڵاتانی فارسیش هەر گڕی هەیە، بەڵام ئەوەی هزر بێ ڕاستەوخۆ لە پێشچاوی خۆشمان دەگۆڕێ. مۆنتسكیۆ گەشتۆتە ئـەوەی دەڵی پێویستە مرۆڤ لە كەشی ساردا جلی گەرم و، لە كەشی گـەرمدا جلی تـەنك لەبەربكات. نەریتە فارسیەكانیش بۆ خـەڵكی پاریس گونجاو نین، بـەڵام ئـەوەی ئـەم بەهانەیـە دەیـەوێ بـەو جۆراوجۆرییـە

پێیبگات ئەوەیە لە سایەی بارودۆخی جۆراوجۆردا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی هاوبەش ئامرازە جۆراوجۆرەکان کاریگەر ترن.

ئەمە تەنانەت لەلای گومانکارێکی بەناوبانگی وەك (دایڤید هیوم)یش ڕاستە، کەچی یەکێك لەو گومانکارانە دەیەوێ لاساری و ئینکاری لەوە بکات کە ئامانجە مرۆییە بنەڕەتییەکان گشتیو هاوشێوەن، ئەگەرچی کە ڕەنگە بەڵگەنەویستی جێگیریش نەبن:

هەمو خەڵك خوارد و خواردنەوەو شوێن و ئارامییان دەوێ، هەمو خەڵك دەیانەوێ وەچەیان هەبێ، هەمو خەڵك هەوڵ دەدەن بۆ دابینکردنی مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و بڕێك ئازادی و ئامرازەکانی دەربڕینی ڕازونیازی خۆیان و شتی لەو شێوەیە. ڕەنگە ئامرازەکانی گەشتن بە ئەم ئامانجانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر جیاواز بن، بەڵام ئەگەر لە ڕوی پرەنسیپەوە جیاوازبن یان نا، هەر بە جێگیری دەمێننەوە: ئەمە بە ڕونی لەوەدا دیارە کە لە یەکچونێکی ڕێژەی بەرز لە نێوان یۆتۆپیا کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی کۆن و نوێدا هەیە.

بەڵێ میکیاڤیلی کوتەکێکی (قورس و توند)ی لەم گریمانانە وەشاندوە. ئەو گومانی لەوە کردوە کە ئەوە شیاو بێ تێڕوانینێکی فەڵەیی بۆ ژیان، بە لێبوردەیی و قوربانیدانەکانیەوە، لەگەڵ ئەگەری دروستکردنی حکومەتێکی بەهێزو لێهاتودا بە یەکەوە کۆبکرێنەوە، چونکە

ئـەو حکومەتـە، نـە لـەلای فەرمانڕەواکانیـەوەو نـە لــە لای هاوڵاتیەکانیەوە پێویسـتی بـە چاکەکارییـە ئەتنیـەکانی وەك ئازادی و زیندەگانی و خۆسـەلماندن نیە، فـەرمانڕەواکانیش ئەگـــەر پێویســـتیەکانی دەوڵـــەت بخـــوازێ توانـــای هەڵسـوکەوتکردنی سەرسـەختانەو دڕندانـەو بێویژدانانـەیان هەیە.

میکیـاڤیلی نـەیتوانیوە لـە هـەمو کایـەکانی نـاوەڕۆکی ململانەی ئەم بەهایانەدا قاڵ ببێتەوە –چونکە فەیلەسوفێکی موحتەریف نەبوە– بەڵام ئەو شتانەی کە وتونی بە درێژایی چـوار سـەدەو نیـو بشـێوییەکی گـەورەی لای هـەندێکی خوێنەرانی دروست کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر تێنەگەشتن لەو مەسەلەیەی وروژاندویەتی کێشەی زۆری ڕوبەڕو بۆتەوە. کلێسـا کارەکـانیی بـە بەدڕەوشـتی دانـاو ئیدانـەی کـرد. مامۆسـتایانی ئاکارناسـی و بیریـارە سیاسـیەکان کـە نوێنەرایەتی ڕەوتی سـەرەکیی هـزری ڕۆژئـاوایی ئـەم بـوارە دەکـەن، هـەمو کارەکـانی ئـەویان بـە وردی وەرنـەگرتوە. بـە بۆچونی من میکیاڤیلی هەندێ کاریگەریی لەسەر هۆبس و ڕۆسۆو فیختەو هیگڵ هەبوە، بە دڵنیاییەوە کاریگەریی لەسەر فریدریکی گەورەی (بڕوسیا)ش هەبوە، ئەم فریدریکە ئەرکی کێشـاو بڵاوکراوەیـەکی ڕەسمیـی بـۆ دانـە بـەر ڕەخنـەی هزرەکانی میکیاڤیلی بە چاپ گەیاند. کاریگەرییەکەی ئەو بە ڕونی بە نیچەو ئەوانەشەوە دیاربو کـە لـە ژێـر کاریگـەریی نیچـەدا بـون. بـەڵام بـە شـێوەیەکی گشـتی، گریمـانی هـەرە

بێزارکـەر لـەلای میکیـاڤیلی لەسـەر چاکەکاریـەکان ڕەنگـە ئەوەبێ کە هـەندێکی پەندەکانی گونجاو نەبن تیۆرێکی ئـەو پێچەوانـەی ئـەو گریمانەیـە کـە مـن لەگـەڵیم و پێـم لەسـەر داگرتـوە، ئـەو گریمانـەی کـە دەڵـێ دەبـێ هـەمو وەڵامـە دروستەکانی پرسیارە جدییەکان لەگەڵ یەکدا گونجاوبن. ئەو گریمانە بە ئارامی و لە زۆربـەی جارەکـاندا فەرامۆشـکراوە. لەوە ناچێ کەس تاوی دابێتە ئەوەی بچێتە ئەو بوارەوەی وا دابنـێ هـەردوو وەڵامدانـەوەی فەڵـەیی و وەسـەنیەکان بـە پرسیارە ئاکارییەکان، یان سیاسیەکان ڕاست بن، لەبەرئەوەی ئەو پێشەکیە لۆژیکییەی کە هەردووکیان کاری پێدەکەن، لەو شێوەیاندا هەڵە نین کە ئەگەری سەلماندنیان هەیـە. ئەوانـە نـەك هـەر گونجـاون، بـەڵکو پێوەرێکـی تـاك و بـاڵا، یـان پێوانەیـەکی حوکمـدان نیـە لـە نێـوان ئـەم دوو ڕوە ئاکارییـە نەیارەدا. ڕێکیان بخات. هەندێکی ئەوانەی کە خۆیان بە فەڵە هەژمار دەکەن، ئەم مەلەسەیە تا ئاستێك نیگەرانیان دەکات، بەڵام حـەزیانکردوە هەڵایـەك حـەقی خۆیـی پێبـدەن. لـە یـەك جیاکردنـەوەی نێوانی ژیانی گشـتی و ژیـانی تایبـەتی، یـان سیاسـەت و ئاکـار هـەرگیز سـەرناگرێ، هـەر لایـەك و داوای مافی زۆر زیاتر دەکـات. ئـەم مەسـەلەیە دەکـرا وەك گرفتێـك بمایەتـەوە، بـەڵام وەك ئەوەی زۆربـەی جـار ڕوودەدات خـەڵك تاقەتی نەبو ڕوبەڕوی ببێتەوە.

گۆشـەیەکی تریـش هـەبو لـە میانـەی ئەویشـەوە گومـان لەسەر ئەم گریمانانە وروژێنرابو، مـن دووپـاتی دەکەمـەوە کە

ئـەو گریمانانــە، گریمانــەکانی یاســای سروشــتین: مۆرکــی مرۆیی ناوەڕۆکێکی جێگیری، لە هەمو کات و شوێنێکدایەو لە گۆڕان نایەت، دەکرێ لای ئەو کەسانەی جۆرێکی گونجاوی ئەبستمۆلۆژیایان هەیە، بناسرێت و بە تەواوی ببینرێ.

کـە لـە سـەردەمی بزوتنـەوەی ڕیفۆرمیسـتیی سـەدەی شانزەدا لە ڕۆژئاواو باکوری ئەوروپادا دەوڵـەتی نەتـەوەیی سەریانهەڵدا، لە ئەنجامی ئەو سەرهەڵدانەوە هـەندێکی ئـەو پارێزەرانەی دەستیان دابوە دارشـتنی مـاف و خواسـتەکای ئـەو میرنشــینانەو پشــتیوانییان لێدەکــردن زۆربــەیان لــە ڕیفۆرمیستەکان بون، ئەمەش بە هۆی ئەوەوەی کە نەیار بون بە دەستەڵاتی کڵێسای ڕۆما، یان لە هەندێباردا نەیار بون، بون بەو سیاسەتی سەنتەربەندییەی کە پادشای فەرەنسە گرتبویەبەر. بۆیە ئەوە بو ناڕازیبونی خۆیانیان وا دەربڕی کە ئەو یاسا ڕۆمانیەی باسی مافی دەستەڵاتی تۆتالیتێریانەی دەکرد بەلای ئەوانەوە هیچی نەدەگەیاند. دیارە ئەوان ڕۆمانی نـەبون، بـەڵکو فـەڕەنگی و سـلتی و ئەسـکەندەناڤی بـون و خاوەنی نەریتی فەڕەنگی و بە ناڤی و ئیسکەندەناڤی بون، لە (لانـگ دۆك) دەژیـان، سـەردەمانێکی دور بـو لـەوێ خـاوەنی دابونەریتی خۆیان بون، ئیتر ڕۆما بۆ ئەوان چی دەگەیەنێت؟ ئەوانــەی فەرەنســە وەچــەی ئەفرەنگییــە ڕزگارکــەرەکانن، باپیرانی ئەوان ڕۆمانیەکانیان ملکەچ پێکرد. ئیتر میراتیان بەرکــەوت و ویســتیان شــتەکانیان بســەلمێنرێ، ئــەوان یاساگەلێکی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، کە ئەفرەنگییە، یان بۆرگەندییە، یان سویسرییە. بۆیە ئەگەر یاسای ڕۆمانی

شتێکی هەبێت بیڵێت، ئەوە بەلای ئەوانەوە گرنگ نیە، بەسەریاندا پیادە نابێ، با ئیتالییەکان ملکەچی ڕۆمابن؟ بۆچی دەبێ فەرهەنگی و تیۆتۆنیەکانی وەچەکانی چەتەکانی ڤایکینگ سەروەریی دەستورو یاسایەکی بێگانەو تۆتالیتێری پەسەند بکەن؟ ئەوانە کۆمەڵگەلێکی جیاوازو کۆمەڵە ڕەگێکی جیاوازو کۆمەڵە یاسایەکی جیاواز، و کۆمەڵە نەتەوەیەکی جیاوازو گروپی جیاوازو نمونەی بالای جیاوازن. هەریەکەو شێوەی گوزەرانکردنی تایبەتیی خۆی هەیە -ئیتر لە کوێوە لایەنێك ئەو مافەی دەبێ فەرمانەکانی بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنێ؟ پاپا (حەبری ئەغوم)یش دوا کەسە کەئەو مافەی هەبێ، ڕیفۆرمیستەکان ئەو داوایەی ئەویشیان ڕەتکردەوە کەداوای کردبو دەستەڵاتێکی ڕوحیی هەیە، دەبو ئەمەش تێکشکاندنی خەونی دروستکردنی یەك جیهان و یەك یاسای تۆتالیتێری بێ و لەوەشەوە تارومارکردنی ئەوەبێ هەموو مرۆڤ لە هەمو کات و شوێنێکدا یەك ئامانجی تۆتالیتێرییان هەبێ.

ڕەنگە ئەو کۆمەڵگە نمونەییەی کە جەنگاوەرە فەرەنگییەکان و تەنانەت وەچەکانیشیان تەسەوریان کردبو، تەواو جیاوازبێ لە خەیاڵی تۆباوییانەی کابرایەکی کۆن، یان نوێی ئیتاڵی و تەواو جیاواز بێ لە خەیاڵی هیندییەك، یان سویدییەك، یان تورکییەك.

لە ئێستا بە دواوە ئیتر تارمایی (ڕێژەیی) هاتە دەرکەوتن و لەگەڵیشیدا هەرەس باوەڕبون بە چەمکی (ئامانجی ناچاریی تۆتالیتێری) بەلای کەمەوە لە هەردوو کایەی کۆمەڵایەتی و

سیاسیدا دەستی پێکرد. پاش ماوەیەك هەستێکی وا هاتە ئاراوە کە لەو مەسەلەیەدا نەك هەر کەموکووڕییەکی مێژوویی و سیاسی هەیە، بەڵکو ئاستێکی هەڵوەشانەوەی لۆژیکییانە لە خودی ئەو بیرۆکەیەدا هەیە، کە جیهانێك بەو قایل بێ گروپگەلێکی ڕەچەك جیاواز، کە دابونەریتی جیاوازی خۆیان و کەسێتی و گۆشەنیگاو چەمك و چین و بۆچونی جیاوازی خۆیانیان لە ژیاندا هەیە وێنەیەکی یەکسانیان هەبێ.

بەڵام جارێکی تریش دەست بۆ ڕونکردنەوەی شتە ناوەکییەکان نەبرا، ڕەنگە ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر بە هۆی ئەو سەرکەوتنە مەزنانەوە بێ کە زانستە سروشتییەکان لەو ماوەیەداو بە تایبەتیش لە ئەنجامی ئاشکراکردنە شۆڕشئامێزەکانی گالیلۆو نیوتن و کەسانی تری عەبقەریی بواری بیرکاری و فیزیاو بایۆلۆژیاوە بوبێ. کە لەوێوە ئیتر جیهانی دەرەوە وا دانرا یەك گەردون بێ، ئەوەتا بە پێی نمونە زۆر باوەکان و بە پیادەکردنی ژمارەیەکی ڕێژەیی کەمی یاسا دەتوانین جوڵەو شوێنی هەمو تەنۆلکەیەك بە وردی دیاری بکەین. بۆ یەکەمجار توانرا قەوارەیەکی شێواوی زانیاریی چاودێری ڕێکبخرێت و بکرێ بە سیستمێکی یەکگرتوی پەیڕەوداری تەواو. ئەی باشە بۆچی ئیتر هەر هەمان ئەم شێوازانە بەسەر ئەو ڕەوشانەدا پیادە نەکەین کە پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە؟ بۆ لە ئاکارو سیاسەت و ڕێکخستنی کۆمەڵدا پیادەی نەکەین و سەرکەوتنی لەو شێوەیە بەدەست بێنین؟ بۆچی وا دادەنرێ مرۆڤ سەر بە

سیستمێکی دەرەوەی سیستمی سروشت بێ؟ هەمو شتێك کە سەلمێنرابێ سەر بە شتە مادییەکانی وەك زیندەوەرو ڕوەك و کانزابێ، ناوی لە زیندەوەرزانی، ڕوەکزانـی، کیمیـا، فیزیـا، گـەردون، یـان هـەر یەکـەی زانسـتە نوێیـەکاندا هاتبێ ملـی ڕێگای بەرەو یەکگرتنیان گرتوە. لە گریمانەوە بەرەو کۆمەڵە واقع و ڕوداوێـك دەچـن کـە چاودێرییـان کـراوەو لـە ڕێگـەی چاودێریکردنـەوە تێیـدا گەشـتون بـە کۆمەڵـە بـەرەنجامێکی زانستیی وا، کە دەچنە ژێر تاقیکردنەوەو، هەمو بە یەکەوە سیسـتمێکی زانسـتیی یـەکگرتو دروسـت دەکـەن -باشـە ئـەی ئەمە بەسەر گرفتە مرۆییەکانیشدا بۆچی پیادە نەبێ؟ بۆچی ئێمـە لاواز بـین لـە هێنانـە کایـەی زانسـتێك، یـان کۆمەڵـە زانستێکی مرۆڤناسـی؟ لـێرەدا کۆمەڵـە چارەسـەرێکی ڕون و دڵنیایی پێشکەش دەکەین، وەك ئەوانـەی کـە لـە زانسـتەکانی ناسینی جیهانی دەرەوەدا دەستمان دەکەون.

ئەم پێشنیارە تازەو شۆڕشگێڕانە بوو، زۆر گونجاو بـو، بیریارەکانی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری بە تایبەتیش لە فەرەنسە بـە گـەرمی چەپڵـەیان بـۆ لێـدا. بـە دڵنیاییـەوە گریمـانێکی لەمشـێوەیە لـە بـارە. ئـەو گریمانـەش ئەوەیـە کـە مـرۆڤ سروشـتێکی هەیـە، ئەگـەری تاقیکردنـەوەی هەیـە، بـۆ چاودێریکردن لـە بارەو شـیدەکرێتەوە، وەك هـەمو بونـەوەرە زیندوەکان و شێوە زیندوەکانی مادە دەپشکنرێ. بەرنامەی کارەکە بە ڕونی دەستپێکرد: دەبێ لە ڕوی زانستیەوە بگەین بەوەی مرۆڤ لەچی پێکدێ؟ پێویستی بەچی دەبێ بۆ ئەوەی

گەشە بکات و هەست بە قایلبون بکات؟ کاتێك مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ کە خۆی چیەو چیی دەوێ، پاش ئەوە دەپرسێ داخوازییەکانیی لە کوێ دەست بکەوێ. ئەمجا بە هۆی داهێنان دۆزینەوە گونجاوەکانەوە، پێویستی و داخوازیەکانی مرۆڤ دابیندەبێ، بەمشێوەیە داهێنان بەرکەماڵ دەبێ، ئەگەر کامڵبونێکی تەواویش نەبێ، هیچ نەبێ بارێك دەبێ خۆشترو عەقڵانیتر لەوەی ئێستا باوە.

ئەی بۆچی ئەمانە وا نەبن؟ لەبەرئەوەی ئەو گەمژەیی و لایەنگری و پوچگەرایی و نەزانی و خەڵەفانەی کە ئاوەز پەردەپۆش دەکەن، و چڵێسی و ترس و ئارەزوی کۆنتڕۆڵ کردن و دڕندەیی، و نائارامی و ئەو دەمارگیرییەش کە لەگەڵ ئەمانەدایە، بە هەمویان گەشتون بەم بارە ناهەموارەی کە سەردەمانێکی درێژە مرۆڤ ناچار کراوە تێیدا بژی. شکستخواردنی ناچاری یان خۆویستمان لە زانین و چاودێریکردنی ئەوەی کەچی لە جیهاندا هەیە، مرۆڤی لەو ئەبستمۆلۆژیایە بێبەری کردوە کە بۆ چاککردنی مەرجەکانی ژیانی خۆی پێویستی پێیەتی. ئەبستمۆلۆژیای زانستی تاکە شتێکە بتوانێت ڕزگارمان بکات. ئەمە پرەنسیپی بنچینەیی بزوتنەوەی ڕۆشنگەریی فەرەنسەیە، کە بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی مەزن بو، لە سەردەمی خۆیدا بڕێکی زۆری دەمارگیری و پوچگەرایی و ستەم و تاریکخوازیی وەلانا.

پاش ماوەیەك ئەم شەپۆلە ئاوەزکارییە گرنگە ڕوبەڕوی کاردانەوەیەکی حەتمی بوەوە، بەلای منەوە ئەوە ڕوداوێکی

مێژوییـه، کـه لـه هـەر کوێـدا ئاوەزکـاری دەگاتـە سـنورێکی پێشـکەوتو، بـارێکی بـەرەنگاریی سـۆزداری (بزوتنـەوەی کۆنەپارێزی) لە شتە ناعەقڵانیەکانی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدەن.
لـە یۆنـان لـە دوو سەدەی چوارەم و سێیەمی پێش زاینـەوە، کاتێك کە خوێندنگە سۆکراتییە مەزنەکان ڕەوتە ئاوەزکارییە جوانـەکانی خۆیانیـان پێشـکەش کـرد، شـتێکی لـەو بابەتـە ڕویـدا. مێژوونوسـەکانی ئاینـە یۆنانیـەکان پێمـان دەڵێـن لـە پـاش ئـەو ئاوەزکارییـە سـۆکراتیەوە ئاینـە سـروت تەمومژاویـەکان، و بڕواداری بەهێزە نهێنی و نائاوەزکـاری و ناوەکیەکان گەشەسەندنێکی زۆرو زەوەندیان بە خۆوە بینـی.
تەلاری بەهێزو سەختی یاسای ڕۆمانیش یەکێکە لە گرنگترین دەسـتکەوتەکانی شارسـتانیی مرۆیـی و لەگـەڵ ئەویشـدا بونیـادی (یاسـایی- ئـاینی)ی گـەورەی جولەکـەیی کـۆن. بەرەنگارییـەکی سـۆزداریی حەماسـییان بـەدوادا هـات و لـە پەرەسەندن و سەرکەوتنی ئاینی فەڵەییدا گەشت بە لوتکە.
لە چاخە ناوینەکانی دواییدا کاردانەوەیەکی هاوشێوە لە دژی بونیادە لۆژیکییە مەزنەکانی مامۆستایانی زانکۆکانیش هـەبون. ئەوەشـی لـە مـاوەی ڕیفۆرمـدا ڕویـدا لەوانـە جیـاواز نـەبو، لـە کۆتایشـدا، پـاش ئـەو سـەرکەوتنانەوە کـە ڕوحـی زانستیانە لە ڕۆژئاوا بە دەستی هێناوە، دوو سـەدەیەك دەبێ بزوتنەوەیەکی نەیاری بەهێز دەرکەوتوە.
ئـەم کاردانەوەیـە بـە پلـەی یەکـەم لـە ئـەڵمانیاوە هـات، ئەوکاتـە پێویسـتبو لەسـەر بـاری کۆمەڵایـەتی و ئـایینی ئەڵمانیای ئەو سەردەمە شتێك بوترێت.

لەگەڵ هاتنی سەدەی حەڤدەدا، پێش ئەو وێرنکارییەی لە شەڕی سی ساڵە کەوتەوە وڵاتەکانی ئەڵمانیزمان، لەبەر چەند هۆیەك کە بە خۆی ڕەوا نابینم باسیان بکەم، خۆیانیان وابینی کە لە کەلتووردا لە دراوسێکانی خۆیان، ئەوانەی ئەوبەری (ڕاین) نزمترن لە زۆربەی ساڵەکانی سەدەی حەڤدەدا فەرەنسیەکان لە هەمو بوارەکانی ژیانی ڕوحی و مادیدا وەك یەك، سەروەر بون. هێزە سەربازییەکەیان، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئابورییان، بیریاران و زاناو فەیلەسوف و وێنەکێش و ئاوازدانەرو شاعیرو شانۆکارو ئەندازیارە تەلارسازەکانیان، سەرکەوتنیان لە هونەرەکانی ژیانی گشتیدا، لە هەمویاندا سەروەر بون.

هەمو ئەمانە وای لێکردن سەرکردایەتی هەمو ئەوروپا بکەن، ئەوە ناسەلمێنرێ کە ئەگەر لەو کاتەدا و پاشتریش ویستبێتیان شارستانی وەك خۆی و بە هۆی کەلتورە تایبەتیەکەی خۆیانەوە پێناسە بکەن، گلەییان لێکرابێ.

ئەگەر نفوزی فەرەنسە لە سەدەی حەڤدەدا گەشتبێتە لوتکەیەکی بێوێنە، ئەوا وڵاتانی تری ڕۆژئاواش پێشکەوتنێکی کەلتوریی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینی: ئەمە ئینگلتەرەی کۆتاییەکانی قۆناغی ئەلیزابیسی و ستیۆراتی ڕاستە، ئەمەش هاوکاتبو لەگەڵ چاخی زێڕینی ئیسپانیاو، ڕێنیسانسە هونەریو زانستیە مەزنەکەی وڵاتە نزمەکانیشدا، ئیتالیاش لەگەڵ ئەوەدا کە وابزانم لە پلەوپایەکەی سەدەی پانزەدا نەمابو، هونەرمەندو زانای خاوەن داهێنانی مەزنی

پێشکەشکرد. تەنانەت (ئاسوج)یش لەوپەڕی باکورەوە کەوتبوە جوڵە.

گەلانی ئەڵمانیزمان نەیاندەتوانی خۆیان بە شتێکی لەو شێوەوە بابدەن. ئەگەر لێمان پرسرا ئەو بەشدارییە دیارانە چین کە وڵاتی (ئەڵمانی-زمان) لە سەدەی حەڤدەدا پێشکەشی شارستانی ئەوروپییان کردوە، لە شتێکی کەم بەولاوە هیچ نیە پەنجەی بخەینە سەر، بە جیا لە هونەری تەلارسازی و دەرکەوتنی (کیپلەر)ی بێوێنە. دیارە بەهرەی ڕەسەن لە لاهوتدا نەبێ دەرناکەوێت.

کەم تیایاندا هەڵکەوتوە شاعیران و ڕۆشنبیران و بیریاران بگەنە پلەیەکی باڵاتر لە بارە ڕێژییەکە. دیارە (لایبنتنز) لە وڵاتی خۆیدا ژمارەیەکی کەمی خەڵکی پێشەنگی پێش خۆیی هەبوە. وا دەزانم دەکرێ شیکردنەوەی ئەمبارە بە شێوەیەکی لاوەکی ببەینەوە سەر لاوازییە ئابوری و پەرتبونە سیاسییەکانی ئەڵمانیا. من نیازمە واقعەکان خۆیان، بە بەکارهێنانی خۆیان بسەلمێنم. سەرباری ئەوەی ئاستی گشتیی فێربون لە ئەڵمانیا بە ڕێژەی هەر بە بەرزی مایەوە، شێوەی ژیان و هونەرو هزر بە زۆری هەر بە مۆرکی لادێییانەوە مایەوە. هەڵوێستی وڵاتە پێشکەوتوەکانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتیش هەڵوێستی فەرەنسیەکان لەوە دەچێ هەر لە گوێپێنەدانەوە تەئیدیان کردبێ، بۆیە پاش ماوەیەك ئەو ئەڵمانیانەی کە هەستیان بە کەمایەتی دەکرد، لە ئاستێکی بەرتەسکدا کەوتنە چاولێکەریی فەرەنسیەکانی

پێشـــەوایان. لەمەشـــەوە ئیـــتر وەك شـــتێکی سروشـــتی کارلێکێکی کەلتوری دروستبو، هەرزوش هەستی برینداری نەتەوەیی کەوتە بەرچاو و هەندێجاریش برێك دوژمنکارانە دەردەکەوت.

ئەمە وەڵامدانەوەیەکی سروشتیی وڵاتانی دواکەوتوە کاتێك کە زۆر بە قێزەونی و برێکی زۆری خۆ بە زلزانینەوە لەلای وڵاتانی پێشکەوتوترەوە سەیریان دەکرێ. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ژمارەیەك سەرکردەی کڵێسا لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیادا دەرکەوتن، ئەم سەرکردانە کە سەلیقەدارن و تێرامانی هەناوییان هەیە هێرشێکی پێچەوانەیان دەستپێکرد. مەبەستی ئەم هێرشە ئەوە بو بێزاریی خەڵك لە دژی سەرکەوتنە دنیاییەکانی فەرەنسیەکان بوروژێنن، دەیانوت: ئەو فەرەنسیانەو لاساییەکەرەوەکانیان لە شوێنێکی تر دەتوانن بە شتێکەوە بنازن کە ڕواڵەتێکی پووچ بەولاوە هیچی دیکە نیە. ئەو شتەی کە گرنگی ڕەهای هەبێ و بە دەستیشی بهێنێت ژیانی هەناوی (الباطنیة) و ژیانی رووحیە کە گرنگی بە پەیوەندی مرۆڤ و مرۆڤ و، خودی مرۆڤ و خواوە هەیە. فەرەنسیە لە خۆبایی و پووچ و مادییەکان هەست بە هیچکامی ئەو بەها ڕەوایانە ناکەن، کە تەنها بە هۆی ئەوانەوە مرۆڤ دەژی. دەبا ئیتر هەمو هونەرو زانست و یانە ئەدەبییەکان و دەوڵەمەندی و مەزنییەکان کە پێوەی دەنازن بۆ خۆیان بێ. هەمو ئەمانە پاشەڕۆن، فەری بێکەڵکی جەستەی گەنیون. فەیلەسوفەکانیش پێشەوای

کوێری خەڵکانی کوێرن. هەر بۆچونێك لەسەر هەر شتێکی بە ڕاستی گرنگ بونیادنرابێ، ئەوان دورن لێیەوە. جیهانی دیدگای سەلیقەداری و هەناویی ڕوحیی ئەڵمانیش بریتیبو لە ڕۆچونی تەمومژاوی و بە ئازاری بێکۆتایی ناو ناخی مرۆڤی هەڵەکار و نەمر، کە هاوشێوەی سروشتی خوایی دروستکراوە.

پلە بە پلە ئەم وێنە خۆکارەی ناسنامەی ئەڵمانی تیژترو ڕوونتر بۆوە، جۆرێك لە بێزاریی ئاستی نەتەوەییش هەبو وزەی پێدەدا.

ڕەنگە قەشە (یۆهان گۆتفرێد هێردەر)ی فەیلەسوف و شاعیرو ڕەخنەگر، یەکەم کەسبێ بە ڕوونییەکی تەواو مژدەی دروستبونی ئەم هەڵوێستەی دابێ. ئەو ئەم هۆشە خۆییە کەلتورییەی کرد بە پرەنسیپێکی گشتی. ئەو وەك مێژونوسێکی ئەدیب و وتارنوسێك دەستیپێکرد، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بەهاکان شمولی نین، هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، هەر گەلێك، هەر چاخ و هەر شارستانییەك نمونەی تایبەتی دانسقەی خۆی و پێوەرو شێوەی گوزەرانکردن و بیرکردنەوە و کارکردنی هەیە.

کۆمەڵە یاسایەکی جێگیرو شمولی و ئەزەلی، یان کۆمەڵە پێوەرێکی حوکمدانی وا نیە کە کەلتورو نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە پلەبەندیی بالاییدا پۆلێن بکات و، (وەك کارەکەی ڤۆڵتێر، ئەکەر ڤۆڵتێر ڕاست بکات) فەرەنسیەکان لە بەرزترین ئاستی داهێنانی مرۆییدا دابنێت و، ئەڵمانەکانیش

لــە نزمــترین پلــەدا لــەناو لیتــەی بڵقــی هەڵخەڵەتێنــەری تاریکستانیی ئاینی و لـەناو سـنورێکی بەرتەسـکی لادێـی و ژیانی لادێییانەی ساولیکەییدا دابنــێ. هـەر (کۆمـەڵ)ەو، هـەر چاخەو ئاسۆی کەلتوریی تایبەت بە خۆیی هەیە. هـەر گەلـەو دابونەریتی تایبەتی و کەسێتیی تایبەتی و سیمای تایبەتیی خۆیـی هەیـە. هـەر نەتەوەیـەك چـەقێکی قورسـایی ئاکـاریی خۆیـی هەیــە، لــە هــی نەتەوەیــەکیتر جیــاوازەو تەنــها لــەو جیاوازیەشدا دەتوانێ پێویستیە نەتەوەییە تایبەتیـەکانی و کەسێتییە دانسقەکەی پەرە پێبدات.

هیچ هۆکارێك نیـە مـرۆڤ ناچـار بکـات هـەوڵبدات دوای لاسـاییکردنەوەی نمونـەی بێگانـە بکـەوێ، یـان بگەڕێتـەوە سـەردەمێکی ڕابـردوو. هـەمو سـەردەم و هـەمو کۆمـەڵێك لـە ئامانج و نەریت و بەهایاندا لە ئەوانیتر جیاوازن.

خەملاندنی مێژوی مرۆیی بەو شێوەیەی کە یەك پرۆسەی خـەباتی یـەکگرتوو گشتی بێ لـە پێنـاوی ڕونـاکیداو قۆناغـە دواییـنـــەکانی و ناوەڕۆکـــەکانی ئـــەو قۆناغانـــە بـــالاترو پلەبـــەرزترین لـــە قۆناغـــەکانی پێشـــوتری خۆیـــان، و بەرایـیـەکانیش نـەویترین لـە پاشـکەوتوان، بەسـەر هەڵەیـەکی گەورەماندا دەبات.

هۆمــیرۆس ئەرســتۆیەکی بــەرایی نیــە، شکســپیریش (ڕاسین)ێکی دواکەوتو نیە. (ئەم نمونانـە هـی هـێردەر نـین) حوکمــدان بەســـەر کــەلتورێکدا بــە بــەکارهێنانی کۆمەڵـــە پێوەرێکـی کـەلتوریی تــر پەککـەوتنی خـەیاڵ و هەسـتی لێدەکەوێتەوە.

هەر کەلتورەو سیفاتی جیاکەرەوەی خۆیی هەیە، کە پێویستە بە خۆیانداو لە پێناوی خۆیاندا بناسرێنەوە. پێویستە مرۆڤ لە پێناوی تێگەیشتنی کەلتورێکدا پەنا بۆ هەمان ئەو توانا سروشتیانە ببات کە بینایی سۆزداریمانن و بە هۆیانەوە یەکتری دەناسینەوە، و بەبێ ئەو نە خۆشەویستی و نە هاوڕێیەتیو، نە پەیوەندیی مرۆیی ڕاستەقینە دروست دەکەین. دیاریایکردنی هەڵوێستی مرۆڤێك لەسەر مرۆڤێکی تر پێویستە لەسەر بنەمای هۆشی تەنها خودی خۆی بێ، نەك لەسەر ئەو هۆشانەی کە لەگەڵ خەڵکانی تردا تێیدا بەشدارە. لەبەرئەوەی تەنها زانستە سروشتیەکان شتە هاوبەشەکان دەستنیشان دەکات و حوکمی گشتی دەردەکات.

پەیوەندییە مرۆییەکان لەسەر بنەمای داننان بە تاکە کەسیدا ڕادەوەستێ، دیارە ناکرێ تاکە کەسیش بە شێوەیەکی فراوانگیر پێناسە بکرێ و شیبکرێتەوە. تێگەیشتن لە گروپەکان و کەلتورەکان و سەردەمەکانیش، کە ئایا چین و خەبات لە پێناوی چیدا دەکەن و چۆن هەست دەکەن و دەناڵێنن و داهێنان دەکەن!، چۆن گوزارە لە خۆیان دەکەن و سەیری خۆیان دەکەن و بیردەکەنەوەو کاردەکەن؟ هەر بەو شێوەیەیە.

کۆمەڵبەستنی خەڵك لە چەند گروپێکدا لەبەرئەوەیە دەزانن چی یەکیان دەخات. پەیوەندیی یەکرەچەڵەکی، زمان، زەوی، ئەزمونی بە کۆمەڵێ. ئەم پەیوەندییانە دانسقەو

بنـەڕەتین. کـــەلتوری یۆنـــانی بـــە شـــێوەیەکی ســـەراپاگیرو دانسقەش یۆنانیە. هندو وڵاتی فارس و هەریەکەو خۆی لە خۆی دەچێ نەك لە شتی تر. ئێمەش کەلتوری خۆمان بۆ خۆمانـــە، کـــەلتورەکان نـــاپێورێن، هەریەکـــەو خـــۆی وەك خۆیـــەتی، هەریەکـەیان وەك بـەهای گیانـەکان لـەلای خـوا، بەهایەکی ڕەهای خۆیی هەیە. ئەگەر یـەکێکیان لـە پێنـاوی بـــەرژەوەندیی یـــەکێکی تریـــاندا لابـــدرێ، ئەگـــەر وەك کـاروکردەوەی پـەلاماردەرە گـەورەکان کۆمەڵگەیـەك ملکـەچ بکـرێ، شارسـتانییەك وێـران بکـرێ، ئـەوا ئەمانـە تـاوانی گەورەن دژ بەو مافەی مرۆڤ، کە مافی ئـەوەی هەیـە خـۆی بونیاد بنێ و لە ڕۆشنایی بەها نمونەیی و خۆییەکانی خۆیدا بژی.

ئەگەر بە مەبەستەوە ئەڵمانییەکت تاراندو واتلێکـرد لـە ئەمریکا بژی، پاشتر ئەو نائومێد دەبێو پێـوەی دەناڵێنـێ، چونکە مرۆڤ تەنها لە نێوان ئەو خەڵکانەدا دەتوانێ ئاسودە بێو بە ئازادی کاربکات کە لێی تێدەگەن. ئەگەر تەنها بیت، مانـای وایـە تـۆ لـە نێـوان کەسـانێکدا ئامـادەیت تێناگـەن مەبەستت چیە!. تاراوگە و تەنیایی ئەوەیە خـۆت لـە نێـوان خەڵکانێکدا ببینیت وشەکان و هێماکان و نوسینیان جیاواز بێ لەوانەی تۆ پێیان ئاشنایت. ڕەوشت و کاردانەوەو هەست و وەڵامدانەوە غەریزەییەکان و هزرو ئاسـودەیی و ماتـەمیان زۆر لەوانـە دوربـن کـە تـۆ تـاقیت کردونەتـەوە. کـەلتورو ڕاو مۆرك و جۆری ژیانیان بۆ تۆ نەبێ، زۆر ڕەوش هەن، لە نێوان

هەموو خەڵكدا هاوبەشن، بەڵام ئەمانەیان لە ڕوی گرنگییەوە بە پلەی یەكەم نایەن. ئەو شتانەی كە خەڵكانێك جیادەكاتەوەو شێوەیەكیان دەداتێ و درێژەپێدانی پەیوەندییەكەیان دەكات بە شتێكی شیاو، ئەوانە ئەو شتانەن كە لە نێوان ئەوان و خەڵكانیتردا هاوبەشنین. جیاوازییەكان و تایبەتمەندییەكان و جیاوازییە وردەكان و كەسێتیی تاكەكەسی هەمو شتێكە ئەمە بیروباوەڕێكی نوێیە، (هێردەر) بە شێوازێكی تەواو جیاواز لە شێوازی (ڤۆڵتێر) جیاوازییە كەلتورییەكان و كرۆكی كەلتورو خودی بیرۆكەی پەرەسەندنی مێژویی ناسیوە. بەلای (هێردەر)ەوە ئەو شتانەی ئەڵمانیا دەكەن بە ئەڵمانیا ڕاستیی ڕێگاكانی نانخواردن و خواردنەوەیان، دادپەروەرییان، هەڵبەستنی شیعریان، پەرستیارییان، ڕێكخستنی كاروباری موڵكدارییان، هەستان و دانیشتن و ڕزق و ڕۆزی پەیداكردنیان، گۆرانی وتنیان، شەڕكردنیان و ئیدارەدانی ژیانی سیاسییانەو وایانلێدەكات، كەسێتییەكی دیاریكراوی هاوبەش، تایبەتمەندییەكی چۆنایەتی، مۆركێكی گشتیی ئەڵمانیاییانەیان هەبێ، ئەمە وا دەكات ئەم شێوازانە جیاوازبن لە هەمان ئەم شێوازانەی چینیەكان، یان پورتوگالییەكان. بەلای (هێردەر)ەوە لە نێوانی ئەم گەلانە، یان كەلتورانەدا ئەوە نیە لایەكیان بەسەر لایەكیاندا سەركەوتوبن، هەر جیاوازن و هیچیتر، ئەمجا لەبەرئەوەی جیاوازن كەواتە هەوڵ بۆ ئامانجگەلێكی جیاواز دەدەن، كەسێتیی تایبەتی و بەهاكانیان لەوەیاندایە.

بەهاو سیفەتە کەسێتیەکانیش قابیلی پێوان نین، ئەگەر یەك سیستمی لێهاتویی هەبێ کەوا دابنێ یەك پێوەر هەبێ بۆ ئەو سیستمە، ئەوە بە دیدی هێردەر چاوپۆشینە لەو شتانەی کە مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ. ئەگەر هەوڵ بدەیت ئەڵمانییەك بکەیت بە فەرەنسییەکی پلە دوو، ئەو ئەڵمانییە ناتوانێت ئاسودە بێ، ئایزلەندیەکان بە گوزەرانکردن لە دانیمارك ئاسودە نابن، ئەوروپییەکانیش بە ڕەوکردن بۆ ئەمریکا ئەو ئاسودەییە نادۆزنەوە. خەڵك ناتوانن توانا گشتیەکانیان پەرەپێبدەن تەنها بەوە نەبێ بەردەوام لەو شوێنە بژین کە خۆیان و باپیرانیان لێی لە دایکبون. بە زمانی خۆیان قسەبکەن. ژیانی خۆیان لە چێوەی بونیادی دابەکانی کۆمەڵگەو کەلتوری خۆیاندا بگوزەرێنن. خەڵك خۆیان خەلق ناکەن، لەناو دابونەریتدا لە دایکدەبن. لە دابونەریتیش گرنگتر زمانە، زمان هزرو هەستوسۆزیان دادەڕژێو ناتوانن وازی لێهێنن یان بیگۆڕن، ژیانی هەناوییان پێکدێنێ. سیفەتە هاوبەشەکانی نێوان خەڵك سروشتی تاکەکەس، یان گەل کامڵ ناکات. بەڵکو ئەو سیفەتانە هێندەی تریش پشت بەو تایبەتمەندییانەش دەبەستن کە لە ئەنجامی وابەستەبون بە شوێن و کات و کەلتورەوە دروست دەبن و مرۆڤ سەر بە ئەوانە. فەرامۆشکردن و پلیشاندنەوەی ئەم تایبەتمەندییانە دەکاتە لە ناودانی ڕۆح و جەستەی خەڵك بە یەکەوە (بونی من بۆ ئەوە نیە بیربکەمەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە هەبم، هەست بکەم، بژیم) بەلای هێردەرەوە هەمو کردەیەك و هەمو شێوەیەك لە

شـێوەکانی ژیـان مۆرکێکـی خۆیـی هەیـە، جیـاوازە لــە هــەر مۆرکێکـی تـر. یـەکێتیی سروشــتی بـەلای هــێردەرەوە ئـەو شــتەیە کــە پێیدەگوترێــت (گــەل- Das Volk) و پایـــە بنچینەییـەکانیش بریتین لـە زەوی و زمـان، نـەك ڕەگـەز، یـان ڕەگ، یـان ئـاین. ئەمـە ئامۆژگارییـە مژدەبەخشـیەکەی هـەمو ژیانی هێردەر بو، چونکە هێردەر قەشەیەکی پرۆتستانتی بو، ئەو ئامۆژگارییەی ئاراستەی هەمو ئەڵمانیزمانەکان دەکرد.

بـەڵام ئەگـەر ئەمـە ڕاسـتبێ، ئەگـەر بیروبـاوەڕی چـاخی ڕۆشنگەریی فەرەنسە ئەو گریمانە بنچینەییەی ڕۆژئاوابێ کە باسمکرد. و دەڵێ هەمو بەها ڕاو دروستەکان جێگیرو نەمرو کوللیین، ئەگـەر ئەمانـە پێویسـتیان بـەوە هـەبێ بـەو تیژییـە پێیاندا بچینەوە، کەواتە دەبێ هەڵەیەکی ڕەگاژۆ لـە بیرۆکـەی کۆمەڵگەی نمونەییدا هەبێ. هۆکاری بونی ئەم هەڵەیـەش لای ئەوانــە نادۆزینــەوە کــە چــەند تێزێکیــان لــە دژی هـــزرە تۆباوییـەکان پێشکەشکردوە. هـەروەها لـە ڕویـەتی تریشـەوە گەشتن بە کۆمەڵگەیەکی لەو شێوەیە شیاو نیە، چونکە خەڵك ئەو ئاستە پێویستەی حیکمـەت و لێهاتویی و سەرڕاستییان نیــە، یــان نــاتوانن ئــەو پلــە پێویســتەی ئەبســتمۆلۆژیاو سوربوونە بە دەسـت بـهێنن، لەبـەر ئـەوەی یەکـەم هەڵەکـەی مرۆڤایـەتی گـەردداری کردون، تـا لـەم ژیانـەدا بـن ناگـەن بـە کـەماڵی تـەواو. هۆکاری نەگەشتنەکە تـەواو جیـاوازە: دەبـێ بیرۆکەی بونی یەك کۆمەڵگەی نمونەیی بۆ هەمو مرۆڤ، لەناو خۆیدا هاودژو پێچەوانە بێ، چونکە ئارامگای شـەهیدانی (*١)

ئەڵمانەکان جیاوازە لە ژیانی ئایندەیی فەرەنسیەکان. چونکە بەهەشتی موسوڵمانان هەمان بەهەشتەکەی جولەکەو فەڵەکان نیە. لەوانەشە ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا کابرایەکی فەرەنسی دەگات بە هێنانەدیی کامڵبون و ئاواتەکانی، بەلای کابرایەکی ئەڵمانیەوە کۆمەڵگەیەکی خنکێنەر بێ.

کەواتە گەشتین بەوەی کامڵبونیش نمونەی فرەی هەیە، وەك فرە نمونەیی ئەبستمۆلۆژیا، زانیشمان هەر کەسەو کۆمەڵە چاکەیەکی پەسەندکراوی خۆیی هەیە، کەواتە لە ڕوی لۆژیکەوە تیۆری ئەگەری ڕاساندنی کۆمەڵگەیەکی کامڵ تیۆرێکی کەموکرچە. بە ڕای من ئەمە سەرەتای هێرشە نوێکەیە بۆ سەر تیۆری یۆتۆپیاو، خودی یۆتۆپیا.

بزوتنەوەی ڕۆمانسی لە ئەڵمانیا کە تا ئاستێکی زۆر لەژێر کاریگەریی (فیختە)ی فەیلەسوفدایە، پاڵێکی خۆیی بەهێزی بە ئەم تێڕوانینە جیهانیە (٢) داهێنراوو شۆڕشگێڕانەوە ناوە. بەلای (فریدریك شلیگل)ی لاوو، یان (تییێك) یان (نۆڤالیس)ەوە بەها ئاکاری و سیاسی و هونەرییەکان بابەتییانە پێشکەش ناکرێن، چونکە ئەوانە کۆمەڵە ئەستێرەیەکی ئاسمانێکی ئەفلاتۆنی نین. هەروەها دەهەری و لە گۆڕان نەهاتونین. خەڵکیش لە میانەی بەکارهێنانی ڕێگا گونجاوەکانی بینینی میتافیزیایی، و شوێنکەوتنی زانستیانەو گفتوگۆکردنی فەلسەفیانە، یان سروشی خواییەوە نەبێ ناتوانێت بیاندۆزێتەوە.

چونکە بەهاکان لەناو ناخی داهێنەرانەی مرۆڤەوە لە دایك دەبن. مرۆڤ بونەوەرێکە هەر تەنها ئاوەزی پێنەبەخشراوە،

بەڵکو ئیرادەشی پێبەخشراوە. ئیرادەش کاری داهێنەرانەیە لای مرۆڤ. نمونەی نوێی سروشتی مرۆڤ، بە پێی گونجانی لەگەڵ وێناکردنی نوێی داهێنانی هونەریدا وێنادەکرێ، ئێستا ئیتر نابەسترێتەوە بەو یاسا بابەتیانەوە کە لە سروشتی نمونەیی سەراپاگیر (La Bella Natura) یان ڕاستیە ئەبەدییە کیلاسیکییەکان، یان یاسای سروشتی، یان شەرعڕێژی پیرۆزەوە وەرگیراون.

ئەگەر بەراوردێکی نێوانی بیروبۆچونە کلاسیکییەکان، یان تەنانەت نیو کلاسیکیەکانی دوایی، و تا ئاستێك ئەفلاتۆنی و تیۆریستەکانی وەك (جۆشوا ڕینۆلزند( یان ژان-فیلیڤ ڕامۆ-) بکەین لەگەڵ نەیارە ڕۆمانسییەکانیاندا ئەوەمان بە ڕونی بۆ ڕون دەبێتەوە.

لە ڕاستیدا ڕینۆڵدز لە موحازەرەیەکی بەناوبانگیدا لەسەر (شێوازی مەزن) وتویەتی ئەگەر وێنەی پاشایەك بکێشیت، دەبێ هەندێ چەمکی پاشایی تێدا پیشان بدەیت. ڕەنگە داودی پاشای ئیسرائیل، لە ژیانی خۆیدا پیاوێکی بالآ ناوەندی بوبێ، لەشی کەموکوڕیی تێدابوبێ، بەلآم لەبەرئەوەی پاشا بوە تۆ ناتوانیت بەو شێوەیە وێنەی بکێشیت.

کەواتە پێویستە وا وێنەی بکێشیت کە کەسێتییەکی پادشاییە، پادشاییش سیفەتێکی هەمیشەیی جێگیرو یەکگرتوە، لە هەموو کات و شوێنێکدا تەنها بینینی بەسەر بۆ ناسینەوەی، تا ئاستێك لە بیرۆکەیەکی (ئەفلاتۆنیانە) دەچێ،

لـە مـەودای چـاوی ئەزمونگەرییانـە دوورتـرە، سـەردەمەو سەردەم و بە گۆڕانی بۆچونیش ناگۆڕێت. ئەرکی وێنەکێش، یان پەیکەرتاش ئەوەیە بتوانێ پەردەی ڕوکەش تێپەڕێنێ، بۆ ئـەوەی بتوانێـت نـاوەڕۆکی پاشـایەتی بـە پوختـی هەسـت پێبکات و بیگوێزێتەوە بۆ سەر قوماشی تابلۆکەی، یان ئەو مەڕمەڕ، یان تەختە یان هەر ئامرازەی کە هونەرمەندەکە بۆ بەکارهێنان هەڵیدەبژێرێ.

ڕامـۆش بـە هـەمان شـێوە قەناعـەتی وابـو کـە ئـەرکی ئاوازدانـەر ئەوەیـە دەنـگ بـۆ پیشـاندانی ئـەو گونجانـە بەکاربهێنێ کە گوێی ئاسایی هەستی پێنەکردوە (مەبەست لە گونجانەکە ئەو ڕێژە ماتماتیکییە بەرجەستە هەمیشەییەیە کە لـە گـەردونی مـەزندا لـە سروشـتی شـتەکاندا هەیـە) و ئـەو سیستم و جوانیانە دەدات بە فۆڕمی دەنگە مۆسیقییەکان کە هونەرمـەندی داهێنـەر دایاندەهێنـێ، یـان بـە باشـترین شـێوە کۆپییان دەکات، یان لاسایین دەکاتەوە. ئەم مەسەلەیە بەسەر ئەوانەدا پیادە نابێ کـە کەوتونەتـە ژێـر کاریگـەریی ڕەوتـی ڕۆمانسـیانەی نوێـوە. وێنـەکێش داهێنـان دەکـات، کۆپـی ناکـات، لاسـایی ناکاتـەوە، پـەیڕەوی لـە کۆمەڵـە یاسـایەکی دیـاریکراو ناکـات، بـەڵکو خـۆی یاسـا دادەڕژێ. بـەهاکان ئاشـکرا نـاکرێن دادەهێـنرێن، نادۆزرێنـەوە، بـەڵکو بـە هـۆی ئـیرادەی خـەیاڵ و ئـیرادەی داهێنەرانـەوە دروسـت دەکرێـن، ئـەوانیش وەکـو داهێنـانی کـارە هونەرییـەکان و پـلان و مۆرکەکانی ژیانن.

بەڵام بە خەیاڵی کێو ئیرادەی کێ؟ فیختە باسی (خود-من) دەکات، ئەو خودەی هەمیشە هاوشێوەی ڕەوانێکی گەردونیی بالاو بێ پایانەوەو بونەوەری مرۆیی بەلای ئەو ڕەوانەوە تەنها گوزارەیەکی کاتیی کات و شوێنە، سەنتەرێکی سنوردارە ڕاستیی بونی خۆی لە ڕەوانەوە (لە ڕوحەوە) وەردەگرێ. تەنانەت ئەو یەکخستن و یەکبونە تەواوەش مرۆڤ هەوڵدەدات پێی بگات بە هۆی ئەوەوە پێیدەگات. کەسانێکی تر ئەم خودەیان بە ڕەوانێك، یان بە هێزێکی سەروی کەسێتی- گەل شوبهاندوە بەو خودە ڕاست و ڕەوایەیان شوبهاندوە کە تێیدا تاك تەنها ڕەگەزێکە. (ڕۆسۆ خەریکە بکات بەوەی بیشوبهێنێت بە گەل). هیگڵ بە دەوڵەت. (یان لەلای گۆتە، وەك ئەوەی لە فاوست دا گاڵتەجاڕانە باسیکردوە). لە کەلتورو گیانی سەردەم دەچێ. (یان وەك ئەوەی لەلای مارکس دەیبینین) لە چینێك دەچێ کە ڕەوتی پێشکەوتنی لە مێژودا دیاریبکات. یان لە بزوتنەوەیەك، هێزێك، گروپێك دەچێت، کە هەمو ئەمانە شتی هەست پێنەکراون.

ئەم ڕەچەڵەکە تەمومژاوییە تا ئاستێك و وا دادەنرێ کە ئەو بەهاکان بەرهەم دەهێنێت و ڕەوانەیان دەکات. منیش ناچارم پەیڕەویی لێبکەم، لەبەرئەوەی لەم بارەمدا کە ئێستا تێیدام، باشترین و ڕاستترین بارمە، ئامرازێکی خوا، یان مێژو، یان پێشکەوتن، یان گەلم و دان بەوەدا دەنێم کە ئەو بەهایانە بەهای منن.

ئەمە پەرتبون و جیابونەوەیەکی گەورەیە لە هەموو ئەو ڕێسا پێشووانەی کە ڕاست و هەڵە، ئەرك و تاوان، چاکەو ڕەها بە چەند بەهایەکی نمونەیی نەگۆڕ دادەنێن، گوایە ئەمانەش وەك هاودژەکانیان بۆ هەموو خەڵك و بەپێی تیۆرە کۆنەکە ئەزەلی و هاوشێوەبن. ئەو تیۆرە کۆنەی کە دەڵێ (ئەوەی لە هەمو کات و لە هەمو شوێنێکدا ڕاست بێت، بۆ هەمو خەڵك ڕاستە– (Quod Semper, Quod ubi Que, Quod ab amni bus– تاکە گرفتی ئەم تیۆرەش لە چۆنیەتیی ناسینەوەکەیدا بو، واتە چۆن بزانین پێویستە پەیڕەوی بکەین، یان خۆمانی لێ بپارێزین، چۆن چاکە بکەین و خۆمان لە خراپە لابدەین.

بەڵام ئەگەر ئەم بەهایانە خۆیان داهێنراو نەبن، بەڵکو من لە میانەی ڕۆشنبیریی خۆم، یان گەلی خۆم، یان چینەکەی خۆمەوە بەرهەمیان بهێنم، ئەوا جیاواز دەبن لەو بەهایانەی کە کەلتورەکەی تۆو گەلەکەی تۆو چینەکەی تۆ دایانهێناوە. هیچیان گشتگیر نین، لەوانەیە هاودژیش بن. ئەگەر ئەو بەهایانەی ئەڵمانەکان بەرهەمیان هێناوە، جیاواز بێ لەو بەهایانەی پورتوگالییەکان بەرهەمیان هێناوە، ئەگەر ئەو بەهایانەی کە یۆنانیە دێرین و پێشەنگەکان بەرهەمیان هێناوە جیاواز بێ لە بەهاکانی فەرەنسییە مۆدێرنەکان، ئەمە مانای وایە ڕێژەییەك لە مەسەلەکەدا هەیە قوڵترە لەوەی سەفسەتاییەکان، یان مۆنتسکێ، یان هیوم ڕایانگەیاندوە. ئەم ڕێژەییەش جیهانی یەك ئاکاری و یەك هزری ناهێڵێ.

هێردەر وتویەتی ئەرستۆ بۆ ئەوان و لایبنتز بۆ ئێمە، لایبنتز ئێمەی ئەڵمانی دەدوێنێ نەك سوكرات و ئەرەستۆ.

ئەرستۆ بیریارێكی مەزن بو، بەڵام ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو، جیهانەكەی ئەو جیهانەكەی ئێمە نیە. بەمشێوەیەو لە پاش سێ چارەكە سەدە سەلمێنرا ئەو بیرۆكەیە هەرگیز ڕاست نیە، كە ئەگەر بەها ڕاستەقینەكانی من گوزارەكردن بن لە چینە بۆرژوازییەكەی خۆم، نەك چینە پرۆلیتارییەكەی ئەوان، كەواتە بیرۆكەكە وای لێدێت كە هەمو بەهاكان، هەموو وەڵامە ڕاستەكانی پرسیارەكان لەگەڵ یەكدا گونجاو دەبن. لەبەرئەوەی بەهاكانی چینەكەی من هەمان بەهاكانی چینەكەی تۆ نین، كەواتە مسۆگەرە بەهاكانی منیش لەگەڵ بەهاكانی تۆدا ناكۆكن.

لەبەرئەوەی بەهاكانی ڕۆمانە دێرینەكان هەمان بەهاكانی ئیتالییە مۆدێرنەكان نین، كەواتە جیهانی ئاكاریی فەلەیی چاخەكانی ناوەڕاست جیاوازە لە جیهانی لیبراڵە دیموكراسیەكان لە هەمو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە جیهانی كرێكاران هەمان جیهانی خاوەنكاران نیە.

كەواتە چەمكی ئەو چاكە هاوبەشەی كە بە كەڵكی هەمو مرۆڤ دێت، بە هەڵە بردنێكی بنچینەیی تێدایە.

ئەو بیرۆكەیە ئەمڕۆ بیرۆكەیەكی فەرامۆشكراوە، یان هەر ڕەتكراوەشە كە تۆپێكی بلوریی ئاسمانی هەبێت و جیهانی گۆڕان و دیاردەكان كاری لێنەكات.

واتە نەكەوێتە ژێر كاریگەریی ئەو جیهانەوە كە تێیدا ڕاستییە ماتماتیكییەكان و بەها ئاكارییەكان، یان

هونەریـەکان بـە هــۆی ڕایەڵــە لۆژیکییــەکانی نێوانیانــەوە گونجـانێکی تـەواو و مسـۆگەر لـە نێوانیـاندا هەیـەو لـە ڕوخـان نایەن.

ئەم بۆچونە ناوجەرگەی بزوتنـەوەی ڕۆمانسـیانەیە، واتـە دوورتریــن مــەودای گوزارەکردنــی خۆبەخۆیــە لــەوەی کــە کەسێتیی داهێنەرانەی تاکە کەس خۆی جیهانی تایبەت بە خۆی دروست دەکات. ئێمە لە جیهانی ئەوانەدا بن لە ڕێسکان هەڵگەڕاونەتەوە، لە جیهانی هونەرمەندە ئازیدیخوازەکانداین، جیــهانی لــــە یاســـا هـــەڵاتوە نەفرەتییــــە، بێزێـــنراوە بایرۆنیەکانداین.

جیهانی ئەو (وەچـە ڕەنگـزەردو تـاگرتو)ەی کـە نوسـەرە ڕۆمانسـییە ئـەڵمان و فەرەنسـیەکان لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەدا ستایشیان کردوە. جیهانی ئەو پاڵەوانە برۆمیسییە توندوتیژانــەی کــە یاســاکانی کۆمەڵگاکــەی خۆیانیــان ڕەتکردەوەو هـەوڵیاندا کۆسپەکان هەرچەند بن، ئـەوان بونـی خۆیان بسەلمێنن و گوزارەی ئازادانە لە خۆیان بکەن.

ڕەنگە ئەم بۆچونـەش لـە ڕوی نوقمبونـەوە لـەناو (خـود)دا هەندێ زیادەڕەویی تێدابێو هەندێجاریش هێستیریاییانە بێ. کەچی ناوەڕۆکی بۆچونەکەو ئەو ڕەگانەی کە سەرچاوەکەی پێکدەهێنـن، لەگـەڵ سستبونی شـەپۆلی یەکـەمی بزوتنـەوەی ڕۆمانســیانەدا ون نــەبو، بــەڵکو بــو بــە هۆکــاری نانــەوەی بشـێوییەکی بـەردەوام، و نیگەرانییــەکی فیعلــی لــە هۆشــی ئەوروپاییدا و تا ئەمڕۆش بەو شێوەیە بەردەوامە.

ئەوە شتێکی ڕونە کە بونە چارەسەرێکی گونجاو بۆ گرفتەکانی مرۆڤ و پاشتریش بۆ خودی چەمکی یۆتۆپیا، ئەگەر لە ڕوی پرەنسیپیشەوە بێ، بیرۆکەیەکی نەگونجاوە لەگەڵ ئەو شیکردنەوەیەی جیهانی مرۆییدا کە ئەم جیهانە شەڕێکی بەردەوامە لە نێوان ئیرادە نوێبوەوەکاندا و جیهانێکە بە شێوەی تاك تاك بێت، یان گروپ گروپ لە باری ململانەیەکی بەردەوامدایە. جاران چەند هەوڵێك بۆ ڕاگرتنی ئەم ڕەوتە مەترسیدارە هەبو، هیگڵ و پاش ئەویش مارکس هەوڵیاندا بگەڕێنەوە بۆ هێڵکارییەکی مێژویی ئاوەزکاری. بەلای ئەوانەوە مێژو بە یەك هێڵی بالآبونی مرۆییدا لە باری هەمەجییەوە بۆ باری ڕێکخستنی ئاوەزی بەرەو پێش دەچێ. ئەوان ئەوە دەسەلمێنن کە مێژوو سەربردەی ململانەو ناکۆکییەکانە، بەڵام ئەم ململانەو ناکۆکییانە چارەسەری خۆیان بە شێوەیەکی ڕ‌ها دەدۆزنەوە. ئەمانە لە دیالەکتیکێکی پەرەسەندنی خۆبەخۆی ڕەوانی گەردونییەوە، یان لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژییەوە سەرهەڵدەدەن، واتە ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەی کە دەبێتە هۆی دابەشکردنی کارو شەڕی چینایەتی.

بەڵام ئەم (ناکۆکییانە) فاکتەرەکانن و لە هەمانکاتیشدا بۆ ئەو بزوتنەوە پێشکەوتوە پێویستن کە بە یەکبونێکی سازو کۆك دەگاتە ئەوپەڕی پێشکەوتن و دوا چارەسەر بۆ جیاوازییکانی ناو یەکێتییەکە دادەنێ، ئەم پرۆسەیە هەر ئەو پرۆسەیەیە کە هیگڵ دەڵی پێشکەوتنێکی بێکۆتاییە بەرەو

ئامـانجێکی بـالاو، هـەمان ئـەو کۆمـەڵگا ئاوەزکارییەشـە کــە مارکس دەڵی دەکرێ پێیبگەین. بەلای ئەو بیریارانەوە مێژوو درامایەکە تێکۆشەرانی توندوتیژی تێدایە. مەینەتیی ترسناك و پێکداکێشـان و شـەڕو وێرانـەو مەینــەتیی سـامناك تێیـدا ڕودەدەن. بەڵام چیرۆکەکەی کۆتاییەکی ئاسودەی هەیـە، یـان پێویستە هەیبێ.

ئا لـەم ڕێسـایەدا کۆتاییـە ئاسـودەکە لـەلای تۆباوییـەکان بریتییـە لـە (پاڵفتـەبونێکی) ئـەزەلی بریتـین لـە درەوشـانەوەی کۆمەڵگایـــەك لـــە پـــاش نەمانـــەوەی دەوڵـــەت و هـــەمو دەســـتەڵاتێکی یاســـاڕێژییەوە ململانـــەی تێـــدا نـــەمابێ، کۆمەڵگایـەکی ئـاژاوەیی بێـوەی بـێ، خـەڵك تێیـدا ئاوەزکـار (عـەقڵانی) بـن، هاوکـاربن، باشـبن، ئاسـودەو ئـازادبن. واتـە هەوڵێکە بۆ بەدەسـتهێنانی باشترین باری جیهانـەکان: گوایـە ململانـە حەتمیـەکان لەبـەرچاو بگـیرێن، بـەڵام لـە پێنـاوی قایلبوندا بەوەی کە ئەوە شتێکە لە قۆناغێکی دیـاریکراوی سـەر ڕێگای کامڵبونی هـەموو خودی مرۆڤایـەتیدا نـاتوانیت فەرامۆشی بکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا گومانکردن هـەر درێـژەی هەیـە، لـە کـاتی ئـەو ململانەیـەوە ناعەقڵانیـەکان دروسـتیان کـردوە، ئـەویش لـە زەینـدا ماوەتـەوە. ئەمـە ئـەو میراتـە نیگەرانکەرەی بزوتنەوەی ڕۆمانسیانەیە، کە تێکـەڵی هۆشـی نوێ بوە، ئەگـەرچی هـەوڵی زۆر دراوە بـۆ دەربـازبون لێـی و برینـەوەی، یـــان وا شـــیبکرێتەوە کـــە هێمـــای ڕەش بینـــی بۆرژوازییـــە، لـــەوێدا کـــە هەســـتیکردوە چارەنوســـی ڕەشـــی

نزیکبۆتەوەو دەربازبونی بۆ نیەو توانای ڕوبەڕوبونەوەشی سست بوە.

لەو کاتەوە ئەم (فەلسەفە هەمیشەییە) بەو ئامانجە جێگیرەیەوە کە دەڵێ دەبێ لە پشتی ئاپۆرەی دیاردەکانەوە بونی سیستمێکی ڕەها هەست پێبکرێ، لە بارێکی بەرگری لەخۆکردندا مایەوە ڕوبەڕوی هێرشەکانی لایەنگرانی ڕەوتی ڕێژەیی و زۆرینەیی و ڕەوتی ناعەقڵانی و بەرژەوەندیپارێزی و هەندێ جۆری ڕەوتی ئەزمونگەری بۆوە. لەگەڵ ئاوابونی هەتاوی ڕۆمانسیزمیشدا چەمکی کۆمەڵی نمونەیی کە بەرهەمێکی ئەم تێڕوانینەیە، توانای قایلکارانەی خۆی لە دەستدەدات. لەوەش بە دواوە ڕەوشێکی وا هاتە ئاراوە هەرکەس قەناعەتی بە شیاویی کاملبونی کۆمەڵایەتی هەبوایە، لە لایەن نەیارانی ئەو بۆچونەوە وا تۆمەتبار دەکرا کە دەیەوێ سیستمێك بهێنێتە ناو مرۆڤایەتییەوە کە دژی مرۆڤایەتییە. یان ئەوانە هەوڵ دەدەن خەڵك وەك بەرد لە بینایەکدا دابنێن کە پێشوەخت شەقڵی بۆ ڕێژراوە. یان، لە هەوڵیاندا بۆ پلانێك کە خۆیان بە توندی پێوەی پەیوەستن، زیندەوەرەکان توێکاری دەکەن. ئەمجا لێرەوە نارەزاییدەربڕینەکانی یۆتۆپیا هاودژەکانی لای ئەلدۆس هیکلسلی و ئۆرویل، یان زەمیاتین (ی سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیست) دەست پێدەکەن کە وێنەیەکی ترسناکی کۆمەڵگەیەکی بێجیاوازی وێنەدەکێشن، لەم یۆتپیا نوێیانەدا بە باشترین شێوەی شیاو جیاوازییەکانی نێوانی مرۆڤ

نـەهێڵران. یـان هیـچ نـەبێ کەمکرانـەوە، فـرە ڕەنگـی و فـرە چەشنیی میزاج و مەیل و بەها مرۆییەکان نەهێڵران، واتـە بـە کورتـی ڕەوگـەکانی ژیـان نـەهێڵران، بـە بـەکارهێنانی سـەختییەکی زۆر هاوشـێوە کـران بـۆ ئـەوەی بڕژێنرێنـە نـاو کۆتێکی کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەوە کـە لـە چاکـەتی شـێتان بچێت، پڕ بێ لـە ئازاردان و شێواندن و بەرەنجامیش خـەڵك بەناوی ئەو تیۆری یەکڕەنگییەوە بپلیشێنرێنەوە، کە خەونی هێنانەدیی سیستمێکی تەواو و جێگیرە. ئەم ناوەڕۆکی ئەو ناڕەزایی دەربڕینەی دژی سەرکوتکردنی (هاوشێوە لێکردنە) کە (تۆکفیل –و– ج. س. میل) وا هەستیان دەکرد کە ڕوی لە پێشـکەوتن کـردوەو خەریکـە مـرۆڤ جڵـەو دەکـات. ئـەم سەردەمەی ئێمە ململانەیەکی نێوانی دوو دیدگای ناکۆکی بە خۆیەوە بینی یەکەمیان دیدگای ئەوانەیە بڕوایان وایە چەند بەهایەکی ئەزەلی هەبن و لەسەر هەمو خەڵك فەرزبن، هۆی ئـەوەش کـە دەبینـین خـەڵك هەسـتی پێناکـەن و بـەهاکان ناهێننـەدی و کـاری پێناکـەن، کـەمیی توانـای ئاکـاری، یـان هزریی، یان مادیی پێویستی هێنانەدیی بەهاکانە لای ئەوان. ڕەنگـە هـەر بـە هـۆی خـودی یاسـا مێژوییەکانـەوە ئەبسـتمۆلۆژیای پێویسـتی ئـەو هێنانەدییـە لـە ئێمـە شاردرابێتەوە. شیکردنەوەیەکی ئەم یاسایانە دەڵـێ شـەڕی چینەکان پەیوەندییەکانی نێوانمانی شێواند بۆ ئەوەی خەڵك لە ئاستی ڕاستیەکان کوێربن. هەر ئەویشە وایکردوە ژیانی مرۆڤایـەتی ڕێکخسـتنێکی ئاوەزکارییانـە ڕێکنـەخرێ. بـەڵام

برێکی پێویستی پێشکەوتن بەرپا بوەو وا دەکات ئیتر کەسەکان بتوانن ڕاستیەکان ببینن. لەگەڵ کامڵبونی زەمەندا چارەسەری سەراپاگیر بە شێوەیەکی فراوان بۆ خەڵك ڕوندەبێتەوە، لەوێدا ئیتر قۆناغی پێشمێژوو کۆتاییدێت و مێژوی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەست پێدەکات.

مارکسیستەکان ئاوا هەوڵ دەدەن و ڕەنگە هەندێ سۆسیالیستی ترو چەند سەرکردەیەکی گەشبینیش بچنە پاڵیان. ئەو کەسانەش کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن میزاجی خەڵك و بەهرە و تێڕوانین و ئاواتەکانیان جیاوازەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێو، هاوشێوەبون کوشندەیە، ئەوە پەسەند ناکەن. چونکە خەڵك دەتوانن ژیانی خۆیان بە تەواوی لە کۆمەڵگەیەکدا بەسەربەرن کە بونیادەکەی کراوە بێ، فرە چەشنیش تێیدا نەك هەر ڕێگە پێدراو بێ، بەڵکو پەسەندیش بێت و هانی بدرێ. باشترین پەرەسەندن و گەشەسەندنی توانا مرۆییەکان دەکرێ لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکدا ڕوبدات کە کایەیەکی فراوان بۆ بۆچونە ئازادەکان لەناویاندا هەبێ. تیایاندا ئەو شتانە هەبن کە (ج. س. میل) پێیان دەڵێ (ئەزمونەکانی ژیان) کە دەکاتە بزوتنەوەو جوڵەی هزرو دەربڕین، بۆچون و هزرەکان بەرامبەر بە یەك هاودژبن. لەو کۆمەڵگایانەدا تا ئاستی ململانە بوار بە ناکۆکی بدرێ، بەڵام لە ڕێگەی کۆمەڵە یاسایەکەوە کە جڵەوی ململانەکان بگات لەو ئاستەدا کە نەگات بە وێرانکاری و توندتیژی. ملکەچکردن بۆ تەنها یەك ئایدۆلۆژیا، ئەو

ئایدۆلۆژیایە هەرچەند ئاوەزییانەو خـەیاڵ فراوانیـش بێـت، خەڵك لە ئازادی و زیندەگانی بێبەری دەكات.

ڕەنگە (گۆتە)ش هەر ئەم مەبەستەی هەبوبێ، كە لە پاش خوێندنەوەی سیستمی سروشت Systeme de la Nature)ی "هۆڵباخ- ئـەو كتێبـە یەكێكـە لـە بـەناوباگترین نوسـراوە ماتریالیستیەكانی فەرەنسیەی سەدەی هەژدەو باسی جۆرێك لە یۆتۆپیای ئاوەزكاریی كردوە" وتی ناتوانێت لەوە تێبگات چۆن كەسێك بتوانێت بەوە قایلبێت ئەم مەسەلە تاریكخوازییە پەسەند بكات كە ئـەڵێ كەوڵێكـە نـە ڕەنـگ و نـە ژیـان و نـە هونەرو نە مرۆڤایەتی هیچیانی تێدانیە. بەلای ئەو كەسانەوە كە ئەم تاكرەوییە سیما ڕۆمانسیانەیان هەیە بنەمای هاوبەش گرنگ نیە، جیاوازی گرنگە، تاكەكـەس گرنـگ نیـە، زۆرینـە گرنـگ بـەلای ئەوانـەوە گەیشـتن بـە یـەكێتی نوێبونــەوەی مرۆڤایـەتی نییـە، ئـەو نوێبونەوەیـە نیــە كــە بێگــەردی و گونجاوییە لە دەستچوەكەیی بۆ دەگەڕێتەوە. گەڕانەوە نیە لە بونێكـی پـەرت بـوەوە بـۆ یەكپارچـەبونێكی كۆگیری. بـەڵكو چەواشەكردنێكی منالانەو ترسناكە. بەلای ئەوانەوە پێشێل كردنـی فـرە چەشـنی و بڕاندنـەوەی ململانــە لــە پێنــاوی بەرژەوەندیی هاوشێوەبوندا پێشێل كردنی خودی ژیانە.

ئەم دوو پرنسیپە لەگـەڵ یـەكدا نـاگونجێن. دوو نـەیاری دێرینـن هەردوكیشیان ئەمرۆ بە ڕواڵـەتی نوێیانەوە حوكمـی خــەڵك دەكــەن و هەردووكیشــیان بــەرەنگاری دەكــەن. ڕێكخستنی پیشەسازی لە بەرامبەر مافەكانی مرۆڤدا. یاسا

بیرۆکراتییەکان لە بەرامبەر ئەوەدا (مرۆڤ چیی بویت بیکات)، حکومەتی باش لە بەرامبەر ئۆتۆنۆمیدا ئاسایش لە بەرامبەر ئازادیدا. هەندێجاریش داواو خواستەکان بە پێچەوانەی خۆیاندا وەردەچەرخێن: بانگەشەکانی سۆشیال دیموکراسی دەبن بە سەرکوتکردنی کەمایەتییەکان؛ کاروکردەی چەسپاندنی یەکسانی کۆمەڵایەتی، ئازادیی ئیرادە ناهێڵێ، دەستپێشکەریی تاکەکەسی دەخنکێنێ. بە تەنیشت ئەم ململانەیەی بەهاکانەوە خەونێکی هەمیشەییش هەیە بەردەوامە. ئەو خەونە هەیە، پێویستە هەبێ دەشکرێ بێتەدی، دوا چارەسەری هەمو نکوولییەکانی مرۆڤە. دەکرێ بە شۆڕش، یان بە ڕێگاچارەی ئاشتی بەدەست بێت، بە دڵنیاییەوە دێتەدی و ئەوکاتەش ئیتر هەمو خەڵك یان زۆربەی زۆریان دەبنە خەڵکی باش و ئاسودەو فەرمانڕەواو ئازاد. ئەگەر شیا، و بارێکی وا هاتە ئارا، لە هاتنە ئارایدا بۆ هەتاهەتایە بەردەوام دەبێ، ئایا دەبێ مرۆڤێکی کامڵ هەبێ ئاوات بەوە بخوازێ بگەڕێتەوە بۆ بێنەوایی سەرگەردانەکانی بیابان؟ کەوابێ بە دڵنیاییەوە هیچ باجێکمان بەلاوە گران نیە لە پێناوی ئەو ئامانجەدا بیبەخشین. ئەگەر باجی ئازادبونی ڕەهای یەکجارەکیی هەمو خەڵك هەر تەنها چەشتنی هەر بڕێك لە چەوساندنەوەو دڕندەیی و سەرکوت و بێزراندن بێ، ئەوەش گرنگ نابێ لە پێناوی بەدەستهێنانیدا.. بونی قەناعەتی لەمشێوەیە سەلاحیەتێکی فراوان دەدات بە سەپاندنی مەینەتی بەسەر هەموو خەڵکدا. لەبەرئەوەی

سەپاندنەکە لە پێناوی کۆمەڵە ئامانجێکی پاك و بێگەرددایە.
بـەڵام ئەگـەر کەسـێك هـەبێت پێیوابێـت ئـەم تـێڕوانین و دیدگایـەش وەهمـن، چ لەبـەر ئـەوە بێـت کـە هـەندێکی بـەها ڕەهاکـان ڕەنگـە لەگـەڵ یـەکدا نـەگونجاوبن، یـان لەبەرئـەوە بـێ کە خودی بیرۆکەی جیهانی نمونەییش چەمکەکانی بەیەکەوە کۆنابنـەوەو نـاگونجێن و گونجانیـان نـەك هـەر پەرسـڤەیەکی زانستیە، بەڵکو لـە ڕوی چەمکیشـەوە هـەر پەرسڤەیە. ڕەنگـە لەوەوە ئیتر باشترین کارێك کە مرۆڤ بتوانێت پێی هەستێت ئـەوەبێ جۆرێـك لـە هاوسـەنگی لـە نێـوان خـەون و ئاواتـە جۆراوجۆرەکـانی توێـژە جیاوازەکـانی مرۆڤـدا بسـەپێنێ مـەرجیش نیـە هاوسـەنگییەکی جێگـیر بـێ. یـان هیـچ نـەبێ، بەلای کەمەوە ڕێگەی قەلاچۆکردنی یەکتریان لێبگرێ، بە پێی توانا ڕێگەی زیـان گـەیاندن بە یـەکتریان لێبگـرێ. بـەرزترین پلـەی گونجـاوی هاوسـۆزی و لێکـتر تێگەشـتن لـە نێوانیـاندا بڕژێ.
بەڵام ئـەم بەرنامەیـە لـە سـەرەتاوە ڕواڵـەتێکی بـەرایی زۆر سـەرنجڕاکێش نیـە: قـەپاڵێکی لیبراڵیانەیـە ئامۆژگـاریی میکانیزمێك دەکات کە بەڕێوەبەرێ ئامانجی ئەوەیـە ڕێگـەی ئـەوە لـە خـەڵك بگرێـت زیـانی زۆر بـە یـەکتر بگەیـەنن، هـەر توێژێکـی خـەڵك هەیـە کایـەی تـەواوی هێنانـەدیی ئامانجـە تایبەتی و دانسقەو هەڵبژاردەکانی خۆیانیان بۆ بڕەخسێنێت بـەبێ ئـەوەی بەریەککـەوتنی گـەورە لـە نێـوان ئامانجـەکاندا ڕوودات.

ئـــەم بەرنامەیـــە بانگەشـــەیەکی حەماســـیی شـــەڕ نیـــە، قوربانیدان و شەهیدبون و پاڵەوانێتی بخاتە بەرچاوی خەڵك. بەڵام ئەگەر خرایە کارپێکردنەوە، ئەوا ڕەنگە بەبێ وێرانکردن تێپەڕێ و لەو سەریشـەوە جیهان دەپـارێزێ. ئیمـانۆیل کـانت کابرایەکە زۆر لەوە دورترە نائاوەزی بێت. ئەو ئەم تێبینییەی داوە کە هێشتا (لە ڕێسی مرۆڤی گەندەڵ) هیچ شتێکی ڕاست دروست نەکراوە. لە مرۆڤیشدا نەك هەر لە ڕوی زانستییەوە، بـەڵکو لـە ڕوی پرنسیپیشـەوە چارەسـەرێکی تـەواو بـۆ ئـەو گرفتـە نیـەو هـەر هـەوڵێکی ڕاستەقینەش بۆ دروسـت کردنـی ڕەنگە هەر ئازارچەشتن و بێهیوایی و شکستی لێ بکەوێتەوە.